



# چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژە پێویستیی بە درووستبوونی گۆڕانکاری لە ئەقڵییەتی ئەو دەستەبژێرە هەیە، کە هۆکاری سەرەکیی درووستکردنی کێشەکەن

«کێشـــەی ئێرلەندای باکوور بە یەکێک لـــە کێشـــە ئاڵـــۆزکاو و مەحاڵەکانـــی سەدەی بیستەم دادەنرێت. هەر بۆیە ئەم کێشـــەیە کۆمەڵێک وانـــەی بۆ چۆنیەتی وەرچەرخانی تەنگژە پێشکەش کردووین و دەشـــێت لە توێژینەوەمان بۆ پرۆسەی وەرچەرخانـــی تەنگـــژە، هەنگاوەکانی وەرچەرخانی تەنگژەکە سوود لەم خاڵانە وەربگرین:

٢. کێشـــەی نێـــوان ئێرلەنـــدای باکوور و بەریتانیـــا لـــە ئاکامـــی گۆڕانـــکاری درێژخایـــەن لـــە هـــەر دوو کۆمەڵگەی بەریتانـــی و ئێرلەنـــدی هاتەئـــاراوە. هەروەهـــا بەرەوپێشـــەوە چوونەکانـــی یەکێتی ئەوروپا و کۆتاییهاتنی شـــەڕی ســـارد، بوونە هۆکاری ئەوەی کێشەکە ســـیاقێکی نوێ وەربگرێـــت و بتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٢. بونیادی کێشەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات لـــە پـــان – ناســـیونالیزمەوە بۆ هاوپەیمانییەک بـــە متمانەی تەواوە لە نێوان لایەنەکانی کێشەکەدا.

## ● لە تیوری دروستکردنی کێشە و تەنگژەوە بۆ هەڵسەنگاندنی تەنگژەکە لە سیاقی واقیعیدا

جیاوازی نێـــوان تیۆری بەڕێوەبردنـــی تەنگژە لەگەڵ تێـــۆری وەرچەرخانی تەنگـــژە، ئەوەیە: لـــە تیۆری بەڕێوەبردنی تەنگژەدا بەردەوام لایەنی ســـێیەم دێتەناو کێشـــەکە بۆ ئەوەی لـــە خاڵێکدا کێشـــە و تەنگژەکە ســـنووردار بـــکات و ئاگربەســـت، یان بە شـــێوەیەکی کاتـــی توندوتیژی کۆنترۆڵ بـــکات، بەڵام لە تیۆری وەرچەرخانی تەنگژەکەدا، هەنگاوی یەکەمی بۆ ئەوەیی ئەم کێشـــە و تەنگژەیە ریشە کێش بکات و بونیادی ئەم بەردەوامی ئەم کێشەیە بگۆڕێت بۆ زەمینەڕەخساندن بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی لە نێوان لایەنە پێکناکۆکەکاندا.

ئـــەوەی تیۆری دروســـتکردنی تەنگژەکـــە، یان بڕ و بیانووی دروستکردنی کێشە و تەنگژەکان دەردەهێنێت و وەلای دەنێت و کێشـــە، یان تەنگژەکە لە سیاقی خۆیدا دەخوێنێتەوە، واتە خوێندنەوەی کێشـــەکە لەسەر واقیعی ناوخۆی وڵات، خوێندنەوەی کێشـــەکە لە ســـەر ئاستی ئیقلیمی، لەگەڵ خوێندنەوەی کێشەکە لە چوارچێوەی ڕەهەندە جیهانییەکان و کاریگەری ئەو ڕەهەندە جیهانییانە لەسەر سرووشتی کێشەکە، یان تەنگژەکە.

تیۆری وەرچەرخانی تەنگژە، لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکی فرە ڕەهەند لە خۆی دەگرێت و هەوڵەکانی لە گۆڕانکاری لە ئەقڵییەتی دەســـتەبژێرەوە شۆڕدەکاتەوە بۆ ئەقڵییەتی تاکەکان، زۆر جاران ئەو پرســـیارە لەگەڵ خۆی دێنێتە ئـــاراوە بـــەوەی: ئایا شـــتێك هەیە بە نـــاوی تیۆری وەرچەرخانـــی تەنگژە؟ یان ئایا ئەم پرۆســـە فرەڕەهەند و ئاڵـــۆزە لە کاتێکی دیاریکراودا ئامانجێکی دیاریکراو بەدەســـتەوە دەدات؟ دیارە توێژەران و پسپۆڕانی بواری بەڕێوەبردنی تەنگژە و بونیادنەران و پارێزەرانی ئاشتی، لەو خاڵەوە ســـەبارەت بە تیـــۆری وەرچەرخانی تەنگژە قەناعەتیان لا درووســـت بووە، کە پرۆسەی بەڕێوەبردنی تەنگـــژە(f conflict management)، یـــان پرۆســـەی چارەســـەرکردنی کێشـــەکان (conflict resolution)، نەیانتوانیوە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژە بەرەو ئاشـــتیی ڕاستەقینە پاڵ پێوە بنێ. ئەوەی لەو دوو پرۆســـەیەدا بە هاوکاری لایەنی سێهەم لە نێوان لایەنە پێکناکۆکەکان دێتەئاراوە، هەرگیز ئاشتی نەبووە، بەڵکو سەرەتایەك بووە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کێشە و تەنگژەی توندوتیژی لە پێشتر دووبارە ببنەوە.

دیارە کێشـــە و تەنگـــژە ناوخۆییەکان، کـــە تاکەکانی نێـــوان لایەنە پێکناکۆکەکان کـــە ڕۆژانە تێکەڵاوبوون و بەریەککەوتنیـــان هەیە، جیاوازە لە کێشـــە و تەنگژەی نێوان دوو دەوڵەت کە سنوورێك لێکیان جیادەکاتەوە. هەر بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ســـەرکەوتوو بووبێت لەوەی شـــەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ســـاڵی ١٩٨٨ ڕابگرێت و دوای ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی بە شەڕ و توندوتیژی هاتبێت، ئەوا هەرگیز لە کێشەی کشمیر و فەلەستین و پێکهاتە جیاوازەکانی یوگسلافیای پێشوو، ســـۆماڵ و دەوڵەتانـــی دیکەی ئەفریقیا ســـەرکەوتوو نەبووە.

پســـپۆڕان و توێژەران کە هەموو کات هەوڵەکانیان وەك هاریکاریکردنێکە بۆ سیاسەت درووستکەران و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشـــە ئاڵۆزەکان، دیسان جیاوازییەکی دیکەیان لە نێوان کێشـــەی ناوخۆی نێـــوان پێکهاتە و ئیتنییە جیاوازەکانی نێوان یەك دەوڵەت، هەروەها کێشـــە نێوخۆییەکانـــی نێوان یەك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئیتنی کـــردووە. لـــە یەکەمیاندا کە بۆ نموونە کێشـــەی نێوان سربییەکان و ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ-یە، یان کێشەی نێوان فەلەســـتین و ئیسرائیل-ە، یان کێشـــەی نێوان کورد و عـــەرەب و تورك و فارس-ە، هەموو کات پێشـــنیاری

گرنگە بە ڕاشکاوی قسە لەگەڵ یەکتریکردن و ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکەی گوتاری سیاسی هەنگاوی دەستپێک بێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و گرنگە بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا بە ئاشکرا ناکۆکییەکانی خۆیان بەبێ شەڕم بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابگەیەنن

بزووتنەوەی گۆڕان لە بری ئەوەی حکومەتی عێراق تاوانبار بکات، کەچی ماف دەداتە حکومەتی عێراق بەوەی بودجە و مووچەی هاووڵاتییانی کوردستانی بڕیوە، لەمەش زیاتر خۆی هۆکاری سەرەکی بووە لە دواخستنی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوتی هەرێمی کوردستان، کەچی ئێستا هەر خۆیشی ئەمەی کردۆتە بیانوو و ئاژاوەی پێ دروست دەکات

**٣. ئەو کارەکتەرانە گۆڕانکارییان بەسەردا هات کە دەیانویست کێشەکە بەرەو ئاشتی بەرن، ئەمەش واتە گۆڕانکاری بەسەر حکومەتی بەریتانیا و سەرکردەکانی شین فین هات.**

**٤. گۆڕانکاری بە سەر بیکردنەوەی دابەشبوون و لێکترازاندا هات و هەنگاو بەرەو یەکێتی و یەکڕیزی هەڵگیرا.**

**٥. ئەم وەرچەرخانانە لەسەر هەموو ئاستەکان بووە هۆکاری ئەوەی ڕێککەوتنی هەینی مەزن لە نێوان دوو کەلتووری تەقلیدی دروست بێت و پێکەوە هەنگاو هەڵبگرن بۆ بونیادی دامەزراوەیەک کە بیروبۆچوونی ئێرلەندی و بەریتانییەکان لە حکومەتدا لە خۆی بگرێت. بەڵام وێڕای ئەم هەموو وەرچەرخانە، پێناچیت ئەم ڕێککەوتنە جێگەی خۆی بگرێت ئەگەر گۆڕانکاری گەورە لە ئەقڵییەتی دەستەبژێر و تاکەکاندا نەیەتە ئاراوە».**

**● توێژینەوەی: وەرچەرخانی تەنگژە: ئەرکیکی فرەڕەهەند**
**● نووسینی: هیو میەل ( Hugh Miall)**

ئەوە دەکەن، لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەی لایەنەکانی تەنگژە لەسەر ئاستی دەستەبژێری سیاسی و تاکەکانی هەردوولا زەحمەتە بەو ئاستە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، کە کێشەکە بگۆڕێت بۆ ئاشتی هەمیشەیی، بۆیە ئەوان بە باشی دەزانن، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو نەتەوە و ئیتنییانە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە یەکتری جیابکەنەوە. ڕاشکاوانەتر ئەگەر لەسەر خۆمان وەك کورد باسی بکەین و ئەگەر کورد وەك نەتەوەیەکی زوڵملێکراو بە شێوەیەك لە شێوەکان لە تورك و فارس و عەرەب جیابکرێتەوە، ئەم جیاکردنەوەیە لەگەڵ ئەوەی توێژەران و پسپۆڕان بەو جۆرە پەسەندی دەکەن کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام سیاسەت دروستکەران و دەوڵەتە گەورەکان، ئەم جیاکردنەوەیە لە چوارچێوەی (لامەرکەزییەت، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵییەت) پێناسە دەکەنەوە! بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، چ لەسەر ئاستی توێژەران و پسپۆڕان، یان سیاسەت دروستکەران و دەوڵەتە گەورەکان، گەیشتوونەتە قەناعەت کە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی یەك دەوڵەت پێویستی بە جۆرێك لە یەکتری جیاکردنەوە هەیە، بەڵام ڕووداوە نەخوازراو و دڵتەزێنەکانی ٢٥ ساڵی رابردووی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، ئەوەی سەلماند کە هیچ کام لە شێوازی جیاکردنەوەکانی (لامەرکەزییەت، ئۆتۆنۆمی، فیدراڵییەت) ناتوانێت کێشەی نێوان پێکهاتە جیاوازە پێکناکۆکەکانی نێو وڵاتێك چارەسەر بکات، بۆیە چارەسەری ریشەیی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ پەسەند دەکەن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەوەی گەیشتۆتە ئەوە قەناعەتە کە ئەم کێشانە بەوجۆرە چارەسەر دەکرێن، بەڵام بۆ پاراستنی بەرژوەندییەکانی خۆیان و ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکاندا، بە جۆرێك لە جۆرەکان لەم چارەسەرە ریشەییە خۆیان دووردەخەنەوە، ئاکامەکەشی ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەیە کە ئێستا لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا دەبینین.

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ کێشە و تەنگژە نیوخۆییەکانی نێو یەك پێکهاتەی نەتەوەیی، ڕاشکاوانەتر بۆ کێشەی و تەنگژەی نێوان دوو حزبی سیاسی کە هەڵگری دوو کەلتوور و جیهانبینی جیاوازن لە چۆنیەتی سیاسەتکردن و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانی لە وڵاتدا، ئەوا ئەم کێشەیە نە دەتوانرێت وەك کێشەی نێوان دوو دەوڵەت، نە دەتوانرێت وەك کێشەی نێوان دوو پێکهاتەی جیاواز لە دەوڵەتێکدا سەیر بکرێت. هەروەها نابێت چاوەڕێی ئەوە بین، لایەنی سێیەم بێتە ناو کێشەکە و ئەو بتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. ئەم میتۆدە فەرزی دەکات کە دەبێت کێشەی لەو جۆرە بە ناچاری بە پرۆسەی وەرچەرخانی تەنگژەدا بڕوات و لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی واقیعییانەدا هەموو ڕەهەندەکانی ئەم کێشەیە تاوتوێ بکرێت و ماوەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی وەرچەرخان لە بیرکردنەوە و ئەقڵییەتی ئەو دەستەبژێرەی کێشەکەیان دروستکردووە، بێتەئاراوە و ئەم وەرچەرخانە شۆڕببێتەوە بۆ ناو تاکەکانی ئەو گرووپەی کە هێشتاش نازانن هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی ئەم کێشەیە چییە.

لەم ڕاستەوە ئەگەر سەیری کێشە و تەنگژەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، کە لە ئێستادا خەڵك و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پەرۆشیان بۆ پاراستنی سەقامگیری و تەناهی کوردستان، داوای دانوستاندن و ڕێککەوتنیان دەکەن، ئەوا خاڵی گرنگ کە جۆرێك لە ڕەشبینی بۆ پێکهاتن و ڕێککەوتن لەم پرۆسەیە دروست دەکات ئەوەیە، بەهێچ جۆرێك

**ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بەنیازبن بە هەمان ئەقڵییەتە کۆنەکەی پێش ١٢ی تشرینی دووەم مامەڵە لەگەڵ پارتی بکەن و بە هەمان نەفەس داوای ڕێککەوتن و پێکەوە کارکردن و هاوبەشی لەگەڵ حکومەتدا بکەن، ئەوا ئەو ئەزموونەی چەند ساڵی رابردوو بۆ هەموو لایەکی سەلماند، ئەو ئەقڵییەتەی هەموو ئامانجی ئەوە بێت قسەی سووک و جنێو بەرهەم بهێنێت و بەرامبەرەکەی پێ ناشیرین بکات، ئەوا ئەو ئەقڵییەتە چیدیکە سیاسەتی پێناکرێت، ئەگەر وتوویژیشی پێبکرێت ئەوا ناوی هەر شتێک بێت سیاسەت نابێت**

هەست بە گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوە و ئەقڵیەتی ئەو دەستەبژێرەی ئێستا سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن رووی نەداوە، هەتا بتوانرێت هەنگاو بۆ چارەسەری تەنگژەکە، یان لانیکەم بەڕێوەبردنی تەنگژەکە هەڵبگیرێت، بەڵکو مستەفایە) لەگەڵ پارتی و یەکێتی کێشەیەکی تازەیە و پەیوەندی بە تێڕوانین و جیهانبینی هاوچەرخەوە هەیە بۆ چۆنیەتی حوکمڕانی و ئایندەی کوردستان)! ئەو پرسیارەی لەسەر ئەم گوتارە رووکەشە رووبەڕووی شەخسی نەوشیروان مستەفا دەبێتەوە، ئەوەیە: ئایا لە چ بۆچوون و تێڕوانینێکی راستەقینە و راستگۆیانەی



هەر چۆنێك سەیری دەکەیت، ئەم کێشەیە وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو وایە کە هەر کاتێك بێت، دەتەقێتەوە و لە کێشەکانی پێشتر زیاتر توندوتیژی و ئاژاوە دروست دەکاتەوە، بۆیە ئەم حاڵەتە فەرزی دەکات بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان، کە هەنگاوی یەکەم لەوەوە دەست پێبکات، تیۆری دروستکردنی کێشەکان بگۆڕێت بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی کێشە و تەنگژەکانی نێوان گۆڕان و پارتی لە سیاق و واقیعی خۆیدا، هەروەها لە نێو کاریگەریی کاراکتەرە ئیقلیمییەکان و رەنگدانەوە جیهانییەکان لەسەر ئەم کێشەی کە ئێستا بە واقیعی دروست بووە.

**● گرفتی سەرەکی و گەورەی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان چییە؟**

نەوشیروان مستەفای خاوەنی کۆمپانیای وشە و دامەزرێنەری بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت لە گوتاری رووکەشیدا پێمان بڵێت: «کێشەی من (واتە کۆمپانیای وشە و بزووتنەوەی گۆڕان، لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان واتە یەك شەخس، ئەویش نەوشیروان تۆدا، سەرۆك مسعود بارزانی ئاستەنگی بۆ دروست کردوویت، یان رۆڵی شایستەی خۆتی پێنەداویت؟ لەمەش زیاتر نەوشیروان مستەفا وەك سیاسەتمەدارێك، یان کەسی دووەمی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، زیاتر لە دوای ساڵی ١٩٨٥ هاتۆتە ناو چۆنیەتی رێککەوتن و پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە، پێش ئەم بەروارە نەوشیروان مستەفا کەمتر دەهاتە ئەم بوارە و زیاتر مام جەلال رۆڵی سەرەکی و کەسی یەکەمی دەگێڕا، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٨٦ـەوە کە پرۆسەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکرد، دواتریش کە بەرەی کوردستانی دامەزرا، نەوشیروان مستەفا راستەوخۆ وەك لایەنی یەکێتی نیشتمانی چ وەك پێوەندی دووقۆڵی، یان بەرەی کوردستانی لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی کاری کردووە. ئایا لە ماوەی ١٩٨٦- ١٩٩١ و پاشانیش هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، دەتوانێت ئەو جیاوازییە خۆی لە بیروبۆچوون و جیهانبینی بۆ حوکمڕانی و

**نەوشیروان مستەفا پێش ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بوونی هەبێت، هەتا ئێستاش هەوڵدەدات ئەم دوو هەوڵە نیشتمانییە بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گاز ناشیرین بکات، بەڵام هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەسەر یەک گرێبەست تەنیا یەک وشە بڵێت، بۆیە ئەگەر کۆنتراکتەکانی نەوت گەندەڵن، یان ناشەفاف، بۆ ڕاستییەکان ناخەنەڕوو، بۆچی بەشەرمەوە قسە دەکەن و دەیشارنەوە؟**

ئایندەی کوردستان بخاتەروو، هەتا نەوەکانی ئێستا بزانن، جیاوازی ئەو بیروبۆچوونە گەورە و گرنگەی نەوشیروان مستەفا چییە، کە ئەم جیاوازییە گەورەیەی لەگەڵ بیروبۆچوونی سەرۆك مسعود بارزانی، یان پارتی دیموکراتی کوردستان دروستکردووە؟!! وەڵامی ئەم پرسیارانە ناچارمان دەکات، شێوازی بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفا پەروەردە کراون، یان لە سەربازگەی گردەکە مەشق و راهێنان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم قسانە پێکراوە!

جوانترین بەرهەمی بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفا لە پیادەکردنی سیاسەت و پێکەوەکارکردن و هاوخەباتی لەگەڵ



نەوشیروان مستەفا بۆ دروستکردنی تەنگژە و کێشە و ئاژاوە لە کوردستان لە چوارچێوەی خۆی دەربهێنین و لە چوارچێوەی سیاقێکی واقیعیدا بیخوێنینەوە، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە ئەو بڕوبیانوو و هۆکارانەی وەك کارگە دروستی دەکات و دەیخاتە بازاڕەوە بۆ ئەوەی بیکاتە پاکانەیەك بۆ کێشەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بنەڕەتدا کێشەیەکی دروستکراون و پەردە پۆشکراون و هەڵگری رق و کینەیەکن کە رووی ئەوەیان نییە لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا ئاشکرای بکات!

کەواتە هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان نەوشیروان مستەفا و پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستی بە خوێندنەوەی ئەو رق و کینە بەرهەمهاتووە هەیە کە نەوشیروان مستەفا بۆ دژایەتی و لەناوبردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرهەمی هێناوە. کە دەشڵێین دژایەتیکردن و لەناوبردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمە قسەیەکی هەڵبەستراو نییە، بەڵکو ئەمە قسەیەکی باوی ناو ئەو ئەندام و هەڵسووڕاوانەی بزووتنەوەی گۆڕانە کە خۆیان دەڵێن لە سەر دەستی حزبە هاوپەیمانەکانی ئەم دوو سێ وشە جوانەیە: (گەوجاندن، دێواندن، بەرهەمهێنانی فاشیزم)! سەرنج بدەن، نەوشیروان مستەفا هەوادارانی خۆی بەو جۆرە پەروەردە کات، کە حزبە هاوپەیمانەکانی بەوجۆرە پێناسە بکەن. بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو حزبەیە خەڵك دەگەوجێنێت، خۆی وەك دێو پیشاندەدا، حزبێکە وەك حزبەکەی هیتلەر فاشیزم بەرهەم دەهێنێت!!

پێویستە لەسەر ئەم بەرهەمە جوانەی فیکر و بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفا چەند پرسیارێك رووبەڕووی خۆی بکەینەوە و بپرسین:

١. ئایا لە مێژووی هەموو سیاسەتمەدارانی جیهاندا، سیاسەتمەدارێك هەیە لەگەڵ حزبێکدا بچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کە ئەو پێیوا بێت ئەو حزبە فاشیزم بەرهەم دەهێنێت، یان ئەو حزبە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حزبی نازی نییە؟!

٢. ئایا لە مێژووی هیچ سیاسەتمەدارێکی جیهاندا هەیە، کە بانگەشەی ئەوە بکات بڕوای بە پێکەوەژیان و هاوخەباتی و فرەلایەنی هەیە، بەوجۆرە پێناسەی حزبە

**پرسێکی دیکە کە نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان کاسبی سیاسی پێوە دەکەن، پرسی بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی نەوتە، دیارە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەگەر یەکێک هەبێت لەناو بزووتنەوەی گۆڕان پرسیاری رووبەڕوو بکرێتەوە، دەبێت شەخسی نەوشیروان مستەفا بێت، لەبەر ئەوەی پێناچیت لەناو بزووتنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی زانستییانە هەڵوەستە لەسەر پرسی نەوت و هەناردەکردنی نەوت کرابێت**

**ئایا بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەم ئەرکە نیشتمانییە گرنگە چی بووە؟ ئایا لە چی دەترسن کە بەرنامەی خۆیان بۆ بە دامەزراوەییکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناخەنەڕوو؟ با پیشانی بدەن، ئەمە بەرنامەی ئەوانە و پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ئەم بەرنامەیە بووە**

**وەزیری پێشمەرگە کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە خۆی ڕاشکاوانە گوتی: «هیچ لایەنێک ناتوانێت بەرامبەر یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە هیچ کاردانەوەیەکی سلبی هەبێت، ئەوجا ئەو لایەنە کەس بێت، یان حزبێکی سیاسی، لەلایەن میللەتەوە لێی قبوڵ ناکرێت**

**خاڵێکی دیکە کە بزووتنەوەی گۆڕان بە دەستی ئەنقەست وەک کارتێک بۆ یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵکی کوردستان بەکاری دەهێنێت، مەسەلەی پێشمەرگەیە، هەوڵدانە بۆ شکاندنی ناوی پێشمەرگە وەک سوپای بەرگریی کوردستان و بچووککردنەوەی وەک میلیشیای حزبەکان**

هاوبەشەکەی بکات کە خەڵك دەگەوجێنێت؟! ئەویش بە مەرجێك زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگ بەو حزبە بدەن! ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە نەوشیروان مستەفا زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە گەوج دەزانێت؟ باشە سەرکردەیەك زۆرینەی گەلەکەی بە گەوج بزانێت، چۆن دانوستاندن و وتووێژی لەگەڵ دەکرێت؟!

سەیر بکەن ئەم دوو بەرهەمە جوانەی!! بیرکردنەوەی ئەم سیاسەتمەدارە دێرینە چ سووکایەتیەك بە سیستمی دیموکراتی و ئیرادەی گەلەکەی خۆی دەکات؟

کەسێك سووکایەتی بە دیموکراتی و گەلی خۆی بکات، ئایا لەسەر چ بنەمایەك وتووێژ و دیالۆگی لەگەڵ دەکرێت؟ لەم حاڵەتەدا یان ئەوەتا دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستانیش ببێت بە هاوبەشی بیرکردنەوەی ئەو و سووکایەتی بە دیموکراتی و گەلی کوردستان بکات، یان ئەوەتا دەبێت داوای کاتێك بکات، هەتا گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ئەقڵییەتی ئەم سیاسەتمەدارە دێتەئاراوە. بۆیە گرنگە خاڵی دەستپێك بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و زەمینە ڕەخساندن بۆ یەکڕیزی و دووبارە سوودوەرگرتن لەو هەموو توانایەی کە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان هەن و نەوشیروان مستەفا بە هەدەری داون، ئەوا دەبێت لە کۆمەڵێك خاڵەوە بە ڕاشکاوی دەست پێبکرێن، کە شەو و ڕۆژ هەوادارانی نەوشیروان مستەفا وەك موزایەدەی سیاسی بێمتمانەیی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و بێ متمانەیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێ دروووست دەکەن، ئەویش بەمجۆرە:

١. دژایەتیکردنی گەندەڵی و میکانیزمی دروووستکردنی بیرکردنەوەی دژەگەندەڵی

ئەوەی جێگەی سەرنجە کاتێك کۆمپانیای وشە یەکەم بەرهەمی خۆی دروووستکرد، ئەم بەرهەمە وەك بەرهەمی گرووپێك خرایە بازاڕەوە کە وازیان لە سیاسەت و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێناوە و گروپێکن هیچ پەیوەندییەکان لەگەڵ دامودەزگا ئیدارییەکانی کوردستان نەماوە و ئەوان خۆیان لەو سیستمە جیاکردۆتەوە و دەیانەوێت سیستمێکی تازە بێننە ئاراوە و خەڵکی دەستپاك بخەنە ناو ئیدارەوە. بەڵام ئایا ژێرخانی ئەم قسانە لەسەر بنەمای نییەتی پاك و ئامانجی گۆڕانکاری ڕاستەقینە بونیاد نرابوون؟ بێگومان واقیعی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ پێمان دەڵێت: بەشی هەرە زۆری بەرپرسانی ئیداری زۆنی سەوز بە پارێزگاری سلێمانیشەوە، لە ژێرەوە پێوەندیان بە نەوشیروان مستەفاوە کردبوو، بە تەوجیهی ڕاستەوخۆی نەوشیروان مستەفا کاری گەندەڵیان دەکرد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە گەندەڵی دیاردەیەکە و بنبڕ ناکرێت، تەنانەت نەوشیروان مستەفا ئەندازیاری وای کردۆتە کاندیدی بزووتنەوەکەی و ئێستا ئەندام پەرلەمانە، کە هەموو کاری ئەوە بووە پرۆژەکانی ناوچەکانی هەڵەبجە و سەید سادق پەك بخات بۆ ئەوەی خەڵك هانبدات واز لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بهێنن و ئەو گەندەڵییانە وەك گەندەڵیی ئیدارەی یەکێتی لە ناوچەکە ڕەنگبداتەوە.

با لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر بەرهەمە جوانەکەی کۆمپانیای وشە بکەین و بپرسین: ئایا بەرزکردنەوەی دروشمی قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، بە زەمینە خۆشکردن بۆ هاندانی گەندەڵی زیاتر دەست پێدەکات، یان زەمینەخۆشکردن بۆ کەلتووری دژە گەندەڵی؟

٢. نەوشیروان مستەفا هەتا ساڵی ٢٠٠٩ خەریکی بەرهەمهێنانی ئەو چەمکانە بوو، کە حزبی سیاسی فاکتەری سەرەکی هەموو کێشەکانە لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستەنگی سەرەکییە لەبەردەم پرۆسەی دیموکراتی، بەڵام لە ٢٠٠٩ خۆی حزبێکی سیاسی بەناوی ( بزووتنەوەی گۆڕان ) ڕاگەیاند، لەمەش زیاتر خۆی واخستەڕوو، ئەم حزبە مۆدێل تازەیە چاوی لە دەسەڵات نییە و تەنها دەیەوێت ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی بێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بە سەر سیستم و دامەزراوەکانی وڵاتدا بێت، بەڵام ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە نەوشیروان مستەفا بەرهەمی هێنابوو لە گردەکە و لەسەر ئەو بەرهەمە مەشقی بە پەرلەمانتارەکانی کردبوو، ئەو مانایە بوو (ئۆپۆزسیۆن بوون واتە ڕەتکردنەوەی هەموو شتێك، ڕێزنەگرتنی سەرۆکی هەڵبژێراوی وڵات، دانانی هیچ ئیعتبارێك بۆ پەرلەمان و حکومەت، یاریکردن بە میکانیزمی داڕشتنی یاساکانی پەرلەمان و ..تاد)؟

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئۆپۆزسیۆن بوون لە سیستمی دیموکراتیدا مانای ئەوەیە، کاتێك سەرۆکی وڵات دێتە پەرلەمان و گوتار پێشکەش دەکات، پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بە سەرۆکی خۆیانی نەزانن؟ ئەمانە بێجگە لە پرۆسەی گاڵتەجاڕی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و سیستمی دیموکراتی هیچی دیکە نین، بۆیە کاتێك بمانەوێت لەگەڵ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەناو سیستمی دیموکراتیدا مامەڵە بکەین، ئەوا دەبێت مەرجی پێشوەختە ئەوە بێت، گۆڕانکاری بەسەر ئەقڵییەتی ئەم بیرکردنەوەیەدا بێت، ئەگەرنا خۆمان دەبینە هاوکاری ئەو بیرکردنەوە نەخۆشە بۆ لەباربردنی دیموکراتی.

٣. خاڵێکی دیکە کە بزووتنەوەی گۆڕان بە دەستی ئەنقەست وەك کارتێك بۆ یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵکی کوردستان بەکاری دەهێنێت، مەسەلەی پێشمەرگەیە، هەوڵدانە بۆ شکاندنی ناوی پێشمەرگە وەك سوپای بەرگریی کوردستان و بچووککردنەوەی وەك

میلیشیای حزبەکان، بزوتنەوەی گۆڕان دەڵێت: ئامانجی ئێمە ئەوەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببێتە هێزێکی نیشتمانی دامەزراوە و لە هێزی پارتی و یەکێتی بێنە دەرەوە. ئەم داوایە ئەگەر لە نییەتێکی پاکەوە بێت و رق و کینەی لە پشتەوە نەبێت، داوایەکە هەموو گەلی کوردستان پشتگیری دەکات، وەك وەزیری پێشمەرگە کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە خۆی راشکاوانە گوتی: «هیچ لایەنێك ناتوانێت بەرامبەر یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە هیچ کاردانەوەیەکی سلبی هەبێت، ئەوجا ئەو لایەنە کەس بێت، یان حزبێکی سیاسی، لەلایەن میللەتەوە لێی قبوڵ ناکرێت». پێش ئەوەی بێنە سەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو رێککەوتنەی کابینەی هەشتەمی لەسەر دامەزراوە، وەك گۆڕان خۆی دەڵێت: «هەر چوار لایەنەکە (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو) بە جیا لەگەڵ پارتی رێککەوتووین بۆ چۆنیەتی بەشداریکردنمان لە کابینەی هەشتەمدا! ئەمە مانای چییە؟ بێگومان مانای ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبی یەکەمی براوەی هەڵبژاردنەکان پێش هەر لایەنیکی دیکە رازی بووە کە بزووتنەوەی گۆڕان پۆستی وەزارەتی پێشمەرگە وەربگرێت، ئەوجا هەر بزووتنەوەی گۆڕان خۆیان دەڵێن: «ئامانجمان لە بەشداریکردن لە کابینەی هەشتەم ئەوە بووە، بەشێك لە پرۆگرامی چاکسازی خۆمان ببێتە بەرنامەی کابینەی هەشتەم و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەش یەکێك بووە لە بەرنامەکانی گۆڕان». بۆ ئەمەش دەڵێین: زۆر باشە، کەواتە پارتی دیموکراتی کوردستان کە رازی بوو پۆستی وەزارەتی پێشمەرگە بدرێتە گۆڕان، واتە رازی بووە بە یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بۆ هێزێکی نیشتمانی دامەزراوەیی. لەسەر ئەم پرسەش پرسیار ئەوەیە: ئایا بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەم ئەرکە نیشتمانییە گرنگە چی بووە؟ ئایا لە چی دەترسن کە بەرنامەی خۆیان بۆ بە دامەزراوەییکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناخەنەڕوو؟ با پیشانی بدەن، ئەمە بەرنامەی ئەوانە و پارتی دیموکراتی کوردستان دژی ئەم بەرنامەیە بووە.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی وەك تەحەددا بۆ هەموو بزووتنەوەی گۆڕان، راشکاوانە و بەدەنگی بەرز ئەوە بڵێین: ئەوەی مەبەستی نییە هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبگرێتەوە و ببێتە هێزێکی نیشتمانی، تەنیا بزووتنەوەی گۆڕان بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر هێزی پێشمەرگە وەك سوپایەکی بەرگری کوردستان لە سیاسەت جیاکرایەوە، پێش هەمووان بزووتنەوەی گۆڕان دەتوێتەوە، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی وشە جوانەکانی !! کۆمپانیای وشە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان پێشمەرگە و میلیشیا ناکات، ئەو کەسەی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ پێشمەرگەی بە میلیشیا ناوبرد، ئەو کەسە کاندیدی خودی نەوشیروان مستەفا بوو بۆ پەرلەمان و ماوەی چوار ساڵ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. لەمەش زیاتر ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان ئامانجی ئەوە بووە کە هێزی پێشمەرگە یەکبگرێتەوە، دەبوو هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوە بێت کە متمانەیەکی گەورە لە نێوان هێزەکانی پارتی و یەکێتی دروست بکات، بەڵام وەك پەنابردن بۆ بچووکترین بەڵگە، با بزووتنەوەی گۆڕان، لەماوەی ئەو ساڵ و نیوەی لە حکومەت بوون، با چوار بەرنامەی رێکوپێکی هەموو کەناڵە میدیاییەکانی خۆیمان پیشان بدات کە خزمەتی دروستکردنەوەی متمانەی کردبێت لەنێوان پارتی و یەکێتی، هەتا خەڵکی کوردستان بڵێن: بەڕاستی نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان ئامانجیان ئەوەیە پێشمەرگە یەکبگرێتەوە و پارتی و یەکێتی رێگرییان لێکردووە!

لێرەدا جارێکی دیکە وەك تەحەددا، راشکاوانە دەڵێین: با نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان، کە داوای دژایەتیکردنی گەندەڵی و گۆڕانکاری و بەهێزکردنی سیستەمی دیموکراتی دەکەن، تەنیا یەك بەرنامەی خۆیان بە نووسراو بۆ گەلی کوردستان و شارەزایان بخەنەڕوو، پێمان بڵێن: ئەمە بەرنامەی ئێمەیە بۆ چاکسازی، بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لێ بکات، هەروەك چۆن لە کابینەی هەشتەم پێشوازی لێکرد، بەڵام دەرکەوت کە ئەوان بێجگە لە وەڵامی سادە بۆ پرسیارە گەورەکانی نەتەوە، هیچ پرۆگرام و بەرنامەیەکیان نییە.

٤. پرسێکی دیکە کە نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان کاسبی سیاسی پێوە دەکەن، پرسی بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی نەوتە، دیارە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەگەر یەکێك هەبێت لەناو بزووتنەوەی گۆڕان پرسیاری رووبەڕوو بکرێتەوە، دەبێت شەخسی نەوشیروان مستەفا بێت، لەبەر ئەوەی پێناچێت لەناو بزووتنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی زانستییانە هەڵوەستە لەسەر پرسی نەوت و هەناردەکردنی نەوت کرابێت، ئەمەش پرسیارەکانە:

● ئایا جیاکردنەوەی مافی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لە پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا، کارێکی هەڵە بووە، یان دەسکەوتێکی مێژوویی بووە بۆ گەلی کوردستان؟

**ئایا ئۆپۆزسیۆن بوون لە سیستمی دیموکراتیدا مانای ئەوەیە، کاتێك سەرۆکی وڵات دێتە پەرلەمان و گوتار پێشکەش دەکات، پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بە سەرۆکی خۆیان نەزانن؟ ئەمانە بێجگە لە پرۆسەی گاڵتەجاڕی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و سیستمی دیموکراتی هیچی دیکە نییە**

**کەسێک سووکایەتی بە دیموکراتی و گەلی خۆی بکات، ئایا لەسەر چ بنەمایەك وتوویژ و دیالۆگی لەگەڵ دەکرێت؟ لەم حاڵەتەدا یان ئەوەتا دەبێت پارتی دیموکراتی کوردستانیش ببێت بە هاوبەشی بیرکردنەوەی ئەو و سووکایەتی بە دیموکراتی و گەلی کوردستان بکات، یان ئەوەتا دەبێت داوای کاتێك بکات، هەتا گۆڕانکاری ریشەیی لە ئەقڵییەتی ئەم سیاسەتمەدارە دێتەئاراوە**

**ئایا لە مێژووی هیچ سیاسەتمەدارێکی جیهاندا هەیە، کە بانگەشەی ئەوە بکات بڕوای بە پێکەوەژیان و هاوخەباتی و فرەلایەنی هەیە، بەوجۆرە پێناسەی حزبە هاوبەشەکەی بکات کە خەڵك دەگەوجێنێت؟! ئەویش بە مەرجێك زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگ بەو حزبە بدەن! ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە نەوشیروان مستەفا زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە گەوج دەزانێت؟**

**ئایا لە مێژووی هەموو سیاسەتمەدارانی جیهاندا، سیاسەتمەدارێک هەیە لەگەڵ حزبێکدا بچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کە ئەو پێیوا بێت ئەو حزبە فاشیزم بەرهەم دەهێنێت، یان ئەو حزبە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حزبی نازی نییە؟!**

● ئایا بە پراکتیزەکردنی ئەم مافە و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ داڕشتنی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧، کارێکی خراپ بووە، یان چاوەڕێمان بکردایە هەتا یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دەردەچوو، کە هەتا ئێستا دەرنەچووە و هەتا حکومەتی عێراقیش بەم ئەقڵیەتە بیربکاتەوە ئەو یاسایە دەرناچێت؟

● نەوشیروان مستەفا پێش ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بوونی هەبێت، هەتا ئێستاش هەوڵدەدات ئەم دوو هەوڵە نیشتمانییە بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گاز ناشیرین بکات، بەڵام هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەسەر یەك گرێبەست تەنیا یەك وشە بڵێت، بۆیە ئەگەر کۆنتراکتەکانی نەوت گەندەڵن، یان ناشەفاف، بۆ راستییەکان ناخەنەڕوو، بۆچی بەشەرمەوە قسە دەکەن و دەیشارنەوە؟

● خاڵێکی دیکە کە زۆر باسی دەکەن مەسەلەی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانە، ئەوەی جێگەی داخە بزووتنەوەی گۆڕان لە بری ئەوەی حکومەتی عێراق تاوانبار بکات، کەچی ماف دەداتە حکومەتی عێراق بەوەی بودجە و مووچەی هاووڵاتییانی کوردستانی بڕیوە، لەمەش زیاتر خۆی هۆکاری سەرەکی بووە لە دواخستنی فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتی هەرێمی کوردستان، کەچی ئێستا هەر خۆیشی ئەمەی کردۆتە بیانوو و ئاژاوەی پێ دروست دەکات.

لەکۆی ئەم خاڵانە دەکرێت راشکاوانە داوا لەم بزووتنەوەیە و ریکخەرەکەی بکەین و بڵێین: فەرموون پرۆگرامی خۆتان بە راستی بخەنەڕوو بۆ ئەوەی خەڵك چیتر چەواشە نەکەن.

● **ئەقڵیەتێکی نوێ بۆ مامەڵەکردنی سیاسی**

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بەنیازبن بە هەمان ئەقڵییەتە کۆنەکەی پێش ١٢ی تشرینی دووەم مامەڵە لەگەڵ پارتی بکەن و بە هەمان نەفەس داوای رێککەوتن و پێکەوە کارکردن و هاوبەشی لەگەڵ حکومەتدا بکەن، ئەوا ئەو



ئەزموونەی چەند ساڵی رابردوو بۆ هەموو لایەکی سەلماند، ئەو ئەقڵییەتەی هەموو ئامانجی ئەوە بێت قسەی سووك و جنێو بەرهەم بهێنێت و بەرامبەرەکەی پێ ناشیرین بکات، ئەوا ئەو ئەقڵییەتە چیدیکە سیاسەتی پێناکرێت، ئەگەر وتووێژیشی پێبکرێت ئەوا ناوی هەر شتێك بێت سیاسەت نابێت، لایەنیکی دیکە کە پێویستە نەوشیروان مستەفا و بزووتنەوەی گۆڕان گۆڕانکاری بەسەردا بهێنن، ئەوەیە کە دەبێت بزانن چوارچێوەی کارکردن لە نێو حزبێکی سیاسیدا، ناوەندی مەشق و راهێنانی سەربازی نییە، بۆ مەشق پێدانی هەواداران و هەڵسووڕانی بزووتنەوەکەیان بۆ بە دوژمن ناسینی حزب هاوپەیمانی بەرامبەر، بەڵکو گۆڕینی چوارچێوەی حزب بۆ ناوەندی مەشق و راهێنانی سەربازی، ئەوە کۆمەڵگە دابەش دەکات و لەبەریەکی هەڵدەوەشێنێت. ئەمە زیانێکی گەورەی هەیە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەگەر بڕیار بێت بەو جۆرە هاوپەیمانیی سیاسی گرێبدرێت، بۆ ئەوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەبەریەك هەڵوەشێت، ئەمەشیان یاریکردنە بە ئاگر و هەموو کۆمەڵگە پێکەوە دەسووتێنێت، بۆیە لەم راستەوە گرنگە بە راشکاوی قسە لەگەڵ یەکتریکردن و ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکەی گوتاری سیاسی هەنگاوی دەستپێك بێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و گرنگە بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا بە ئاشکرا ناکۆکییەکانی خۆیان بەبێ شەرم بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان رابگەیەنن. پێویستە تێگەیشتی ئەم بزووتنەوە پۆپۆلیستیە بۆ سەروەریی یاسا و دیموکراتی و پێکەوەژیان ئاشکرا بکرێت، بزووتنەوەیەکی سیاسی بڕوای بە یاسا و دیموکراتی و پێکەوە ژیان نەبێت، لە ژێر ناوی دیموکراتی و یاسا و پێکەوە ژیان مەرامەکانی بشارێتەوە، ئەوا هەتا ئەو پەردەیە هەڵنەماڵرێت، هەر دانوستاندن و وتووێژێك بکرێت، بێ بەرهەم دەبێت.

**هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان نەوشیروان مستەفا و پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستی بە خوێندنەوەی ئەو رق و کینە بەرهەمهاتووە هەیە کە نەوشیروان مستەفا بۆ دژایەتی و لەناوبردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرهەمی هێناوە**



### د.محەممەد بازیانی ڕێکخەری بزاڤی چاکسازی و گەشە بۆ گوڵان:

# کاک مسعود بارزانی بۆ ئێستامان زەرووره‌تە و تەنیا ئەو دەتوانێت ئەم قۆناخە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت

**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری خێرا و گەورەتری بەسەردا دێت، لە نێو ئەم هاوکێشەیەدا کورد بۆتە توخمی سەرەکیی نێو هاوکێشە سیاسییەکان و چاوەکان بەرەو ئەوە دەڕوانن کە ئەم بارودۆخە بە باشترین شێواز سوودی لێوەربگیرێت بۆ ئەوەی کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، لە نێو ئەم پرسەدا خەمخۆرانی نەتەوەکەمان پێداگیری لە سەر یەکڕیزی نێوماڵی کورد دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەم هەلەی هاتۆتە پێشەوە تەنیا و تەنیا بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی سوودی لێوەربگرین، لەهەمبەر کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان و تێپەڕاندنی قەیرانەکانیش هەموو لایەك خەریکە دەگەنە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە بە شێوەیەکی ئەقڵانی بارودۆخەکە بخوێندرێتەوە و مەترسی و تەحەدداکان لە شوێنی خۆی پێناسە بکرێنەوە بۆ ئەوەی بتواتنین بە سەریدا زاڵ بین. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە هەستیارە کە کوردستان و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ د.محەممەد بازیانی سەرۆکی سەنتەری هودا بۆ دیراساتی ستراتیژی و بزاڤی چاکسازی و گەشە ئەنجامدا و لەسەر ئەم پرسە گرنگانە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بارودۆخی ئێستای ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش جۆرێك لە گەشبینی هەیە بەوەی لەم بارودۆخەدا کورد بە شێوەیەکی زۆر ئیجابییانە کاراکتەرێکی سەرەکیی نێو ئەم هاوکێشە تازەیەیە. ئایا وەك توێژەر و سیاسەتمەدارێك چۆن پێگەی کورد لەم هاوکێشە تازەیەدا دەخوێنیتەوە؟**

- سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو توێژینەوەیەی کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە سەنتەری ستراتیژی هودا بە ناونیشانی: (بیرۆکەی پارچە پارچەبوونی عێراق و ڕۆڵ و پێگەی کورد لەو پارچەپارچە بوونەدا) بڵاومان کردەوە. ئەم دیراساتە جیا لەوەی پشتی بەستبوو بە ٧٠ سەرچاوە، لە هەمانکاتدا را و بۆچوونی سیاسەتمەدارانی کورد و عێراق و وڵاتانی دەوروبەریشمان وەرگرتبوو. لەم دیراساتە ئێمە ئەو کات گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە سەرەنجام کورد دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێت، بێگومان ئەو کات کە دەکاتە ١٦ ساڵ پێش ئێستا، کە ئەم دیراسەتەمان بڵاوکردەوە، زۆر کەس مەزندەی نەدەکرد و تەنانەت



گاڵتەشیان بەو توێژینەوەیە هەبوو، کەوا ژینگەکە لەبارە بۆ ئەوەی کورد هەنگاو بۆ ئەم ئامانجە هەڵبگرێت، لە ئێستاشدا بێگومان بارودۆخەکە ئاشکرایە و ئێستا کورد شەڕی گەورەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەر ئاستی جیهان دەکات، کە گرووپی تیرۆریستانی داعشە، بۆیە ئێستا کورد لە هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆتە فاکتەرێکی گەورە و گرنگ، ئەمەش لە چەند خاڵێکدا ڕەنگی داوەتەوە:

١. ئێستا لە کوردســـتان یەدەگێکی هێجگار گەورەی نەوتی هەیە، ئەگەر نەوتی کەرکووکیشی بێتەسەر، ئەوا دوایین شـــوێن لە جیهاندا کـــە نەوتەکەی تەواو دەبێت، کوردستان دەبێت. بەپێی توێژینەوە جیۆلۆجییەکانیش لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت ئەنجام بدرێت، نەوت بوونی هەیە.

٢. کوردستان بێجگە لەســـەر چاوەی ئاوی ژێرزەوی، خاوەنی ئاو و ســـەرچاوەی ئاویشە، دیارە وەك توێژینەوە ستراتیژییەکان ئاماژەیان پێکردووە سەدەی بیست و یەك، سەدە شەڕی ئاو دەبێت،. بۆیە زۆر ئاساییە کە سبەینێ نرخی بەرمیلێك ئاوی پاڵاوێنراو، یان ئاوی خواردنەوە لە نرخی بەرمیلێك نەوت گرانتر بێت. ئێســـتا ئەوە هەستی پێدەکرێـــت، ئەو ئاوەی لە کارگەکان بەرهەمدەهێندرێت، نرخی بەرمیلێك ئاو لە بەرمیلێك نەوت گرانترە، هەروەها کوردستان خاوەنی ســـەرچاوەیەکی دیکەی سەرچاوەی ئاوە، ئەویش ســـەرچاوەی توانەوەی بەفرە لە چیاکانی وڵاتانی دراوسێ، ئەم سەرچاوەیە هیچ کام لە دەوڵەتانی ئێـــران و تورکیا ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن، هەروەك چۆن ئەمســـاڵ ٣مەتر لـــە دەریاچـــەی دەربەندیخان ئاو لە ئاکامی تواندنەوەی بەفرەوە زیادی کردووە.

٣. خاڵێکی دیکە کە پێگەی کورد و کوردستانی لەسەر ئاســـتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان گەورە کردووە، ئەو شـــەڕەیە کە هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان دژی تیرۆریستانی داعش دەیکات و توانیویەتی خاك و ئاو و سامانی کوردستان لە دەستی تیرۆریستان بپارێزێت.

ئەم ســـێ فاکتەرە وایکردووە کورد جێگەی ســـەرنجی هەموو جیهان بێت، بەڵام ئەمە گرێدراوەتەوە بە مەرجێکی سەرەکییەوە، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە ئێمە خۆمان لە ناوخۆمان یەکڕیز و یەکهەڵوێســـت بین. دەبێت خاوەنی ســـتراتیژیەتیکی دوورمەودا بین، ئەگەر لە ئێستاشدا سەیر بکەین، کورد بە ئەمری واقیع خاوەنی قەوارەیەکی سەربەخۆی خۆیەتی، تەنانەت بەغدا داوا دەکات کورد ڕۆژانـــە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نـــەوت لە ڕێگەی ئەوەوە بفرۆشێت، ئەوی دیکە کورد خۆی ئازادە چۆن ڕەفتاری پێـــوە دەکات، بۆیە لە ئێســـتادا ئێمـــە خاوەنی خاکی خۆمانین، خاوەنی ســـەرۆکی خۆمانین، خۆمان نەوت

دەفرۆشـــین، خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمانین، بۆیە ئەمانە هەمووی ئەو فاکتەرانەن کە ئێمە وەك کورد بەرەو راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەبەن.

*** ئەوەی لە ماوەی ساڵی رابردوو بووە هۆکاری ئەوەی کورد لە ئاســـتی جیهان دەربکەوێت، ســـەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو بە سەر تیرۆریستانی داعشـــدا، لەم شەڕەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك پێشمەرگە توانی سەرکردایەتییەکی گەورەی بەرەکانی شـــەڕەکە بکات. ئایا چۆن سەیری ســـەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و شـــێوازی سەرکردایەتی ئەم شەڕە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەکەیت؟**

- زۆر جـــار ئەوەم گوتـــووە، بەڕێز مســـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بە کردەیی ئەو راستییەی سەلماند کە هاوشانی پێشـــمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا ئامادەبوونـــی هەیە، ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان کەســـایەتیەکە هەموو سیفەتێکی تێدایە بۆ ئەوەی لەم قۆناخە هەســـتیارەدا رێبەرایەتی ئـــەم میللەتە بکات. ئێمە وەك بزاڤی چاکســـازی و گەشە و وەك حزبێکی کوردستانی، ئەوەمان راگەیاندووە و لەگەڵ ئەوەداین بۆ دووساڵی داهاتوو کاك مســـعود بارزانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان بکات، تەنانـــەت رامانگەیاندووە هەتا ئەگەر جەنابی خۆیشی بڵێت من ئەم کارە ناکەم، ئەوا دەبێت میللەتی کوردستان داوای لێبکات و دەبێت بۆ ئەم دووساڵە جەنابیان سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت. هـــۆکاری ئەم بۆچوونەی ئێمە کە زیاتر لە ٤٠-٦٠ ئەکادیمی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە گەلاڵەیان کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیفەتانەی کە لە کەسایەتی بەڕێز مسعود بارزانی بوونیان هەیە، لەوانە لە کەسایەتی کاك مســـعود بارزانی جۆرێك لە کارێزما بوونی هەیە، سەرۆکێکە لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، لەمەش زیاتر کەســـێکە بە درێژایی ژیانی خۆی پێشـــمەرگە بووە، بۆیە ئەم کەســـایەتییە بۆ ئـــەم قۆناخەی نەتەوەکەمان زەرووره. لەبـــەر ئەوەی ئەم قۆناخەی نەتەوەکەمان پێدا تێدەپەڕێت، قۆناخێکی هەستیار و ئاڵۆزە و دەبێت کاك مســـعود بارزانی شـــان بداتە بەر ئـــەم ئەرکە، جیا لە کاك مســـعود بارزانی، هیچ سەرکردەیەکی کوردستان ئەو ســـیفەتانەی نییە و تەنانەت لەسەر ئاستی جیهان بەو ئاســـتە ناســـراو نین و هێندەی ئەو لەسەر ئاستی ناوچەکـــە و جیهان خاوەنـــی پێوەندییەکی زۆر نین و پێگە و شـــکۆی ئەویان نییە. لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگـــە و نابێت فەرامۆش بکرێـــت، ئەویش گرنگی هەولێرە وەك پایتەختی هەرێمی کوردســـتان کە هەموو کونسولخانەکانی جیهان بارەگەکەیان لە هەولێرە، هەموو ئەو شـــاندانەی دێنە عێراق راستەوخۆ سەردانی هەولێر دەکەن، هەروەها زۆر جار شاندەکانی دەرەوە دێنە هەولێر و ســـەردانی بەغدا ناکەن، زۆر جار لەســـەر ئەم پرسە گلەیی لە هەرێمی کوردســـتان و شـــاندی ئەو وڵاتە کراوە کە تەنیا ســـەردانی هەولێـــری کردووە و نەچۆتە بەغدا. بۆیە هەر لایەنێکی سیاسی لە هەولێر هەژموون و پێگەی باڵادەســـت بێت، ئەوا ئـــەو لایەنە تەحەکوم بە پرسەکە دەکات. لایەنێکی دیکەی گرنگیی هەولێر ئەوەیە بۆتە سەرچاوە بۆ ئەوروپا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبێت هاوســـەنگییەك لە پێوەندییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی هەرێم دروست بکەین، واتە رێگە نەدەین دەســـت لە کاروبـــاری تایبەتی ناوخۆیی هەرێمی کوردســـتان وەربدەن، ئەگەر کێشەیەکیشمان لە کوردســـتان هەبێت، ئەوا خۆمان توانای ئەوەمان هەیە چارەسەری بکەین و پێویســـتمان بەدەستێوەردانی ئەو دەوڵەتانـــە نابێـــت. هەر بۆیە بۆ ئـــەم قۆناخە چ وەك رای شەخســـی خۆم و چ وەك رای بزاڤی چاکسازی و گەشـــە، پێمانوایە ئەم قۆناخـــە قۆناخێکێ راگوزرە بەرەو راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، قۆناخی راگوزەر پێویستی بە ســـەرۆکێکی بەهێز و کاریزما هەیە، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی واقیعییانە ئەم بارودۆخە بخوێنینەوە و واقیعییانە بیربکەینەوە و دان بەو راســـتییەدا بنێن کە بەڕێز کاك مســـعود بارزانی بۆ ئەم قۆناخە زەرووره‌تە، بۆیە هەتا ئـــەم قۆناخە تێدەپەڕێنین و دەگەینە ئەوەی ببینە خاوەنی قەوارەیەکی ســـەربەخۆی خۆمان، ئەوا دەبێت کاك مسعود بارزانی سەرۆك بێت. دوای ئەوەی ئەم قۆناخەمان تێپەڕاند و بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە، ئـــەوکات ســـندوقەکانی دەنگدان ئەم پرســـە یەکلایی دەکاتەوە و کێ دەبێتە ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان، کێشە نابێت.

*** پرسی بەردەوامبوونی سەرۆك بارزانی لە پەستەکەیت گرێدایەوە بە وەی ئەم قۆناخە قۆناخێکی راگوزەرە. ئایا مەبەســـتت لەم قۆناخە راگوزەرە شەڕی تیرۆریستانی داعشـــە، کە ســـەرۆك بارزانی خۆی وەك پێشمەرگە لەبەرەکانی شەڕە، یان قاکتی دیکەشی هەیە؟ هەروەها ئایا تا چەند بوونی راســـتەوخۆی ســـەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شـــەڕ کاریگەری لەسەر سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە هەبووە؟**

- بوونـــی راســـتەوخۆی کاك مســـعود بارزانـــی لە بەرەکانی شـــەڕ کاریگەری راستەوخۆی لەسەر مۆڕاڵ و سەرکەوتنەکانی پێشـــمەرگە هەبووە، ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە، کاتێك پێشمەرگە دەبینێت سەرۆکەکەی پێش خۆی لە بەرەکانی شەڕە، وەك کارێکی سرووشتی

**پەرلەمانی ئەمجارە زۆربەیان گەنج بوون و بەشی زۆریان رۆژنامەنووس بوون و ئەزموونی سیاسییان نەبوو، بۆیە توانرا قسەی گەورە و جوان زۆر بکرێت، بەڵام نەتوانرا کاری باش بکرێت**

**خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم لەو قۆناخە هەستیار و ئاڵۆزەی شەڕی ناوخۆدا، پەرلەمانی بەجێنەهێشت و دژی ئەم شەڕە راوەستاوەیە، ئەو بەڕێزە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئەو وەک سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ دۆخەکە مامەڵەی کرد و پێیوا بوو دەبێت پرسەکە بە لۆژیک چارەسەر بکرێت، نەک بە شەڕ**

**ئەگەر رۆژنامەنووس و میدیاکار چووە پێگەی سەرکردە، یان پەرلەمانتار و ئەگەر باکگراوەندێکی ستراتیژیی و سیاسی نەبێت و دووربین نەبێت، ئەوا لە بری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات، خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی کێشە**

ئەمە وادەکات هیممەتی پێشمەرگە زیاتر بێت، لەمەش زیاتر زۆر جار کاک مسعود بارزانی ئەوەی دووپات کردۆتەوە و گوتوویەتی: «من شانازی بەوە دەکەم کە پێشمەرگەم، نەک سەرۆک، هەروەها شانازی دەکەم کە بە درێژایی تەمەنم و تا ئێستا پێشمەرگەم»، لە باری واقیعیشدا ئەمە هەقیقەتە، بەڕێز کاک مسعود بارزانی بە درێژایی تەمەنی هەر پێشمەرگە بووە و هەموو تاڵی و نەهامەتییەکانی بینیوە، بۆیە ئەم سەرۆکە دەتوانێت سەرۆکایەتی ئەم واقیعەی ئێستا بکات و دەتوانێت ئەم قۆناخە تێپەڕێنێت، ئەمەش تەنیا قەناعەتی من نییە، بەڵکو قەناعەتی ٤٠-٦٠ ئەکادیمیە کە توێژینەوە دەکەن و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بوونی کاک مسعود بارزانی بۆ ئەم قۆناخە وەک سەرۆک زەرورەتە، بەڵام وەک ستیڤن کولی دەڵێت: «دەبێت سەرۆکی سەرکەوتوو کۆمەڵێک سەرکردەی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەکاتی لابردنی ئەو سەرۆکەشدا بارودۆخەکە بەڕێوەبەرن». من وەک شەخسی خۆم و بڕاقی چاکسازی و گەشە لەم قۆناخەدا پێمانوایە کەسێک نییە بێجگە لە کاک مسعود بارزانی بتوانێت ئەم قۆناخە بە سەرکەوتوویی بەڕێوە ببات .

*** لە قسەکاندا زۆر جەخت لەسەر ئەزموونی سیاسی و ئەزموونی پێشمەرگایەتی سەرۆک دەکەیتەوە، ئایا تاچەند ئەزموونی سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆ ئەم قۆناخی ڕاگواستنە پێویستە؟**

- ئەزموونی سیاسی و پێشمەرگایەتیی سەرۆک، واتە ئەو سەرکردەیە بە ئاسانی نەبووە بە سەرکردە، بەڵکو لەگەڵ تاڵی و شیرینی و نەهامەتی میللەتەکەی ژیاوە و دەزانێت ئەم ڕۆژە چۆن بەدەست هاتووە، من ڕێزم هەیە بۆ هەندێ سیاسەتمەدار کە بێ ئەزموونن، بەڵام ئەگەر کەسێک لەوانە بکاتە پۆستێکی گەورە و هەستیار قەدری ئەو پۆستە و پێگەی خۆی نازانێت، دروست ئەمە وەک ئەوەیە گەنجێک لە پڕ ئۆتۆمبیلێکی گرانبەهای بۆ بکڕیت، ئەم گەنجە لەبەر ئەوەی بە کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلەوە ماندوو نەبووە، ئەوا باکی نییە لەدار و بەردی بدات، بەڵام کەسێک بە ماندووبوون هەمان ئۆتۆمبێلی کڕیبێت، دەبینین قەدری دەزانێت، بۆیە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوەیە، چ کەسێک سەرۆک بێت هەموو ژیانی پێشمەرگایەتی بووبێت و ماندووبوو بێت، جیاوازە لە کەسێک کە ماندوو نەبووبێت، بۆیە ئەگەر کەسێک سەرۆک بێت کە بەم بارودۆخەوە ماندوو بووبێت، ئەوا ئەگەر ئەم ئەزموونە بکەوێتە مەترسییەوە ئەوا دەزانێت، ئەم میللەتە چ زیانێک دەکات. بەڵام کەسێک بە ڕێگەی چوار وتاری ڕۆژنامە، یان چوار لێدوانی تەلەفزیۆنی خەڵک دەنگی بۆ داوە، ئەو جۆرە کەسانە نازانن ئەم ئەزموونە تێکبچێت چیمان لە دەست دەچێ؟ بۆیە کاتێک کەسێک کاندید دەکەین کە ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕانکاریدا لەناو کۆمەڵگە و لە بڕاقی نەتەوەکەمان کەسایەتی دیار بووە، باشترە نەک کەسێک کاندید بکەین بە یەک قۆناخ چوویتە سەر حازری. لەمبارەوە یەکێک لە پیاوچاکان دەڵێت: «کەسێک نەتوانێت خۆی فێری سەربازی بکات، ناتوانێت ببێتە سەرکردە».، بۆیە کاتێک دەڵێین بۆ ئەم قۆناخە کاک مسعود بارزانی زەروورە، لەبەر ئەوەیە ئەو لە هەموو ژیانیدا پێشمەرگە بووە و ڕۆڵی لە هەموو قۆناخ و گۆڕانکارییەکاندا دیار بووە، بۆیە دەبێت واقیعی کوردستان وەک خۆی بخوێنینەوە، گۆڕانکاری پێویستی بە کات و بە هەنگاو لە دوای هەنگاو دەبێت. ئێمە لە کوردستان دەژین، ئەم بارودۆخە بەو جۆرە ناخوێندرێتەوە، وەک هەندێک لە کوردستان بانگەشەی بۆ دەکەن کە بە شەو و ڕۆژێک بگەنە هەموو ئاکامێک. ئەگەر کارەکان بەو شێوە بوون کە بە دڵی ئێمەبوون و بڵێین: باشە و بە دڵمان نەبوو بڵێین: خراپە و دنیا کۆتایی هات و خۆمان بەسەر سەرکردە و ڕەمزەکانماندا فەرز بکەین و تەشهیریان پێبکەین، بە ڕای من ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و لە پشت ئەم هەڵەیەوە پیلانێکی گەورە هەیە، بۆ ئەوەی ئەو کەسایەتی و ڕەمزانەی نەتەوەکەمان نەمێنن و کوردستان ببێتە ئاژاوە و پاشاگەردانی و کەس ئەوی دیکە نەخوێنێتەوە، دوای ئەوەش کە کوردستان بوو بە ئاژاوە ئینجا بکەونە بەینەوە بۆ ئەوەی بە حیساب کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکەن. بۆیە ئێمە لە بری ئەوەی بە قسەی پیلانگێڕانی دەرەکی بکەن، پێویستە ڕێزی سەرکردەکانی خۆمان بگرین، ئەو موزایەدە و تەشهیراتەی ئێستا دەکرێت، دەبێت بگۆڕێت بۆ گیانی لێبووردەیی و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان، هەروەها دەبێت سیاسەتمەدارانی ئێمە تەجاوزی هەندێک پرسی کەسی و بەرژەوەندیی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی میللەتەکەمان ئەم قۆناخە تێپەڕێنێت.، واتە دەبێت سیاسەتمەدارانی ئێمە لە بری ئەلتەرناتیڤێک کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤ دروست بکەن و ڕێگە نەدەن، کێشەکان بگەنە بنبەست.

*** لە ئێستادا باسکردنی دەوڵەتی کوردستان خەریکە دەبێتە ئەمری واقیع و ئەوانەی تا دوێنێ نەیاندەویست گوێیان لە ناوهێنانی دەوڵەتی کوردستان بێت، ئێستا خەریکە بەناچاری گوێی لێدەگرن. ئایا تاچەند گرنگە کورد سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت و یەکریزی خۆی بۆ ئەم ئەرکە قورسە بپارێزێت؟**

**دەبێت سەرۆک توانای ئەوەی هەبێت بە خێرایی بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات، بۆ ئەم شێوازەش پێویستە سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرێت و خاوەنی دەسەڵات بێت، بەڵام ئەگەر لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بڕیارەکانی بە ئاسانی وەرناگیرێت و ناتوانێت بە ئاسانی بڕیار بدات**

**لەگەڵ ئەوەی من کەمترین باوەڕم بە تیۆری پیلانگێڕی هەیە، بەڵام ئێستا ئاماژەکانی ئەو پیلانە بەرامبەر بە چارەنووسی کورد دیارە، بۆیە زۆر گرنگە هەوڵبدرێت عەقڵمەندارانی لایەنە سیاسییەکان ئەم پیلانە پووچەڵ بکەنەوە، دەبێت لەوەش دڵنیا بین کە ئەم پیلانە بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی لایەنی ئیقلیمی هەیە چاوی بە سەقامگیری و تەنایی کوردستاندا هەڵنایەت**

**وێڕای بوونی قەیرانی شەڕ و ئابووری و لەگەڵ ئەوەی چەند مانگە مووچەی فەرمانبەران دواکەوتووە، ئێستاش بارودۆخی ژیان و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی ئێمە لە هێ ئەو دەوڵەتانە باشترە**

- ئەو هیوا و ئاواتەی مەلای گەورەی کۆیە بۆی نەهاتەدی، ئێستا دەبێت بۆی بێتەدی، ئەو دەیگوت: «هەتا ماوم لە بۆ کوردان دەناڵم. ئیتفاقیان نییە هاوار بە ماڵم»، بۆیە دەبێت هەست بکەین ئەو ئیتفاقەی مەلای گەورە داوای دەکات، ئەگەر لە نێوانماندا هەبوو، ئێمە زۆر زۆر گەورە دەکات، ئەوەی جێگەی گەشبینییە، ئەوەیە ئێستا هەست دەکرێت بەشێك لەو رێککەوتنە دروست دەبێت، راستە هەندێك کێشە لە کوردستان ماون، بەڵام من گەشبینم بەوەی ئەو کێشانە چارەسەر دەبن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە گرنگە گیانی نیشتمانپەروەری بخەینە سەرووی بەرژەوەندییە حزبیەکانەوە، ئەمە لەلایەك، لایەنێکی دیکە کە بەتایبەتی کاریگەری لەسەر بارودۆخەکە دەبێت، هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیایە کە بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا دەنگێکی زۆر بهێنێت و بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە حکومەت بە تەنیا پێکبهێنێت. بۆیە من پێموایە ئەم ئاکامە بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە بەرژەوەندی سەقامگیری و گەشەی ئابووری کوردستان دەبێت، لەمەش زیاتر ئەوەی جیگەی گەشبینییە ئەوەیە هەست بە کامڵبوونێکی باش لە نێو دەستەبژێری سیاسی هەستی پێدەکرێت، هەتا ئەوانەشی کە نەگەیشتبێتنە ئاستی ئەو کامڵبوونە سیاسییە، دەبێت بگەنە ئەوەی باشتر ئەم واقیعەی ئێستا بخوێننەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر نەمانتوانی واقیعەکە زۆر بە جوانی بخوێنینەوە، ئەوا ناتوانین گۆڕانکاری بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لەسەر ئەرزی واقیع دەکرێت، نەك بە خەیاڵ. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکاری بکەین، دەبێت کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دیاری بکەین، سوود لە توانا و لیهاتوویی زانستی وەربگرین و گوێی لێبگرین. یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنەکانی پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەد داودئۆغلۆ و ئەو ٥٠٠ کەسایەتییە ئەکادیمیەی کە هەموویان پلەیان ئوستاد و پرۆفیسۆرە و بەرنامە بۆ تورکیا دادەنێن، دەسەڵاتدارانی تورکیا دێن ئەو بەرنامانە پراکتیزە دەکەن، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە کار بکات و سوود لە تەواوی توانای لێهاتووەکانی کوردستان وەربگرێت.

*** بەداخەوە لەم بارودۆخە هەستیارەدا، لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و لە نێوانی حزبە سیاسییەکان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی، جۆرێك لە ناکۆکیی سیاسی بوونی هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان بزووتنەوەی گۆڕان بە هۆکاری هێرشکردنە سەر بارەگاکانی دەزانێت لە سنوورەکانی قەڵادزێ و سلێمانی و گەرمیان، وەك کاردانەوەیەکیش پارتی بڕیاری دا هاوپەیمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبوەشێنێتەوە. ئایا چۆن سەیری ئەم ئاڵۆزییە ناوخۆییانە دەکەیت و تاچەند ئەم پشێوییانە دەستی دەرەکی و وڵاتانی ئیقلیمی لە پشتەوە بووە؟**

- بە راشکاوی دەڵێم، لەم بارودۆخە پشێوییەی کە لە کوردستان دروست بوو، دەستی ئیقلیمی و دەرەکی لە پشتەوە بووە، لەبەر ئەوەی هەندێك لە دەوڵەتانی ئیقلیمی ئامانجیان ئەوەیە رەمز لە کوردستان نەمێنێت، ئەگەر رەمز و سیمبولیش نەما، ئەوا بارودۆخە دەبێتە گاڵتەجاڕی و تەشهیر پێکردن و پاشاگەردانی، وەك لە نێو پەرلەماندا بینیمان، کە لەم یەك دوو خولەی دوایی تەشهیریان بە یەکتر دەکرد و دەبە ئاویان لە یەکتری دەگرت. بۆیە من بڕوای تەواوم هەیە، ئەم ئاراستەیە یەکێکە لەو پیلانە ترسناکانەی کە بۆ تێکدانی سەقامگیری کوردستان داڕێژراوە و لە رێگەی ئەم پیلانەوە دەیانەوێت بارودۆخی سەقامگیریی کوردستان، وەك بارودۆخی ناوچەی عەرەبە سوننەکانی لێبکەن. سوننەکان کۆمەڵێك رەمزیان هەبوو، بەڵام کە لە رەمزەکانیان دان و ئەو رەمزانە نەمان، ئێستا وەك دەبینین کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا ئیرادەی نەماوە، تەنانەت ئەگەر کوردستان باوەشی بۆ نەکردبانەوە زیاتر دەربەدەر دەبوون و زیاتر رووبەڕووی کارەسات دەبوونەوە. لەناو ئەم پیلانەی بۆ کوردستان چێنراوە، لایەنی سیاسی هەیە خۆی بەشدارە لە پیلانگێڕییەکە، لایەن هەیە خۆی ئاگادار نییە، بەڵام لە پیلانەکەدا دیاریکراوە، لایەنی سیاسیش هەیە بە راستی ئاگاداری نییە، لەگەڵ ئەوەی من کەمترین باوەڕم بە تیۆری پیلانگێڕی هەیە، بەڵام ئێستا ئاماژەکانی ئەو پیلانە بەرامبەر بە چارەنووسی کورد دیارە، بۆیە زۆر گرنگە هەوڵبدرێت عەقڵمەدانی لایەنە سیاسییەکان ئەم پیلانە پووچەڵ بکەنەوە، دەبێت لەوەش دڵنیا بین کە ئەم پیلانە بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی لایەنی ئیقلیمی هەیە چاوی بە سەقامگیری و تەنایی کوردستاندا هەڵنایەت. دەبێت ئەوەش لە بەرچاوبگرین کە وێڕای بوونی قەیرانی شەڕ و ئابووری و لەگەڵ ئەوەی چەند مانگە مووچەی فەرمانبەران دواکەوتووە، ئێستاش بارودۆخی ژیان و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانی ئێمە لە هیَ ئەو دەوڵەتانە باشترە.

*** گومانی تێدا نییە لە بارودۆخی لەم جۆرەدا، رەوشەکە پێویستی بە خاوکردنەوە هەیە. ئاشکرایە خاوکردنەوەی**

**هەندێک لە دەوڵەتانی ئیقلیمی ئامانجیان ئەوەیە رەمز لە کوردستان نەمێنێت، ئەگەر رەمز و سیمبولیش نەما، ئەوا بارودۆخە دەبێتە گاڵتەجاڕی و تەشهیر پێکردن و پاشاگەردانی، وەک لە نێو پەرلەماندا بینیمان، کە لەم یەک دوو خولەی دوایی تەشهیریان بە یەکتر دەکرد و دەبە ئاویان لە یەکتری دەگرت**

**بوونی راستەوخۆی کاک مسعود بارزانی لە بەرەکانی شەڕ کاریگەری راستەوخۆی لەسەر مۆراڵ و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە هەبووە، ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە، کاتێک پێشمەرگە دەبینێت سەرۆکەکەی پێش خۆی لە بەرەکانی شەڕە، وەک کارێکی سرووشتی ئەمە وادەکات هیممەتی پێشمەرگە زیاتر بێت**

**رەوشی لەم جۆرەش تەنیا بە کۆبوونەوەی سیاسی چارەسەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە کە چین و توێژی دیکەش بەشداری بکەن و زەمینەی ئاشتییەکی راستەقینە بێتەئاراوە، ئایا ئێوە وەك بەشێك لەو توێژە رۆشنبیرە هیچ هەوڵێکیتان بۆ ئەم پرسە داوە؟**

- ئێمە وەك بزاڤی چاکسازی و گەشە و بەشێك لە تۆڕی خەڵك، تا ئێستا دوو دانیشتمان کردووە، لیژنەیەکمان پێکهێناوە و بەنیازین سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەت و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەین، بۆ هێورکردنەوەی ژینگەی راگەیاندن هەوڵمانداوە میساقێکی شەرەف بنووسینەوە و بەنیازین لەگەڵ میدیاکاران دابنیشین بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا ئەم میساقە ئیمزا بکەین، هەروەها پێوەندیمان کردووە بە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان و رۆژ لە دوای رۆژیش ئەم لیژنەیە فراوانتر دەبێت، بۆ ئەمە ٣ پرۆژەی کورتخایەن، دوورمەودا، و بەردەوامیی چاکسازی-یمان ئامادە کردووە،

*** تاچەند گرنگە ئەم زەمینەخۆشکردنە ببێتە سەرەتایەك بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی، بۆ تۆی دووبەرەکی و رق و کینە هەڵبکێشێت و چوارچێوەیەك بۆ پێکەوەژیان و پێکەوەکارکردن بێنێتەدی؟**

- یەکێك لە بەرنامەکانی تۆڕی خەڵك ئەوەیە کە سەرەنجام بگەینە ئەوەی چەندین کۆنفرانس گرێبدەین، دوای گرێدانی ئەم کۆنفرانسانە بەنیازین کۆنگرەیەکی فراوان گرێبدەین، بۆ ئەمەیان ئومێد دەخوازین هەموو لایەنەکان هاوکاریمان بکەن و داوا لە کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین هاوکاریمان بکات، ئەم هەوڵە هەوڵێکی ناوخۆییە بۆ ئەوەی خۆمان کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و ناچار نەبین لە بەغدا و پایتەختەکانی دیکەوە بێنە کوردستان و کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکەن.

*** زۆر جار لایەنە سیاسییەکان، ئەم پیلانەی چنراوە بۆ تێکدانی سەقامگیری کوردستان گرێدەدەنەوە بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەم پرسەش خراوەتە بەردەم دوو بژاردە، یان ئەوەیە لە پەرلەمان هەڵبژێرێت، یان راستەوخۆ سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژیرێت، ئایا لەنێوان ئەم دوو بژاردەیە پشتگیری کامیان دەکەیت؟**

- لەناو ئەزموونی وڵاتانی دیموکراتی، ئەو دەوڵەتانەی کە زۆر سەرکەوتوون، ئەو دەوڵەتانەن کە راستەوخۆ سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرن، باشترین نموونە لەمبارەوە ئەمریکایە، هەروەها تورکیا کە دراوسێمانە، چەندین ساڵە سیستمەکەیان پەرلەمانییە، ئێستا هەوڵیانداوە بیکەن بە سەرۆکایەتی و ئەم پرسە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمانی تورکیا، بۆیە لەم روانگەیەوە من بڕوام بەوەیە دەبێت سەرۆك توانای ئەوەی هەبێت بە خێرایی بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات، بۆ ئەم شێوازەش پێویستە سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرێت و خاوەنی دەسەڵات بێت، بەڵام ئەگەر لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بڕیارەکانی بە ئاسانی وەرناگیرێت و ناتوانرێت بە ئاسانی بڕیار بدات، بۆیە بۆ ئێستای کوردستان ئەو شێوازە بە پەسەند دەزانم کە سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێرێت.

*** ئەگەر هەر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەیەك لەسەر رۆڵی پەرلەمانی کوردستان بکەین، زۆر کەس ئەم پەرلەمانە بە هۆکارێك بۆ ئەم کێشەیە دەزانن، ئایا چۆن رۆڵی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەسەنگێنیت؟**


- لەگەڵ رێز و خۆشەویستم بۆ هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بەڵام ئەگەر رۆژنامەنووس و میدیاکار چووە پێگەی سەرکردە، یان پەرلەمانتار و ئەگەر باکگراوەندێکی ستراتیژیی و سیاسی نەبێت و دووربین نەبێت، ئەوا لە بری ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات، خۆی دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی کێشە. بۆ نموونە لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بکەین، بینیمان خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم لەو قۆناخە هەستیار و ئاڵۆزەی شەڕی ناوخۆدا، پەرلەمانی بەجێنەهێشت و دژی ئەم شەڕە راوەستاوەیە، ئەو بەڕێزە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام ئەو وەك سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ دۆخەکە مامەڵەی کرد و پێیوا بوو دەبێت پرسەکە بە لۆژیك چارەسەر بکرێت، نەك بە شەڕ، بۆیە کاتێك بەراورد دەکەین ئەزموونی ئەم خولەی پەرلەمان کەمتر بووە لە ئەزموونی ئەو پیاوە گەورانەی لە خولی یەکەمی پەرلەماندا بوونیان هەبوو. ئەم واقیعە پێمان دەڵێت هەموو کاتێك گەنج ناتوانێت ئەو رۆڵە گەورەیە بگێڕێت، بۆیە هەمیشە وابووە گەنج بەشێك لە سۆز و هەڵچوونی تیدایە، بەڵام پیاوە گەورەکان بەشێك لە لۆژیکیان تێدایە، بەداخەوە پەرلەمانی ئەمجارە زۆربەیان گەنج بوون و بەشی زۆریان رۆژنامەنووس بوون و ئەزموونی سیاسییان نەبوو، بۆیە توانرا قسەی گەورە و جوان زۆر بکرێت، بەڵام نەتوانرا کاری باش بکرێت.

*** ئەگەر دواپرسیارمان سەبارەت بە تیرۆریستانی داعش بێت، چۆن سەیری ئەم تیرۆریستانە دەکەیت؟**

- بە خوێندنەوەی من، داعش بە دیاردەیەك دەزانم، ئەم دیاردەیەش دێت و دەڕوات و بەرهەمی بارودۆخێکی نێودەوڵەتی و نێوخۆییە، هەر ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەش خەریکە یەکلایی دەکاتەوە، ئەم دیاردەیە مەترسییەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو کۆمەڵێك بەرژەوەندی وڵاتان ئەم مەترسییە دیاری دەکات.

**لە ئێستادا ئێمە خاوەنی خاکی خۆمانین، خاوەنی سەرۆکی خۆمانین، خۆمان نەوت دەفرۆشین، خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمانین، بۆیە ئەمانە هەمووی ئەو فاکتەرانەن کە ئێمە وەک کورد بەرەو راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەبەن**

**خاڵێکی دیکە کە پێگەی کورد و کوردستانی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان گەورە کردووە، ئەو شەڕەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دژی تیرۆریستانی داعش دەیکات و توانیویەتی خاک و ئاو و سامانی کوردستان لە دەستی تیرۆریستان بپارێزێت**



OY PUSULASI
HAK-PAR
HAK VE ÖZGÜRLÜKLER PARTİSİ
FEHMİ DEMİR
CHP
CUMHURİYET HALK PARTİSİ
AK PARTİ
ADALET VE KALKINMA PARTİSİ
AHMET DAVUTOĞLU
DSP
DEMOKRATİK SOL PARTİ
MASUM TÜRKER
YURT-P
YURT PARTİSİ
SADETTİN TANTAN
DP
DEMOKRAT PARTİ
GÜLTEKİN UYSAL
TÜRKİYE CUMHURİYETİ
YÜKSEK SEÇİM KURULU
1961




# هەڵبژاردنێکی یەکلاکەرەوە و دەرئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو

**ئاکپارتی بە دوو ملیۆن دەنگی مەهەپە و یەک ملیۆن دەنگی هەدەپە زۆرینەی مسۆگەر کرد و حکومەت بە تەنیا پێکدەهێنێت**

# لە بەرژەوەندیی تورکیایە کە شەراکەت و هاوپەیمانێتی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبێت

**بە ڕێککەوت بێت، یان نا، یەکەم سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا، فەرەیدون سینیرلی ئۆغلۆ، بۆ دەرەوەی وڵات دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەو وڵاتە بۆ هەرێمی کوردستان بوو، کە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسعود بارزانی ئەنجامدا.**
**سەردانی ئەم وەزیرە، هەروەک لە لایەن ڕاگەیاندنەکانەوە تیشکی خرایەسەر، لە کەشی پشتیوانیی ڕاستەوخۆدا بوو بۆ سەرکردایەتیی بارزانی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەگەرچی ئەم هەرێمە لە ئێستادا ڕووبەڕووی هەندێ کێشەی ناوخۆیی بووەتەوە. هاوکات لە کۆنفرانسێکدا کە لایەن ئامۆژگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێکخرابوو، سینیرئۆغلۆ پشتیوانیی بەردەوامیی تورکیای بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی هەڵکشاوی دەوڵەتی ئیسلامی دووپات کردەوە.**
**هەرچۆنێک بێت، ئەم لێدوانەی دەرخەر و سەلمێنەری ئەو سەنگ و قورسایی و بەهایەیە بوو کە تورکیا هەیەتی بۆ هەرێمی کوردستان لە سایەی سەرکردایەتی بارزانی-دا، کاتێک ڕایگەیاند: «ئێمە دڵنیاین کە خەڵکی هەرێمی کوردستان خاوەنی تێڕوانینی پێویست و پێداگیریی بەهێز و ژیری پێویستن بۆ ئەوەی هەرێمەکەی خۆیان بهێننەوە سەر ڕاستەڕێ و جارێکی دیکە ڕۆڵی ڕاست و دروستی خۆیان وەک سەرمەشقێک ببینن بۆ دەربازکردنی عێراق لەو دۆخە دژوارەی تێیکەوتووە.»**

**لە ماوەی نێوان سەدەی ١٥ بۆ سەدەی ٢٠دا ٢٠ جار شەڕ هەڵگیرساوە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی ڕووسیدا، کە لە هەر هەموویاندا ڕووسییەکان دەستپێشخەری شەڕ بوون و لە هەر هەموشیاندا شکست چارەنووسی عوسمانییەکان بووە. بەڵام لە ئێستادا پارتی دادوگەشەپێدان لە پێگەیەکدایە بۆ ئەوەی بتوانێت وردتر و دروستتر ڕەسمی سیاسەتی ناوخۆیی و ڕەنگڕێژی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بکات**

ئەگەر بەشێك لە مانشێتە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکانی تورکیا لە دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ٧ی تەممووزی ڕابردووەوە ئەوە بوو بێت کە دەرئەنجامەکە بۆ پارتی دادوگەشەپێدان سەرکەوتن بوو بە تامی دۆڕان، یاخود هەڵبژاردنێکی بێ براوە بوو، ئەوا ئەمجارە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە چەشنێك یەکلاکەرەوە بوون کە کاڵای سەرکەوتنیان بە باڵای دادوگەشەپێدان-دا بڕی و تا هەڵبژاردنی داهاتوو لە ساڵی ٢٠١٩ لاپەڕەی پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتیان پێچایەوە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش سەقفی سەرجەم پێشبینییەکانی تێپەڕاند، تەنانەت گەشبینترین ڕاپرسییەکانی پێش هەڵبژاردنەکانیش چاوەڕوانی ئەم دەرئەنجامەی نەدەکرد بۆ پارتی دادوگەشەپێدان. واتە ئەنجامەکە زۆر زیاتر بوو لەو حیسابات و گرەوەی کە خودی ئەم پارتە هیواکانی لەسەر هەڵچنیبوو. واتە ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئەردۆغان ستراتیژیەتی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی بە ستراتیژیەتێکی لەبار و بژاردەیەکی دروست دەزانی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەنگانەی لە دەستی دابوون و بۆ بردنەوەی گرەوی زۆرینەی پەرلەمانی، بەڵام پێناچێت چاوەڕوانی ئەم ئاکامە گەورەیە بووبێت، لەبەر ئەوە بە هەموو پێوەرێك دەکرێت بڵێین: ئەمە دەرئەنجامێکی مایەی سەرسوڕمان بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەرئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بوو، کۆتایی بە باس و خواسی ئەگەرەکانی پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتی هێنا و جڵەوی پێکهێنانی حکومەتی دایەوە دەست پارتی دادوگەشەپێدان. لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی لەسەر هۆکارەکانی ئەم ئاڵ و گوڕەی هەڵوێستی دەنگدەران و گۆڕانی نەخشە و هاوکێشە سیاسییە ناوخۆییەکان و قورسبوونی تای تەرازوی دادوگەشەپێدان و کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی هەر دوو پارتی مەهەپە و هەدەپە هەڵوەستە بکەین. چونکە ماوەی نێوان هەردوو هەڵبژاردنەکە کەم بوون، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی لەو ماوەیەدا هاتنەئاراوە گەورە و گرنگ بوون- هەروەك ئاماژەمان پێکردن یەکلاکەرەوە و چاوەڕواننەکراو بوون-.

● **دەیەی لە دەستچوو و دەیەی سەقامگیری**

ئاشکرایە ئەم هەڵبژاردنانە دوای پێنج مانگ لە نائارامیی ناوخۆیی و شڵەژانی ڕەوشی ئەمنیی وڵاتەکە و هاتنەئارای جەمسەرگیرییەکی توند و ڕوودانی کار و کردەوەی تیرۆریستی دژ بە گردبوونەوە ئاشتیخوازەکان و هەڵگیرسانەوەی شەڕ و توندوتیژییەکان ئەنجام دران، دڵەڕاوکێی و نیگەرانی باڵی بەسەر بارودۆخی ناوخۆی وڵاتەکەدا کێشابوو. لە ڕووی سیاسییەوە ڕەوشەکە ناسەقامگیر بوو، گەشەی ئابووریی وڵات دووچاری

**هەروەها سینیرئۆغلۆ ڕایگەیاند: «ئێمە سوورین لە سەر گرتنەبەری هەموو شێوازێک بۆ پەرەپێدانی زیاتری هاوکارییە ئابوورییەکانمان. ئەمەش ئەوەندەی دیکە ئەو بناغە لە لەزرین نەهاتووەی نێوانمان پتەوتر دەکات کە بووەتە بنچینەیەک بۆ ئەوەی شەراکەتی نێوانمان پتر گەشە بکات. کاتێک ئێمە ئامرازەکانی خزمەتکردنی زیاتری خەڵکەکان بەرەوپێش دەبەین، ئەوا کاراتر شان دەدەینە بەر ئەو بەرپرسیارێتییەی کە هەل و مەرجە سەختەکە ڕووبەڕووی کردووینەتەوە. بە کورتی، با بە یەک پەیامی سادە جێتان بهێڵم: تورکیا تەواو پابەندە بەوەی بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی عێراق و هەرێمی کوردستان بدات. ئێمە لەگەڵتاندا دەبین لە کاروانەکەتاندا بەرەو بنیادنانی ئایندەیەکی گەش کە تەواو شایستەین.»**

**لە ناوچەیەکی جوگرافیدا کە دوو دەوڵەتی دراوسێ، عێراق و سووریا، دوو دەوڵەتی پەککەوتەن، ئەوا شتێکی زۆر ئاساییە کە تورکیا بە دوای هاوپەیمان و هاوبەشی نوێدا بگەڕێت بۆ ئەوەی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کاری لەگەڵدا بکات.**

**سەرچاوە: «تورکیا هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ بارزانی-دا قووڵتر دەکاتەوە»، کە لە ڕۆژنامەی «حوریەت دەیلی نیوز» لە ڕۆژی ٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.**

- **نووسینی: سەرکان دەمیرتاش**

سستبوون هاتبوو، بەهای لیرەی وڵاتەکە دابەزیبوو، بەڵام پارتی دادوگەشەپێدان زۆر سەرکەوتووانە ئەو گەمەیەی کرد بە بانگەشەکردن بەوەی کە سەقامگیری و ئارامی و گەشەی ئابووری وڵاتەکە لەسەر دەستی ئەو دەگەڕێتەوە و هەموو ئەوانەش لەباردەچن، ئەگەر بە تەنیا جڵەوی حوکمڕانیی وڵات نەگرێتەوە دەست. هەر بۆیە باس لەوە دەکرێت لە کاتێکدا داودئۆغلۆ ڕاسپێردرابوو بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکانی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا، ئەوا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان زۆر پەرۆشی بە سەرەنجام گەیشتنی ئەم کۆششانە نەبوو. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە عومەر تاشپینار شارەزای کاروبارەکانی تورکیا دەڵێت: «ئەردۆغان خۆی ئەندازیاری دروستکردنی پشێوی کۆنترۆڵکراوە "controlled chaos" واتە بۆ مەبەستی گەیاندنی ئەو پەیامە بوو بە دەنگدەر کە ئەوان ئاڵاهەڵگری ئارامی و سەقامگیری و گەشەکردنن لەو وڵاتەدا و بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانەش گرێدراوی حوکمڕانیی ئەوانە و حکومەتی هاوپەیمانێتیش دادی دەردەکانی خەڵك نادات.»

لێرەدا ئەوەی شایستەی سەرنجدانە ئەوەیە کە مێژووی ئەم دواییە خزمەت بەم تەرحەی پارتی دادوگەشەپێدان دەکات، لەبەر ئەوەی لە ماوەی ١٠ ساڵی ١٩٩٢تا ٢٠٠٢ حکومەتە هاوپەیمانێتییەکاندا، خەڵکی تورکیا تاڵاوی ناسەقامگیری سیاسی و هەڵاوسانی ئابووری و دارمانی بەهای دراوی وڵاتەکەیان بوو، ڕۆژگارێکە ڕەنگە هیچ هاووڵاتییەکی تورکیا ئومێد و خۆزگەی بۆ نەخوازێت بگەڕێتەوە، چونکە حکومەتە هاوپەیمانێتییەکان ناکارا و ناسەقامگیر و ناسەرکەوتوو بوون. ئەمەش لە لایەن پسپۆڕانی زانستی سیاسەتەوە بە دەیەی لە دەستچوو —the lost decade- ناوزەد کراوە، بە پێچەوانەوە، لە دەیەی دواتردا خەڵکی وڵاتەکە شاد بوون بە شیرینیی ئارامیی سیاسی و بووژانەوەی ئابووری و باشتربوونی بار و گوزەرانی ژیانیان، کە هەروەك هینری بارکی توێژەر لەسەر کاروباری کورد و تورکیا دەڵێت: «تا ڕاددەیەك زۆر تورکیا بووە وڵاتی چینی ناوەند، کە خەڵکی خەمی پاراستنی ئاستی بەرەوپێشچووی ژیان و ڕەوانەکردنی منداڵەکانیان بن بۆ قوتابخانە.» هەر بۆیە ئەم ١٠ ساڵە بە دەیەی سەقامگیری the stable decade وەسفکراوە. کەواتە لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئاڵۆزبوونی ڕەوشە ئەمنییەکە و سەرهەڵدانی تەنگ و چەڵەمەی ئابووری و تێکچوونی باری سیاسی وڵاتەکە سێبەری چڕیان بەسەر کەشی هەڵبژاردنەوە هەبوو، دەنگدەریش هەل و مەرجی ئەم پێنج مانگەی بە هەل و مەرجی

**هەڵوێستی تورکیا لە ئاست کێشەی سووریادا ئەو وڵاتەی خستبووە باری ناکۆکییەوە لەگەڵ ئەمەریکاشدا، چونکە هەردوولا ئەولەوییەتی جیاوازیان هەبوو لە ئاست سووریادا، لە کاتێکدا تورکیا ڕووخانی ئەسەدی بە ئەولەوییەتی یەکەم دەزانی، ئەمەریکا پێداگیری لەسەر تێکشکاندنی داعش دەکردەوە، وەک هەنگاوی یەکەم، کە پێویستە لەمەودوا تورکیا پتر هاوکار بێت لە شەڕی داعشدا**

باڵادەستی سەروەختی دەیەی لە دەستچوو شوبهاند. لێرەدا پارتی دادوگەشەپێدان ئەو وێنەیەی رەواج پێدا کە ئەو هەڵگری کلیلی سەقامگیریی سیاسی و نهێنیی پەرەپێدانی ئابوورییە، کە مێژووی دەیەی سەقامگیرییش خزمەتێکی زۆری ئەم پارتەی کرد لەم تەرحەیدا. تەنانەت هەروەك سۆنار چاپتای توێژەری کاروباری تورکیا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك دەڵێت: «ئەگەر وا وێنای بکەین کە هەڵبژاردن و هاوکێشەکە لە نێوان دوو بژاردەی ئازادی- بە رەچاوکردنی ئەو رەخنانەی لە پارتی دادوگەشێدان دەگیرێت لە بەرتەسکردنەوەی ئازادیی رادەربڕین و ئاسایش، ئەوا هاووڵاتیان ئاسایش و ئارامییان هەڵبژارد»، ئەگەرچی ئەمە لە مەودای دووردا ئاکامی سلبی لێدەکەوێتەوە، بەڵام لە مەودای نزیکدا هاوکار و یارمتیدەرە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بە لەبەرچاوگرتنی پێنج مانگی ناجێگیریی سیاسی و خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری.

### ● داکشانی دەنگەکانی هەدەپە و مەهەپە

دۆڕاوی سەرەکیی ئەم هەڵبژاردنانە ئەو پارتە بوو کە نازناوی پارتی کاك نەخێری Mr. No بەسەردا دابڕا،- پارتی ناسیۆنالیستی توندڕەو کە بە مەهەپە ناسراوە- چونکە ئەم پارتە سەرجەم سیناریۆیەکانی پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتی رەتکردەوە، تەنانەت داوای هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی ئاشتی و راگرتنی گفتوگۆکانیشی لەگەڵ پەکەکەدا دەکرد و ئەوەشی کردبۆوە پێشمەرجی دەستپێکردنی گفتوگۆکان لەگەڵ پارتی دادوگەشەپێدان بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتی و بە هیچ شێوەیەك ئامادەی گفتوگۆکردن نەبوو لەگەڵ کوردیشدا. نائومێدییەکانیان لە ئاست ئەدای دەوڵەت باهچەلی هەڵوێستی پێگۆڕین، هەرچەندە ئومێدی ئەوە هەبوو کە ئەو دەنگە ناڕازی و نیگەرانانەی دەنگدەرانی مەهەپە بۆ جەهەپە بچن، بەڵام سەرەنجام نزیکەی ٢ ملیۆن دەنگی مەهەپە لای پارتی دادوگەشەپێدان گیرسانەوە. ئەمەش هەروەك عومەر تاشپینار دەڵێت: بەڵگەی ئەوەیە کە «نزیکیی و گرێدراویەکی بەهێز هەیە لە نێوان ناسیۆنالیستی موحافیزەکاری مەهەپە و ناسیۆنالیستی موحافیزەکاری پارتی دادوگەشەپێدان. لەبەر ئەوە کاتێك دەنگدەرانی مەهەپە لە ئەدای پارتەکەیان ناڕازی دەبن، ئەوا بە شێوەیەکی سروشتی دەنگەکانیان بۆ ئەکەپە دەچێت. تەنانەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی تەممووزەوە راپرسییەك کرا، پرسیارەکەش ئەوە بوو: ئایا ئەگەر پێشوەختە بتزانیایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە دەبوون، چۆن دەنگت دەدا؟ لە سەدا ٢٠ی دەنگدەرانی مەهەپە وەڵامەکەیان ئەوە بوو کە دەنگیان بە ئەکەپە دەدا بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەتی زۆرینە پێکبهێنێت. ئەوەی پێوەندی بە هەدەپەوە هەبێت، ئەوا دەکرێت بڵێین کە ئەم پارتە ئەستێرەی هەڵکشاوی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تەممووزی رابردوو بوو، دەرئەنجامی



سەرسوڕهێنەر و چاوەڕواننەکراو لەو هەڵبژاردنانەدا ڕێژەی دەنگە بەدەستهێنراوەکانی هەدەپە بوو، کە توانیی نەك تەنیا بەربەستی لە سەدا ١٠ ببڕێت، بەڵکو پێشبینییەکانیشی تێپەڕاند، کە توانیی ڕێژەی دەنگەکان لە سەدا ٦ـەوە بۆ لە سەدا ١٣ بەرز بکاتەوە. هۆکارەکانیش وەك ئاماژەی پێدەکرێت ئەوە بوو کە بەرنامەیەکی لیبراڵی هەبوو، هەوڵیدا خۆی وەك پارتی سەرتاسەری تورکیا بخاتەڕوو، کە تەنیا پەیوەست نەبێت بە کوردستانی تورکیاوە. لێرەدا گرنگە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە کە ئایا ئەوە دەرفەتێك نەبوو لە بەردەم ئەم پارتەدا بۆ ئەوەی بتوانێت هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ ئەکەپەدا پێکبهێنێت و ئەمەش بکاتە هەلێك بۆ بەرەپێشبردنی زیاتری پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەدا و بەشدار بێت لە ڕەنگرێژکردنی ڕەوتی ڕووداوە ناوخۆییەکان تورکیادا و ڕەسمکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا؟ ئەمەش ئەو پرسیارە ڕەوایە بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە ئایا هۆکاری کەمبوونەوەی دەنگەکانیشی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە نەیتوانی سەرکەوتنەکەی تەوزیف بکات بۆ برەودان بە سەنگ و کاریگەری خۆی. کەچی ئەمجارەیان نزیکەی یەك ملیۆن دەنگ کورتی هێنا و زۆربەی ئەو دەنگە لەدەستچووانەش چوون بۆ ئەکەپە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێندرێتەوە کە هەدەپە هەر لە سەرەتاوە هەڵگری بەرنامە و پرۆژەی چارەسەرکردنی ئاشتییانە و سیاسییانەی کێشەی کورد بوو لە تورکیا، بەڵام هەڵگیرسانەوەی توندوتیژییەکان و لەسەرنوێ دروستبوونەوەی شەڕ و پێکدادانەکان کاریگەریی سلبی و زیانبەخشیان لەسەر ئەو پەیامە هەبوو، هەر لەبەر ئەمەشە کە سۆنار چاپاتای پێیوایە ئەوە بووە بەربەست لە بەردەم هەڵکشانی زیاتری هەدەپە لە رووی سیاسییەوە. هەروەها ئەم شارەزایە پێیوایە هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگەکانی هەدەپە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوردە موحافیزەکارەکان ترس و سڵەمینەوە دایگرتبوون، دووچاری دڵەڕاوکێ ببوون لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆیی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و نیگەران بوون لە بێتوانایی هەدەپە لە خۆدوورخستنەوە لە پەکەکە. پەکەکەش گرووپێکی لینینی مارکسیستییە، لەبەر ئەوە زەحمەتە بۆ موحافیزەکارێکی کورد کە خۆی گرێبداتەوە بە پارتێکی پەیوەست بە پەکەکەوە. سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیەکان تەنگژەی نێو هەدەپەی زەقکردەوە، پێشتریش ئەم تەنگژەیە بوونی هەبوو، بەڵام زۆر باس نەدەکرا. ئەویش لەوەدا بەرجەستە بوو کە ئایا هەدەپە پارتێکی نەتەوەیی کوردییە، یان پارتێکی ئاوێتەبووی نێو تورکیایە –ئەمە دوو خواستی ناکۆك بە یەکن-. بەشێك لە کورد ئۆباڵی توندوتیژیەکانیان خستەئەستۆی پەکەکە. هەندێ لە شیکەرەوەی کورد پێیانوابوو کە خەڵکانێك هەن پێیان باشترە لە ماڵەوە بمێننەوە لەوەی بچنە دەرەوە و دەنگ بە هەدەپە بدەن. ئەمەش وەك ناڕەزایی دەربڕینێك، هەر لەبەر ئەوەش ڕێژەی بەشداریکردنی کورد دابەزی، ئەمجارەیان هەدەپە کەمتر باس لە ئاوێتەبوونی لە تورکیادا دەکرد بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکەی

دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا جارێکی دیکە پێگەیەکی پتەوی بە پارتی دادوگەشەپێدان بەخشییەوە کە دەتوانێت پتر پەرە بەو پێوەندییانە بدات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی کە دۆستایەتییەکی پتەو هەیە لە نێوان بارزانی و ئەردۆغاندا



# پارتی دادوگەشەپێدان لە پێگەیەکی باشدایە بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورددا

**لە سەروەختی دوایین هەڵبژاردنەکانی تورکیادا، ئەردۆغان و پارتی دادوگەشەپێدان جەختیان لەسەر ئەو بانگەشەیە کردەوە کە بۆ ئەوەی تورکیا لە ڕووی سیاسییەوە سەقامگیر بێت، ئەوا گرنگە پارتەکەیان زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت. لە کاتێکدا موعارەزە بانگەشەیەکی پێچەوانەیان کرد و ڕایانگەیاند: پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانێتی بەر بەو جەمسەرگیرییە سیاسییە قووڵەی وڵاتەکە دەگرێت و لە هەمان کاتدا سنووربەندییەکی بەهێزتر لەسەر دەسەڵات دروست دەکات. بەڵام دەرکەوت کە بەڵێنی سەقامگیری پەیامێک بوو کە سەدایەکی بەهێزتری هەبوو.**

**لەبەر ئەوە پارتی دادوگەشەپێدان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی بەدەستهێنا–دەستکەوتێکی گەورە لە دوای ١٣ ساڵ لە حوکمڕانییەکی بەردەوام– و دەنگی ڕکابەرەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. ئەم پارتە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموز نزیکەی ٥ ملیۆن دەنگی زیاتری بەدەست هێنا. واتە توانی ئاستی جەماوەریبوونی خۆی بە ڕێژەی لە سەدا ٢٠ بەرز بکاتەوە. دوو پارتی موعارەزە، –پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی موحافیزکار (مەهەپە) و پارتی دیموکراتی گەلان پێکەوە سێ ملیۆن دەنگیان لەدەستدا.**

**هەرچۆنێک بێت، حکومەتی نوێی تورکیا ئەوەندە دەنگی بەدەست هێناوە کە بواری ئەوەی پێدەدات|، چارەسەری هەندێ لە قورسترین و هەنووکەییترین تەحەددییەکانی وڵاتەکەی بکات، لە هەموشیان بەرچاوتر پرۆسەی ئاشتییە لەگەڵ کورددا. هەوڵەکانی پێشوو**

پێشوو. بە کورتی ئەو داخەی هەندێ لە کورد هەیان بوو لە دژی پەکەکە بە هەدەپیان ڕشت. ئاشکرایە لە سەروەختی شەڕی کۆبانێ-دا ئەردۆغان ویستی داعش سەرکەوتوو بێت و پەیەدە بدۆڕێت و شکست بێنێت. ئەمە گەورەترین کاریگەری هەبوو و گەورەترین دابڕانی لە نێو کورد لە ئاست ئەکەپەدا درووستکرد. چونکە لە رویی مێژوییەوە هەمیشە نزیکەی لە سەدا ٥٠ی کوردەکان دەنگیان بە ئەکەپە داوە، لەبەر ئەوەی موحافیزەکار بوون، بەڵام دوای ڕووداوەکانی کۆبانێ دەنگیان دا بە هەدەپە کەواتە ئەو هاوپەیمانێتیەی لە نێوان موحافیزەکار و چەپڕەوەکانی کورددا دروست بوو لەلایەن پەکەکەوە تێکشکێندرا.

## ● چارەنووسی پرۆسەی ئاشتی

ئەوەی نکۆڵی لێناکرێت ئەوەیە کە ناوچە کوردییەکانی تورکیا و کوردی ئەو وڵاتە پشکی شێری کاریگەرییەکانی نائارامی ئەمنی و شڵەژانی ناوخۆییان بەرکەوت لە ماوەی ئەو پێنج مانگە پڕ لە تەنگژە و جەمسەرگیریەدا. واتە پێشتر کورد سوودمەند بووە لە خستنەگەڕی پرۆسەی ئاشتی و هەڵگرتنی هەنگاوەکانی چارەسەر و یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردی ئەو وڵاتە، تەنانەت ئەمە زەمینەی ڕەخساند بۆ ئەوەی پارتێکی کوردی وەك - هەدەپە- هەوڵ بدات خۆی وەك بەدیلێکی جددی بۆ سەرتاسەری تورکیا بخاتەڕوو. بە هەمان شێوە مافە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەکانی کوردیش پەرەسەندنیان بە خۆوە بینی و لە ڕووی ئابووریشەوە بار و گوزەرانی ژیانیان گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هات، تەنانەت بە چەشنێك ئەوان دەستیان گرتووە بە پاراستنی ئەم دەستکەوتانەوە کە چاوپۆشی لە هیچ لایەنێك ناکەن ئەگەر هاتوو پێیانوابوو ئۆباڵی تێکدانی بارودۆخەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. ئێستاش کە پرۆسەی ئاشتی بە تەواوەتی هەرەسی هێناوە و سەر لەنوێ پەتای شەڕ و پێکدادانەکان ئەو وڵاتەی گرتۆتەوە، پرسیاری ئەوە دروست دەبێت: ئایا سەرکەوتنەکانی پارتی دادوگەشەپێدان ئەو پارتە هێندە سەرمەست و لە خۆبایی دەکەن کە چیتر ئاوڕ لەو پرسە نەداتەوە و بە پێویستی نەزانێت کار و کۆششی جددی بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی ئەو کێشەیە بکات؟ دەبێت لەو ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە بەردەوامبوونی شەڕ و توندوتیژییەکان نەك هەر نابێتە هۆی بنبڕکردنی ئەم کێشەیە، بەڵکو کاریگەریی نەخوازراو و پێچەوانەشی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر تورکیا بیەوێت هێزێکی خاوەن سەنگ و دەستڕۆیشتوو

**تەوەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، یاخود بناغە بنەڕەتییەکەی ئەم سیاسەتە لە ئاست دراوسێکاندا بریتی بوو لە سیاسەتی سفر کێشە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، بەڵام ڕەخنەی ئەوە لە تورکیا دەگیرێت کە تەواو پێچەوانەی ئەمە ڕوویداوە، واتە لە کاتێکدا تورکیا ئامانجی ئەوە بوو هیچ کێشەیەکی نەمێنێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، ئەوا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ نەماوە کە کێشەی لەگەڵیدا نەبێت**

لە پێش هەڵبژاردنەکانەوە هەڵپەسێردران. ئەو کاتەی پەکەکە گەڕایەوە بۆ توندوتیژی و سەرکردایەتی پارتی دادوگەشەپێدانیش گوتارێکی زیاتر ناسیۆنالیستی و توندی تەبەنی کرد. بە هەر حاڵ، لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان ئومێدی ئەوە هەیە کە حکومەتی نوێ دەست بە گفتوگۆکان بکاتەوە، ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەست بهێنیت، ئەوا ئەو گفتوگۆیانە نەک لە سەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵکو لە سەر شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامییش ئاکامی گەورەیان لێدەکەوێتەوە.

بەدەستهێنانی زۆرینە لە لایەن پارتی دادوگەشەپێدانەوە توانای ئەوەی پێدەبەخشێت کە پێداچوونەوە بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا بکات. سیاسەتی تورکیا لە دوای بەهاری عەرەبییەوە سەریکێشا بۆ لە دەستدانی دەستڕۆیشتوویی وڵاتەکە و لەدەستچوونی دۆستەکانی لە ناوچەکەدا، بەڵام بەم دواییە تورکیا شێوازی مامەڵەی بە پێی ڕاستییەکانی سەر ئەرزی واقیع گۆڕی. بۆ نموونە، چیتر نارازی نییە بە پێدانی ڕۆڵێک بە سەرۆکی سووریا (بەشار ئەسەد) لە گفتوگۆکاندا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆی سووریا. بە هەمان شێوە، پابەندبوونی نوێی تورکیا بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی خاڵی ناکۆکیی نێوان تورکیا و هاوبەشە ڕۆژئاواییەکانی لە ئارادا نەهێشتووە.

- سەرچاوە: دەرفەتی دووەمی بەردەم ئەردۆغان
- نووسینی: سینان ئۆلگەن

بێت لە ناوچەکەدا، ئەوا دەبێت ئەم خوێنەبەربوونە ناوخۆییە رابگرێت، چونکە لە رووی ئابوورییەوە شەڕ بارگرانییەکی بێئەندازە لەسەر ئەو وڵاتە دروست دەکات، ئەو ئارامی و سەقامگیرییەش لەبار دەبات کە پیوێستن بۆ فەراهەمکردنی کەشێکی لەبار بۆ وەبەرهێنان و متمانەی سەرمایەگوزاران، هەر بۆیە زۆربەی بیروبۆچونەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەگەر پارتی دادوگەشەپێدان ئەم دۆخەی وەك تاکتیکێك خولقاندبێت، پشێوی کۆنترۆڵکراو، ئەوا ناتوانێت درێژە بەم دۆخە بدات و لە خاڵێکدا رانەوەستێت، چونکە سەقامگیری ئەوە دەخوازێت کە سەرتاسەری وڵاتەکە پێکەوە گەشە بکات و ئارامی و ئاسایش لە سەرجەم وڵاتەکەدا دەستەبەر بکرێت، ئەم هەڵبژاردنانەش ئەو راستییەیان خستەڕوو کە پارتی دادوگەشەپێدان دەتوانێت بە باشترکردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی کورد و بەرەوپێشبردنی ناوچەکانیان پتر کورد بەلای خۆیدا رابێکێشێت، لەبەر ئەوە شتێکی حەتمییە کە دەبێت پارتی دادوگەشەپێدان لە قۆناخێکدا رابوەستێت و هەوڵ و دەستپێشخەرییەکانی لەم رووەوە بخاتەوەگەڕ. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئێستا پارتی دادوگەشەپێدان پتر دەستوالایە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی جددی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی، چونکە کەمتر دەکەوێتە ژێر گوشاری ناسیۆنالیستە تورکەکان و ناچار نییە خۆی کۆت و بەند بکات بە حیساباتی ناوخۆییەوە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ساڵی ٢٠١٩ هەڵبژاردنێکی دیکەی پەرلەمانی ناکرێت، واتە هەم کاتێکی باشی لەبەردەستدایە و هەم زۆرینەیەکی پتەویشی دەستەبەر کردووە کە ئومێدەکە ئەوەیە ئەمە هاوشان بێت بە بوونی ئیرادە و ئامادەییەکی جددی بۆ کارکردن بە ئاڕاستەی چارەسەکردنی کێشەی کورد کە سەرەنجام ئەمە لە بەرژەوەندی دوورمەودای تورکیا و سەقامگیری و ئارامی ئەو وڵاتەش دەشکێتەوە.

**● پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا**

ئاشکرایە کە تا ساڵی ٢٠٠٧ پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەدگومانی و بێتمانەیی باڵی کێشابوو بەسەریاندا، تەنانەت زۆرجار دۆخەکە دەگەیشتە بەکارهێنانی زمانی هەڕەشە و گوڕەشە و لەشکرکێشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام لەو ساڵەدا ئاڵوگۆڕێکی ستراتیژی لە پێوەندییەکانی هەردولادا هاتەدی و بەرهەڵستکیردنی سەرسەختانەی واقیعی هەرێمی کوردستان گۆڕا بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی هاوکاری و پەرەپێدانی پێوەندیی دۆستانە و دوولایەنانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەش و کارکردن

**لە جێی خۆیدایە هەردوولا —تورکیا و هەرێمی کوردستان -پەرۆشی پاراستن و پەرەپێدانی پێوەندییەکانیان بن، لەبەر ئەوەی ناوچەکە پڕە لە هەڕەشە و مەترسی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیشی لە لێواری هەڵدێر و هەڵوەشاندنەوەدایە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خاوکردنەوە و پەکخستنی ئاڵ و گۆڕ و چالاکییە ئابوورییەکان و هەڵکشانی تین و تاوی مەترسییە ئەمنییەکان و دۆخە شڵەژاوەکەی ناوچەکە ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز دەکات**

**ئێستا پارتی دادوگەشەپێدان پتر دەستوالایە بۆ هەنگرتنی هەنگاوی جددی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی، چونکە کەمتر دەکەوێتە ژێر گوشاری ناسیۆنالیستە تورکەکان و ناچار نییە خۆی کۆت و بەند بکات بە حیساباتی ناوخۆییەوە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ساڵی ٢٠١٩ هەڵبژاردنێکی دیکەی پەرلەمانی ناکرێت، واتە هەم کاتێکی باشی لەبەردەستدایە و هەم زۆرینەیەکی پتەویشی دەستەبەر کردووە**

**ناوچە کوردییەکانی تورکیا و کوردی ئەو وڵاتە پشکی شێری کاریگەرییەکانی نائارامی ئەمنی و شڵەژانی ناوخۆییان بەرکەوت لە ماوەی ئەو پێنج مانگە پڕ لە تەنگژە و جەمسەرگیرییەدا. واتە پێشتر کورد سوودمەند بووە لە خستنەگەڕی پرۆسەی ئاشتی و هەنگرتنی هەنگاوەکانی چارەسەر و یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردی ئەو وڵاتە، تەنانەت ئەمە زەمینەی رەخساند بۆ ئەوەی پارتێکی کوردی وەک - هەدەپە- هەوڵ بدات خۆی وەک بەدیلێکی جددی بۆ سەرتاسەری تورکیا بخاتەڕوو**

بۆ ئاوێتەبوون و پشت بەیەکتر بەستنی ئابووری زیاتر لە نێوان هەردوولادا، ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندیە درێژخایەنەکانی هەردوولا دەکات. لە راستیدا پاراستن و پەرەپێدانی ئەو پێوەندییانە بۆتە زەروورەتێك، چونکە هەردوولا لە ناوچەیەکدان کە وڵاتەکان تێیدا بەدەست تەنگژە و گێژاوی سیاسی و ئەمنی و قەیرانی قووڵ و قورسەوە دەناڵێنن.

سۆنار چاپتای لە وتارێکدا بە ناوونیشانی Tu-keys Kurdish Path باس لەوە دەکات کە لەو ساڵەدا پرسیار لە بەرپرسێکی کورد کراوە لەبارەی ئەوەی «ئایا جیاوازیی ئێران و تورکیا چییە، ئەگەر ئێوە بتانەوێت لە ئایندەدا شەراکەت لەگەڵ یەکێکیاندا بکەن، لە وەڵامەدا دەڵێت: ئێران یان ژەهرت لەگەڵ هەنگویندا دەداتێ، یان هەنگوین لەگەڵ ژەهرا، لە کاتێکدا تورکیا، یان ژەهرت دەداتێ، یان هەنگوین». ئەم قسەیە ئاماژەیە بەوەی کورد بڕیاریان دا کە ئەو شەراکەتە لەگەڵ تورکیادا بکەن. بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوە بەرپرسەکانی تورکیا سەلماندیان کە بە ئەندازەی کورد هەڵوێستەکانی ئەوانیش جێی سەرسوڕمانە، چونکە چڵی زەیتوونی کوردیان قبووڵ کرد، ئەمە سەرەڕای ئەوەی وشەی کورد لە ئەنقەرە قەدەغە بوو، ئێستاش ئەو پێوەندییەیان بەرەو قووڵبونەوە و پەرەسەندنی زیاتر چووە. دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی تورکیا جارێکی دیکە پێگەیەکی پتەوی بە پارتی دادوگەشەپێدان بەخشییەوە کە دەتوانێت پتر پەرە بەو پێوەندییانە بدات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی کە دۆستایەتییەکی پتەو هەیە لە نێوان بارزانی و ئەردۆغاندا. لە راستیدا لە جێی خۆیدایە هەردوولا —تورکیا و هەرێمی کوردستان -پەرۆشی پاراستن و پەرەپێدانی پێوەندییەکانیان بن، لەبەر ئەوەی ناوچەکە پڕە لە هەڕەشە و مەترسی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیشی لە لێواری هەڵدێر و هەڵوەشاندنەوەدایە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خاوکردنەوە و پەکخستنی ئاڵ و گۆڕ و چالاکییە ئابوورییەکان و هەڵکشانی تین و تاوی مەترسییە ئەمنییەکان و دۆخە شڵەژاوەکەی ناوچەکە ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز دەکات، هەروەها بارگرانییەکی زیاتر بۆ هەردوولا دروست دەکات، بە تایبەتی کە ئەو هەموو پەنار و ئاوارەیە روویان تێدەکات، کە بارێکی قورس و گرانە بەسەر شانی هەردوولاوە. لەبەر ئەوە هەردوولا پێویستییان بە یەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تەحەددییاتانە و بەرگرتن بەو مەترسییانە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانە، بەتایبەتی دەوڵەتی ئیسلامی کە شارەزایان جەخت لەوە دەکەنەوە، دەبێت لەمەودا ئەنقەرە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە زیاتر هاوکاری بکات.

### ● سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە

ئاشکرایە تەوەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، یاخود بناغە بنەڕەتییەکەی ئەم سیاسەتە لە ئاست دراوسێکاندا بریتی بوو لە سیاسەتی سفر کێشە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، بەڵام رەخنەی ئەوە لە تورکیا دەگیرێت کە تەواو پێچەوانەی ئەمە روویداوە، واتە لە کاتێکدا تورکیا ئامانجی ئەوە بوو هیچ کێشەیەکی نەمێنێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا، ئەوا ئێستا هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ نەماوە کە کێشەی لەگەڵیدا نەبێت (from zero problem with neighbors to zero neighbors without problem)، بەڵام دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە ئەو دەرفەتە بە پارتی دادوگەشەپێدان دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا بکات، چونکە ئێستا پتر دەستکراوە و دەستوالایە و فشاری حیساباتە ناوخۆییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەوەی لەسەر نییە و زۆرینەیەکی گەورەی مسۆگەر کردووە و دەتوانێت ئاسوودەتر رەنگڕێژیی سیاسەتەکانی بکات لە ئاست کێشەکانی دەرەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەڵوێستی تورکیا لە ئاست کێشەی سووریادا ئەو وڵاتەی خستبووە باری ناکۆکییەوە لەگەڵ ئەمەریکاشدا، چونکە هەردوولا ئەولەوییەتی جیاوازیان هەبوو لە ئاست سووریادا، لە کاتێکدا تورکیا رووخانی ئەسەدی بە ئەولەوییەتی یەکەم دەزانی، ئەمەریکا پێداگیری لەسەر تێکشکاندنی داعش دەکردەوە، وەك هەنگاوی یەکەم، کە پێویستە لەمەودوا تورکیا پتر هاوکار بێت لە شەڕی داعشدا. هەر گرێدراو بەم پرسەوە، ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە لەگەڵ دەستێوەردانی سەربازی رووسیادا لە شەڕی سووریا، تورکیا دەستی لە سەرسەختی خۆی هەڵگرت کە پێداگیری دەکرد لەسەر ئەوەی دەبێت رۆیشتنی ئەسەد پێشمەرجی هەر چارەسەرێکی سیاسی بێت لەو وڵاتەدا و ئاماژەی بەوە کرد دەکرێت وەك بەشێك لە قۆناغی راگوزەری بمێنێتەوە. ئەمەش هەروەك سۆنار چاپتای دەڵێت: رەنگە یادەوەرییە مێژووییەکیان کاریگەرییان هەبووبێت، چونکە لە ماوەی نێوان سەدەی ١٥ بۆ سەدەی ٢٠دا ٢٠ جار شەڕ هەڵگیرساوە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی رووسیدا، کە لە هەر هەموویاندا رووسییەکان دەستپێشخەری شەڕ بوون و لە هەر هەمووشیاندا شکست چارەنووسی عوسمانییەکان بووە. بەڵام لە ئێستادا پارتی دادوگەشەپێدان لە پێگەیەکدایە بۆ ئەوەی بتوانێت وردتر و دروستتر رەسمی سیاسەتی ناوخۆیی و رەنگڕێژی سیاسەتەی دەرەوەی وڵاتەکەی بکات.




## سۆنەر چاپاتای

بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی تورکیا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# هاووڵاتیانی تورکیا بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری دەنگیان بە پارتی دادوگەشەپێدان دایەوە

**هەڵبژاردنی پێشوەختەی یەکی نۆڤمبەری تورکیا، بە ئاکامەکانی پارتی دادوگەشەپێدان هەموو لایەکی دووچاری سەرسوڕمان کرد، لەبەر ئەوەی پێش دەستپێکی هەڵبژاردنەکان، هیچ ناوەندێکی ڕاپرسی مەزندەی ئەوەی نەکردبوو لەم خولەی هەڵبژارندا جارێکی دیکە پارتی دادوگەشـــە پێدانی تورکیا، زۆرینەی دەنگەکان بە ئاســـتێك بەدەست بهێنێت کە بتوانیت بۆ ماوەی چوار ســـاڵی دیکەش بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت و ناچار نەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەت پەنا بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ حزبە سیاســـییەکان بەرێت. بۆ قســـەکردن لەســـەر ئەم پرسە گرنگە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی سۆنەر چاپاتای بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی تورکیا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

**هاتنەناوەوەی رووسیا بۆ ناو شەڕی سووریا، تورکیا نزیکتر دەکاتەوە لە هاوپەیمانی ناتۆ و وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی هاوکاریی نزیکتری تورکیا و ئەمریکا لە دژی داعش لە سووریا و عێراقدا**

**ئەکەپە لە جەمسەربەندی راست و چەپەکان سوودی وەرگرت بۆ ئەوەی دەنگەکانی خۆی زیاتر بچەسپێنێت**

**دەنگدەرە تورکە نەتەوەپەرستەکان لە گەڕانەوەی هێرشە تیرۆریستییەکانی پەکەکە دەترسن، هەروەها دەنگدەرانی کورد لە گەڕانەوەی شەڕی تەواو لە دژی پەکەکە لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکانی خۆیاندا دەترسن**

*** دەنگدەرانی تورکیا لە هەڵبژاردنەکانی مانگی شەشدا گوزارشتیان لە ناڕازیبوونیان لە ئەدای ئەکەپە دەکرد و ولایەتێکی تریان پێی نەدایەوە، نەك تەنیا بۆ ئەوەی دەستوورێکی نوێ دابنێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بشتوانێت حکومەتێکی تاکلایەنە دروست بکات، بەڵام لەم هەڵبژاردنانەدا ئەکەپە توانی زۆرینە بەدەست بێنێتەوە، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئەم گۆڕانە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە چ فاکتەرێکەوە ببەستینەوە و چی رووی دا بەسەر دەنگدەراندا تا ئەکەپە خەڵات کەن و زۆرینەی متمانەی پێبدەنەوە؟**

- سەرکەوتنی پارتی دادوگەشەپێدان (ئەکەپە) لە دووبارە دەنگدانە پەرلەمانییەکەی یەکی نۆڤەمبەردا جێی سەرسوڕمان بوو. لەبەرئەوەی هیچ ناوەندێکی دەنگدان نزیك نەبوو لە پێشبینی ئەم ئەنجامە ریشەییانە. دوو فاکتەر هەن، ئەم ئەنجامەمان بۆ روون دەکەنەوە. یەکەم: پێنج مانگی ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری رۆیشت بەسەر هەڵبژاردنەکانی مانگی شەشدا کە پەرلەمانێکی هەڵپەسێردراو و حکومەتێکی ناکارای بەرهەم هێنابوو، کە دەنگدەران داڕووخانی ئابووری و هاتنەخوارەوەی بەهای لیرە و زۆربوونی توندوتیژییەکانی پەکەکە و هێرشەکانی داعشیان بینی لە ئەنقەرە کە ١٠٢ کەسی کوشت، بۆیە زۆربەیان روویان کردە ئەکەپە و وەك لایەنێك سەیران کرد کە حکومەتێکی تاکلایەنە پێکبێنێت و سەقامگیری بگەڕێنێتەوە. سەرۆك رەجەب تەیب ئەردۆغان هێشتا سەرکردەی راستەقینە و واقیعی پارتەکەیە و خۆی وەك «پیاوێکی بەهێز کە دەتوانێت بتپارێزێت» نیشاندا و ستراتیژەکەشی کاری کرد، دەنگدەران ئاسایشیان لە بری ئازادیی کەسی هەڵبژارد. بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە دوو پێکهاتەی زۆر جیاواز پێکەوە دەنگیان بە ئەکەپە دا، ئەوانیش دەنگدەرە تورکە نەتەوەپەرستەکانن کە لە گەڕانەوەی هێرشە تیرۆریستییەکانی پەکەکە دەترسن و هەروەها دەنگدەرانی کورد لە گەڕانەوەی شەڕی تەواو لە دژی پەکەکە لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکانی خۆیاندا دەترسن. دووەم: لەبەر ئەوەی باڵی راستڕەو کۆڵەکەی سەرەکی سیاسەتی تورکییە، بۆیە ئەکەپە لە جەمسەربەندی راست و چەپەکان سوودی وەرگرت بۆ ئەوەی دەنگەکانی خۆی زیاتر بچەسپێنێت. پاش تەقینەوەکانی داعش لە ئەنقەرە، چەپەکان ( کە سەلاحەدین دەمیرتاش سەرکردایەتی دەکات و هاوسەرۆکی پارتی گەلی دیموکراتە —هەدەپە-) حکومەتیان لۆمە کرد بۆ هێرشەکە، لە هەمانکاتدا حکومەتیش چەپەکانی لۆمە کرد. ئەمەش جەمسەرگیرییەکەی وڵاتی قووڵتر کردەوە و وای لە هەندێك لە لایەنگرانی پارتی نەتەوەپەرستی راستڕەو (مەهەپە) کرد دەنگیان بگۆڕن بۆ پاڵپشتی پارتێکی راستڕەو کە ئەکەپە-یە.

*** سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە کە ئەکەپە پەیڕەوی دەکات بەتایبەتی لەگەڵ دراوسێکانی، هەندێك لە رەخنەگران پێیانوایە کە حکومەتی ئەکەپە لە «نەبوونی کێشەوە لەگەڵ دراوسێکانی» چووە بۆ «نەبوونی دراوسێ بە بێ کێشە»، پێشبینی دەکەیت ئەم پارتە دیسانەوە بە سیاسەتی دەرەوەیدا بچێتەوە و پاش هەڵبژاردنەکان هەڵیبسەنگێنێتەوە؟ هەروەها سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیا، خەبات و ململانێیەکانی رابردوو پیشانیداوە کە چارەسەری سەربازی ئەنجامی باشی نییە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەرئەنجامی دژی هەیە و کێشەکان خراپتر دەکات. لەچەند مانگی پێشووشدا رووخانی پرۆسەی ئاشتیمان بینی. پێتوا نییە باشترە تورکیا لەجیاتی ئۆپەراسیۆن و هێرشی سەربازی و ئاسمانی زیاتر دەسپێشخەری ئاشتی بکاتەوە؟**

- گەڕانەوەی ئەکەپە بۆ زۆرینەی یاسایی، لێپرسینەوەی وردی جەماوەری بەرانبەر سیاسەتی حکومەت لە سووریا کەم دەکاتەوە، لەناویاندا پاڵپشتی تورکیا بۆ شۆڕشگێڕەکانی دژی ئەسەد. بەڵام لەهەمانکاتدا هاتنی رووسیا بۆ شەڕی سووریا وا لە ئەنقەرە دەکات کە جارێکی دیکە بیر لە سیاسەتی سووریا بکاتەوە. بەشداریی کارای رووسیا لە سەر شانۆی سووری، وا لە ئەنقەرە دەکات کە وریاتر بێت لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشگێڕان. چونکە لەوانەیە سیناریۆیەکی کابوسی رووبدات کە تیایدا ئەو شۆڕشگێڕانەی لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن فڕۆکەیەك، یان هێلیکۆپتەرێکی رووسی بخەنە خوارەوە لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا، کە وا لە سەرۆك ڤلادیمێر پۆتین بکات، زۆر تووڕە بێت. ئەنقەرە چەندین دراوسێی هەیە، لەوانە: دراوسێ ئاوییەکانی لە دەریای رەش و دەریای ناوەڕاستدا. بە هاندانی گەشە ئابوورییە گەورەکەی و رێبازی سیاسەتی دەرەوەی داودئۆغلۆ و ئەردۆگان کە دەیانەوێت ببن بە هێزێکی هەرێمی. ئەنقەرە ئامادەیە رووبەڕووی هەریەکیان ببێتەوە. تا ئێستا ئەردۆگان بە ئاشکرا رەخنە لە سەرکردەکانی سووریا و عێراق و ئێران دەگرێت، لە راستیدا هیچ یەکێك لە دراوسێکانی تورکیا هەست بە ئارامی و سەلامەتی ناکەن بە هۆی توڕەییەکانی ئەنقەرەوە، بێجگە لە رووسیا. تورکیا وەك نەتەوە بە دەست دوودڵییەکەی ریشەیی و مێژووییەوە دەناڵێنێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی رووسیا. هەر لە دامەزراندنیەوە ئابووریی تورکیا زۆر پشتی بەستووە بە هاوردەی وزەی رووسی. زیاتر لە نیوەی بەکارهێنانی گازی




سرووشتیی تورکیا لە رووسیاوە دێت، بۆیە لەبەر ئەمە تورکیا ئەگەری ئەوەی نییە رووبەڕووی مۆسکۆ ببێتەوە، تەنانەت کاتێك رووسیا بەرژەوەندییەکانی تورکیا کەمیش بکاتەوە وەك لە سووریادا کردی.

لە رووی مێژووییەوە، تورکیا هۆکاری خۆی هەیە بۆ ئەوەی لە رووسیا بترسێت. لە نێوان ساڵانی ١٥٦٨، کاتێك عوسمانییەکان و رووسیا یەکەم جار بەریەککەوتن، تا کۆتایی ئیمپراتۆریەتی رووسی لە ١٩١٧ دا، تورکەکان و رووسەکان بەلانی کەمەوە ١٧ جەنگیان لەگەڵ یەك کردووە، لە هەر رووبەڕووبوونەوەیەکدا رووسیا هۆکار بووە و سەرکەوتووش بووە. سەرەڕای ئەوەش، رووسیا لەم دواییانەدا بووە دراوسێی تورکیا لە نیمچە دورگەی قەرمەوە لە باکوور و ئەنتالیا لە باشوورەوە. زیاتر لە جاران ئەردۆگان لەوانەیە حەز بکات بە رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی بگات سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی جەنگی سووریا، لەوانەش مانەوەی ئەسەد وەك سەرۆك لە ماوەی گواستنەوەدا. هەروەها هاتنەناوەوەی رووسیا بۆ ناو شەڕی سووریا، تورکیا نزیکتر دەکاتەوە لە هاوپەیمانی ناتۆ و ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی هاوکاری نزیکتری تورکیا و ئەمریکا لە دژی داعش لە سووریا و عێراقدا. لەبەرەی کوردەوە، تورکیا پێوەندی باشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەهێڵێتەوە کە لەلایەن مسعود بارزانی-یەوە سەرکردایەتی دەکرێت. لەلایەکی ترەوە پێوەندی تورکیا بە کوردی سووریاوە، بەتایبەتی پەیەدە، کە نزیکە لە پەکەکەوە، دەخرێتە پەراوێزی سیاسەتی ئەردۆگان سەبارەت بە پەکەکە لەناو وڵاتدا. ئایا پێویستە ئەردۆگان ئۆجەلان و پەکەکە بێنێتەوە ناو گفتوگۆکانی ئاشتی، لەوانەیە و لێرەشەوە پێوەندیەکی باشی دەبێت لەگەڵ کوردی عێراق و تورکیا و سووریا. هاوکاری ئەردۆگان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە دژی داعش و بەرەوپێشچوونی سیاسەتی تورکیا بەرانبەر هاوپەیمانە کوردەکانی، دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بەلانی کەمەوە هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لەو گرژییانەی لە پێوەندیەکانی لەگەڵ واشنتۆن درووستبووە سەبارەت بە پێگەی دیموکراسی لە تورکیادا.




**پاوڵ سۆلیڤان**

پسپۆڕ لە ئاسایشی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەمریکا و دەوڵەتانی سوننە ڕووسیا وەک هاوپەیمانی شیعە سەیر دەکەن

**د.پاوڵ سـۆلیڤان پرۆفیسـۆری ئابوورییە لە زانکۆی بەرگریی نەتەوەیی و پرۆفیسـۆری دیراسات و زانستی ئەمنی و کاروباره نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جۆرج تاون. وانەبێژی پرسـەکانی ئاسـایش و وزەی جیهانی و ئاسایش و وزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرچاوە سرووشتییەکان و ناکۆکییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا. وەك شـارەزایەکی نێودەوڵەتی ناسـراوە لە چەندین بواری گرنگدا، وەك پرسەکانی ئاسایش نێودەوڵەتی و کاروباره ئابووری و سیاسـی و سـەربازییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکووری ئەفریقیا. گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاسـتەکرد لەبارەی گۆڕانکاری و پەرەسەندن و رووداوەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەرەکانی ئاینده و چارەنووسـی ناوچەکە بە گشـتی و پرسـی دوارۆژی کورد بەتایبەتی، ئەویش بەم شـێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** پاش هاتنە ناوەوەی رووسـیا بۆ هێرشکردنەسـەر تیرۆریستان لە سووریا، هاوکێشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت جۆرێك لە وەرچەرخانی بەسـەردا هاتووە، ئەمەش مانـای ئەوەیە کە رۆڵی سـەرەکیی هەبێت لە داڕشتنەوەی سیاسـەتی هەرێمایەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تاچەند بەشداریی راستەخۆی رووسیا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ناتۆ چاو بە هەڵوێستەکانیاندا بخشێننەوە؟**

- دەسـتێوەردانی رووسـیا لە سـووریا حیسـاباتی زۆریـەك لەو لایەنانـەی گۆڕیوە کە تێـوەگلاون لە بارودۆخەکـەوە. هەرچییەك بێت رووسـیا یاریزانێکی سەرسەختە و ئامانجی خۆی هەیە کە بە لانی کەمەوە پێموایـە یارمەتیدەری کاتی رژێمەکەی ئەسـەدە، تا ئەلتەرناتیڤێکی بـۆ دەدۆزرێتەوە. بە ئامانج نەگرتنی داعش لەلایەن رووسـیاوە و هێرشکردنەسەر لایەنەکانی دیکە لەلایـەن ئەم وڵاتەوە، بۆتە هـۆی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە، ئەوەش پێمان دەڵێت بۆ رووسیا پاراستنی رژێمەکە گرنگترە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش. بوونی فڕۆکەکانی رووسـیا و سەربازەکانی ئەو وڵاتە لە سەر زەمیـن بارودۆخەکەی گرژتر کردووە، ئەگەری ئەوەش هەیە زیاتر مەترسیدارتری بکات. ئەگەری ئەوە هەیە فەڕەنسـا و بەریتانیا و ئەوانی دیکـە پتر تێوەبگلێن لە بارودۆخی سووریا و هەروەها بارودۆخی عێراقیش. بەهۆی سیاسـەتی ناوخۆیـی وڵاتەکـە و هەروەها بەهۆی هەڵبژاردنەکانی داهاتووشـەوە، بەتایبەت کە تەمەنی ئیدارەی ئێسـتای ئەمریکا لە کۆتایی نزیك بووەتەوە، ئـەوا کار و کردەوەکانی ولایەتەیەکگرتووەکان لە مەودایەکی سنووردارداا دەمێنێتەوە و ئەمەریکا پەنا بۆ کردەوەی گەورە و توند نابات.

*** لە سـەردەمانی شەڕی سـارددا هاوپەیمانەکانی رووسـیا بنەمایەکی ئایدیۆلۆژییان هەبوو، بەڵام ئێستا خەریکە مەزهەبی ئایینی ئەم جەمسـەربەندییە پۆلێن دەکات. ئایا تاچەند مەزهەبی شـیعە و سـوننە ئەم هاوپەیمانییەی دابەشکردووە؟**

- ئەمریکا، رووسیا وەك هاوپەیمان نابینێت و پاڵپشتی ئەسەد ناکات. ئەمە بۆ سعودیە و زۆر وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش راستە. ئەمە بەڕاستی بارودۆخێکی ئاڵۆزە کە زۆر لایەن تێوەیـگلاون و هەندێکجار بەرژەوەندیی ناکـۆك و دژبەیەکـی تێدایە، تەنانەت لـە ناو هەر وڵاتێکیشـدا ئەمە بـەدی دەکرێت. ئـەو خەڵکانەی بەشـێکن لە داعش، دەتوان ببن بە بەشـێك لە گرووپە توندڕەوەکانـی تریـش. هەندێکجـار روون نییە کێ چییە لەسـەر زەمین، تەنیا شتێك کە روونە ئەوەیە کە ئەوانەی لـە رادەبەدەر تونـدڕەون و دوژمنی کورد و تورك و ئێرانـی و هەموو جیهانن. ئەوانەی کە لە نێو ئەو قەوارە شەڕانگێزەدان کە ناوی دەوڵەتی ئیسلامییە ودوژمنی جیهانن. خۆشیان دوژمنانیان زۆرە، باشترین رێگەش ئەوەیە دوژمنەکانی داعش پێکەوەکار بکەن بۆ رزگارکردنی ناوچەکە و جیهان لەم شـێرپەنچەیە. هەر بۆیە من هیوادارم سنووری ئەم شیکردنەوەیە تێپەڕێنین. چونکە هیچ هۆکارێکی ئایدیۆلۆژی و ئایینی نییە کە پاساوی ئەوە بێت رووسیا پێیوابێت پێویستە هاوپەیمانی وڵات و گرووپە شیعەکان بێت. بەڵام ئیدی دەقپێوەگرتن و دەرفـەت و مێژوو دۆخکێکیان دروسـت کردووە کە هـەل و مەرجەکە بەم شـێوەیە کەوتۆتەوە. هەرچۆنێك بێت، عێـراق تەنیا لە شـیعەکانی باشـووردا کورت نابێتەوە و دەبێت ئەو راسـتییەش لە نێو ئاڵۆزییەکانی سـەرجەم ئەم بارودۆخانەدا لەبەرچاو بگرین. هیوادارم گرژییەکانی نێوان سوننە و شیعەکان ناکۆکیی ئەمریکا و رووسیا بە دوای خۆیدا نەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بە خراپ دەشـکێتەوە بەسەر هەموو ئەو لایەنانەی لە بارودۆخەکەوە تێگلاون. بەڵام وادەردەکەوێت کە ناوچەکە

**حاڵی حازر سنوورەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. گەرچی زۆر خەڵک هێشتا هەستیان پێنەکردووە، لەبەر ئەوەی جیهان خۆی خەواندووە لەئاست ئەو کارەساتانە. سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، ئەو سنوورانەی کە چەندین سەدەیە لەلایەن بێگانەکانەوە کێشراون، ئێستا لەلایەن خەڵکی ناوچەکە خۆیە دەکێشرێنەوە**

**کورد دەتوانێنت ببێتە بەشێکی گەورە بۆ چارەسەری زۆرێک لە کێشەکانی ناوچەکە. کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەو ناوچەیەکی باشتر هەنگاو بنێن، پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێت**

بەرەو زریانێکی گەورەتر دەچێت. شەڕی تائیفی و گرژییەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ئاو دەکەن بە ئاشی ئەم زریانەدا، هەروەها با ئەوەشمان لەبیر نەچێت گرتنەبەری سیاسەتی واقیعی (realpolitik) لەلایەن ئەو هێزانەی تێوەگلاون ئەم زریانە بەهێزتر دەکات، ئەمەش ئامانجەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات و داهات و مانەوە و ئامانجەکانی دیکە لە خۆدەگرێت. بەڵام گرژییە تائیفییەکان لە سنووری ئایینیدا قەتیس نابن. بەڵکو پتر پەیوەستە بە بەدەستهێنانی داهات و دەسەڵات و پێگەی ستراتیژی و هەوڵدانە بۆ هەژموون. هەروەها رادەیەکی زۆر لە خێڵەکیش لە خۆدەگرێت، بۆیە وای نابینم شتێکی ئیجابی لەمە بکەوێتەوە. بەم زووانەش هیچ دەرفەتێکی راستەقینە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە نابینم کە بەهۆی کەوتنی بەشێك لە سووریا و عێراقەوە بێتەئاراوە. لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کە یارزانێکی زۆری تێدایە و زۆر ئاڵۆز بووە و ئامانجی زۆری تێدایە، دەکرێت هەڵە روو بدات. دەبێت هیوابخوازین کە ئەو تۆفانی توندوتیژی و ناسەقامگیرییەی کە بەڕێوەیە، بوەستێت، بەڵام هیچ سەرکردەیەکی ستراتیژی و گەورە نابینم بتوانێت ئەمە بوەستێنێت. لە زۆر رووەوە ئەم کێشانە و ئەو کوشتار و کاولکارییەی لێدەکەوێتەوە، بەرئەنجامی نەبوونی سەرکردایەتییەکی ناوچەیی و جیهانییە، هەروەها بەرئەنجامی نەبوونی ئەخلاقییاتی پێویستە بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان لە نێو زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە سەرکردە ناوزەد دەکرێن و لەو بارودۆخەوە تێگلاون. سەرکردایەتییەکی راستەقینەی ستراتیژی و ئەخلاقی پێویستە و ئەوەی من بەدی دەکەم، ئاست و ئەندازەیەکی کەمی ئەم ئەخلاقییاتە لە ئاست بارودۆخەکەدا نییە.

*** رووسیا هەمیشە وەك هاوپەیمان لە هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست حیسابی بۆ کراوە، بەڵام ئایا لەم هاوکێشە تازەیەدا مەزەندەتان بۆ کاردانەوەی ئیسرائیل چییە؟**

- پێویستە ئیسرائیل زۆر وریا و بێدەنگ بێت لەم بارەیەوە، ئێستا بارودۆخی ئیسرائیل لە رووی ئەمنییەوە زۆر ناسکترە، بە بەراورد بە بارودۆخی سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتەکەیان.

*** لە شەڕ دژی تیرۆریستانی داعش، کورد لایەنێکی گرنگی ئەم شەڕەن و وەك هاوپەیمانی ئەمریکا و ناتۆ دەبیندرێن، سەرەڕای ئەوەش کوردەکان بە شوێن خەونی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانەوەن. ئایا تا چەند کورد لە هاوکێشەی نوێی گۆڕانکارییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا سەبارەت بە بانگەشەی سەربەخۆییان پێگەیەکی بەهێزیان دەبێت؟**

- رێککەوتننامەی سیڤەر کە رۆژگارێکی دوور و درێژ پێش ئێستا ئەنجام درا- دەوڵەتی بە کورد رەوا دەبینی، بەڵام ئەم رێککەوتنە نەیتوانی بەرگەی ئەو گۆڕانکارییە بگرێت کە لە سەرکردایەتی ناوچەکەدا هاتەئاراوە. کورد، توندڕەوەکانیانی لێ دەرچێت، دەتوانن ببنە بەشێکی گەورە لە چارەسەر بۆ زۆرێك لە کێشەکانی ناوچەکە. پێویستە دوژمنە راستەقینەکان لە هاوپەیمان و دۆستەکان جیابکرێنەوە. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. پێویستە چارەسەری نەهامەتییەکانی رابردوو بکەین بۆ ئەوەی ناوچەکە لە کوشتاری بەکۆمەڵی زیاتر و زریانی سیاسی و سەربازیتر کە بەڕێوەیە، بپارێزین. چونکە روودانی ئەمانە حەتمی نییە و لە چارەنووسیان نەنووسراوە. هەندێکجار دەبێت مامەڵەی زۆر قورس بکرێت لە پێناو خێر وخۆشیی ناوچەکە و جیهان. بۆیە من وای دەبینم کورد دەتوانێنت ببێتە بەشێکی گەورە بۆ چارەسەری زۆرێك لە کێشەکانی ناوچەکە. کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەو ناوچەیەکی باشتر هەنگاو بنێن، پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێت.

*** شارەزایان و توێژەران گفتوگۆ لەسەر ئەگەرە حەتمییەکانی گۆڕان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن. تا چ رادەیەك دەرفەت هەیە کە سنوورەکان بگۆڕێن و نەخشەیەکی نوێ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکێشرێت؟**

- حاڵی حازر سنوورەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. گەرچی زۆر خەڵك هێشتا هەستیان پێنەکردووە، لەبەر ئەوەی جیهان خۆی خەواندووە لەئاست ئەو کارەساتانە. سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، ئەو سنوورانەی کە چەندین سەدەیە لەلایەن بێگانەکانەوە کێشراون، ئێستا لەلایەن خەڵکی ناوچەکە خۆیە دەکێشرێنەوە، جا بێگانەکان پێیان خۆش بێت، یان نا. سووریا چیتر وڵاتێك نییە و کۆتایی هاتووە، عێراق و یەمەنیش تا رادەیەك پارچەپارچە بوون. لیبیا دەوڵەتێکی شکستخواردووە و رووداوی دیکەش بەڕێوەن. زەحمەتە توندوتیژی و ناسەقامگیرییەکانی ناوچەکە وا زوو چارەسەربکرێن. بۆ من مایەی سەرسوڕمان نییە کە ببینم بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نەخشە و سنوورەکان دەگۆڕێن. ناوچەکە لە بارێکی نالەباردایە، ئەم بارەش کۆتایی نایەت، تاوەکو بە باشی هۆکارە سەرەکییەکانی چارەسەر نەکرێن، ناشبینم ئەمە بەم زووانە رووبدات. پێویستە خەڵکە باش و سەرکردە باشەکانی ناوچەکە پێکەوە کاربکەن و بە لانی کەمەوە بۆ ماوەیەك جیاوازییەکانیان وەلاوە بنێن، بۆ ئەوەی ناوچەکە لە هەڕەشەکانی ئێستا و داهاتوو رزگار بکەن.

**گرژییە تائیفییەکان لە سنووری ئایینیدا قەتیس نابن. بەڵکو پتر پەیوەستن بە بەدەستهێنانی داهات و دەسەڵات و پێگەی ستراتیژی و هەوڵدانە بۆ هەژموون**

**هیوادارم گرژییەکانی نێوان سوننە و شیعەکان ناکۆکیی ئەمریکا و رووسیا بە دوای خۆیدا نەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بە خراپ دەشکێتەوە بەسەر هەموو ئەو لایەنانەی لە بارودۆخەکەوە تێگلاون**

**بە ئامانج نەگرتنی داعش لەلایەن رووسیاوە و هێرشکردنەسەر لایەنەکانی دیکە لەلایەن ئەم وڵاتەوە، بۆتە هۆی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە، ئەوەش پێمان دەڵێت بۆ رووسیا پاراستنی رژێمەکە گرنگترە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش**

# گەر ئەسەد مرد چی..؟

*ئەم پرسیارە کاتی خۆی محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە عەبدولحەلیم خەدام-ی جێگری پێشووی حافز ئەسەدی کردبوو، کە پرسیبووی لە کاتێکدا ئێوە ئەمڕۆ لە قەیرانێکی سەختدان بەرامبەر ئیسرائیل لە (جۆلانەوە) ڕۆژانە هەڕەشەتان لێ دەکرێت، وێڕای ئاریشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکانتان. لەوەڵامدا خەدام دەڵێ: بەرگەی مردنی حافز ئەسەد ناگرین، چونکە جومگەکانمان خراپ لێك ترازاون و دوابەدوای ئەوە لە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش باسل ئەسەد کە بڕیار بوو جێگرەوەی باوکی بێت، بە ڕووداوی هاتوچۆ لە ڕێگەی فڕۆکەخانە گیانی لەدەست دا، لای خۆم گومانم لەو جۆرە مردنە هەیە، چونکە ئەو شوێنەی ناوبراو تێیدا مردووە ڕێکترین و چۆڵترین ڕێگایە لە دیمەشق! بەهەرحاڵ دوابەدوای ئەوە کتوپڕ حافز ئەسەد مرد و پەرلەمان بە پەلە ڕێژەی تەمەنی بەشاری وا ڕێکخست کە بشێ ببێتە سەرۆك کۆمار، چونکا ئەوسا تەمەنی بەشار کەمتر بوو لەوەی بتوانێت ئەو پۆستە وەربگرێت!

ئەمڕۆ هەمان پرسیاری هەیکل ئەمریکا دەیکا و دەبێژێ: گەر بەشار بمرێت، یان کودەتای بەسەردا بکرێ، یاخود هەڵبێت، چارەنووسی سووریا بە کوێ دەگا؟ ڕەنگە وەڵامەکەی نەك ئاسان نەبێ، بەڵکو لە قورس، قورستر بێت، بەو پێودانگەی ناوبراو سووریای بە یەکجاری وێران کردووە و کەمتر لەسەدا حەقدەی خاکەکەی بەدەستەوە ماوە و ئەویتر لە چنگی داعش و بەرەی نوسرە، یان شەڕڤانانی کورد و سوپای ئازاد-دایە، وەلێ هەر هەمووی بە خاپور و خەراباتکراوی.

*حزبی بەعس، بەتایبەت لەم چوار ساڵەی ڕابردوودا، نەك سەرخان بەڵکو ژێرخان و هەرچی پێداویستیی ژیان و ژیارە لەناوی بردووە. لێرەدا ڕێك ئەو قسەیەی میشێل ئەفلەقی دامەزرێنەری حزبی بەعس-م بیرکەوتەوە کە دەڵێ: «ئەو دەمە دەستبەرداری دەسەڵات دەبین لە عێراق و سووریا کە هەردوو وڵات لەگەڵ خاك تەخت بکەین»! ڕێك وادەرچوو، دەسەڵاتی سەدام- مان بینی و وا کاولکاری سووریاش بەردیدەیە.

*ڕژێمی سووریا گەرچی لەم ماوەیەدا وڵاتانی ئێران و رووسیا و عێراق، هەروەها حزبوڵای لوبنانی بە هەموو جۆرە پێداویستییەکی مرۆیی و سەربازی پشتیوانیيان لێ کردووە و بەردەوامن، بەڵام پێ ناچێت تا سەر هەلومەرجەکە وەك ئێستا بەردەوام بێت.

کۆبوونەوەی ڤیەننا-ی دووەم کە بە دوو قۆناغ لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، یەکەمیان چوارقۆڵی و ئەویتر وێڕای لایەنە بنچینەییەکان، هاوکات تورکیا، ئەردەن، میسر، عێراق، لوبنان واتا حەڤدە وڵات تێیدا بەشداربوون، پاشان بۆ یەکەمجار ئێران-یش بەشداری کرد و بە چڕی باس لە حکومەتێکی ئینتیقالی کرا، گەرچی بە ڕۆشنی و ڕەوانی ڕانەگەیەندرا هەنگاوەکانی داهاتوو چۆن دەبن، لێ وامەزندە دەکرێت، ئەستێرەی ئەسەد ڕۆژ بە ڕۆژ لە داکشاندا بێت، چونکە هیچ وڵاتێك ئامادە نییە بەرژەوەندی باڵای خۆی بکاتە قوربانیی سەرۆکێکی دیکتاتۆری دۆڕاوی وەك ئەسەد.

*تائێستا بەرەی ئەمریکا و سعودیە و ئورد نو ئەوانی دی، بە هیچ چەشنێك لەگەڵ تەرحی ڕاگەیەندراوی -مۆسکۆ و تاران-دا نین کە لە هەر پرۆسەیەکی سیاسیی داهاتووی ئەم وڵاتە بەشاری عەلەوی ڕۆڵی هەبێت. ئەمڕۆ لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە ئەندازەیەك مۆسکۆ ئیحراج بووە، چی دەکات، ناتوانێ سیمای خۆی پاك بکاتەوە، بەتایبەت بۆ ئەوان کە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت دووەم جارە ڕاستەوخۆ بەشداری هێرشی چەکداری لە دەرەوەی وڵاتەکەیان دەکەن، یەکەمیان کاتێك (K4) یوگوسلافیای ئازاد کرد، ڕووس ڕاستەوخۆ هاتن کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەی پایتەختەکەیان کرد، ئەمێستاش بە فڕۆکە پشتیوانی بەشار ئەسەد دەکەن، بۆیە واپێ دەچێت بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێن خۆیانی بە ڕووسووری لێ دەرباز بکەن.

*بەشار و ڕژێمەکەی ئایندەیان نەماوە، ئەوەی هەیە، تەنیا کاتە، باشترین بەڵگەش ئاخاوتنی بەرپرسی هەواڵگریی فەرەنسا-یە کە گوتی: مەحاڵە جوگرافیای ناوچەکە بەتایبەت سووریا و عێراق وەك جارانی لێبێتەوە.

*زۆر لە کارزانانی سیاسی وا دەڕوانن بەشار ناتوانێت ببێتە سەدام و لە کوخێکی ژێر زەویدا دەستگیر بکرێت و دواتر لەسێدارە بدرێت، بۆیە واباشترە ڕوو لە مۆسکۆ، یان تاران بکات، هاوشێوەی (مۆبۆتۆ سیسیسیکۆ) لە تاراوگە بمرێت، بە غەیری ئەوە مەحاڵە ئەو بارودۆخە تا سەر وەك ئێستای بۆی بلوێ، قەتڵوعام و پێداکردنی کیمیایی و بەرمیلی پڕ لە بارووت ناتوانێ بیگەیەنێتە کەناری ئارامیی پڕ لە ئارەزوی خۆی.



شازاد ئەنوەر



## عەبدولڕەحیم رفاعی

سیاسەتمەدار و سەرۆکی پێشووی دەستەی دەستپاکیی عێراق بۆ گوڵان:

# نەبوونی شەفافییەت و دەسەڵاتی دادوەری هۆکاری شکستهێنانی پرۆسەی چاکسازین لە عێراقدا

# لە ماوەی حوکمڕانیی مالیکی ٥٤٠ ملیار دۆلار دیار نەماوە و کەس نازانێت چی لێکراوە

**دیارە ئەو پرۆســـە چاکسازییەی کە سەرۆك وەزیرانی عێراق (حەیدەر عەبادی) بەم دواییە لە جومگە ئیداری و داراییەکانی حکومەتەکەی خستیەڕوو، تا ئێستا چ لە رووی تیۆری، یان پراکتیکییەوە هیچ ئامانجێکی ئەوتۆی بەرەو ریشەکێشکردنی گەندەڵکار و تۆمەتبارانی ئەو جومگە هەستیارانە نەپێکاوە، بۆیە دەکرێ بڵێین کە هۆکاری ئەمە نەبوونی دەســـەڵاتێکی پتەوی دادوەری، یان پشـــتگیرینەکردنی تەواوی پەرلەمانی عێراق و بەرپرســـانی حکوومی و حزبییە بۆ ئەنجامدانی ئەم چاکســـازییە. عەبدولڕەحیم رفاعی سیاســـەتمەداری عێراقی و سەرۆکی پێشووی دەستەی دەســـتپاکیی لەمیانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی گوڵاندا بە تێروتەسەلی رۆشنایی دەخاتەسەر لایەنەکانی ئەم پرۆسەیەی چاکسازی لە عێراقدا.**

*** بەم دواییە پرسی چاکسازی لە عێراق بۆتە بابەتێکی گرنگ، بەپێی زانیاریتان ئەم پرۆسەیە بەکوێ گەیشت و چی لێ چاوەڕوان دەکەن؟**

- من پێموایە خســـتنەڕووی ئەم جۆرە چاکسازییە بە هۆی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەی ئێســـتا هیـــچ ئامانجێك ناپێکێ و بە بڕوای خۆم چاکســـازییەکی ئەوتۆ نابینم لەســـەر ئەرزی واقیع، چ لە رووی تیۆری، یان پراکتیکییەوە. جـــارێ کە باس لـــە گەندەڵی دەکـــرێ، دەبوو بەپێی یاســـاو رێنماییەکان پرەنسیپی (ئەمەت لە کوێ بوو؟) جێبەجێ بکرابایـــە، بەڵام ئەم هەنگاوە زۆر ســـاردەو هیچ لێپێچینەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ گەندەڵکاران نەکرا، باشـــە خۆ ئێمە وەکو عێراقی هەموومان چاك دەزانین کێ گەندەڵی کردووە لە حوکمڕانەکانی پێشـــوو و کێ ئێستاش خەریکی بەتاڵانبردن و بەهەدەردانی سامانی نیشتمانیی ئەم وڵاتەیە لە کەسایەتیی سیاسی و ئایینی و حزبی و تەنانەت خودی هێزو کوتلە سیاســـییەکان بە تێکڕا خەریکی ئەم کارەن، ئایا کەس هات لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات و پێیان بڵێ ئەم هەموو سامان و موڵك و پارەتان لەکوێ بوو؟ تێیاندایە کەناڵی ئاسمانی داناوەو بـــە پارەی عێراق یان باڵەخانـــەو ئەپارتمانی گەورەیان دروستکردووە تەنانەت لە دەرەوەی عێراق بە ریز شوققەیان کڕیوە، هەروەها لە بواری ئیداریشەوە هیچ نەکراوە کوا ئـــەو بەڵێنانەی درابوون بۆ لابردن و هەڵوەشـــاندنەوەی پۆستی جێگرانی ســـەرۆك کۆمار کە خۆی لەخۆیدا پۆستێکی زیادە و بەو هەموو پاسەوان و بەرپرسانەی کە لەگەڵیانـــدان و مووچەی خەیاڵی وەردەگرن؟ بۆیە من دەڵێم حکومەت ناتوانێ هیچ هەنگاوێك بەم ئاراستەیە بهاوێژێت، لەوەش دڵنیام کە عەبادی ســـەرۆك وەزیران نیازی هەیە چاکســـازی بکات، بـــەڵام پێی ناکرێ، چونکە ئەوانەی سوودمەندن ناهێڵن ئەم کارە بە تەواوی بکات، لەبەر ئەوە پەرلەمان بۆ خۆ دوورخســـتنەوە لەم پرۆسەیە تۆپەکەی هاویشـــتە یاریگای عەبادی، ئەو هەموو قەیرانـــەی کە لە ئارادایە وەك قەیرانی ئەمنی

**پەرلەمانی عێراق بۆ خۆدوورخستنەوە لە پرۆسەی چاکسازی تۆپەکەی هاویشتە یاریگای عەبادی، ئەو هەموو قەیرانەی کە لەئارادایە ئیشی پەرلەمانە کە بەدواداچوونیان بۆ بکات**

**ئەوە مالیکی بوو لەم چەند ساڵەدا قەیرانی ئابووری دروستکرد و لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ شەڕی تایفەگەریی لە عێراق هەڵگیرساند و کارەساتی کۆمەڵایەتی و مرۆیی بەرپاکرد، هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەویش داعش زۆربەی ناوچەکانی جگە لە هەرێمی کوردستان داگیرکرد**

**نووسینی رۆژنامەیەکی بیانی سەرنجی راکێشام کاتێ وەسفی عەبادی کردبوو کە (پیاوی پۆستە نەک دەسەڵات) کەواتە بڕیارەکانی هەموویان رووکەشین و ناچنە واری جێبەجێکردنەوە**

و بەرپەرچدانەوەی تیرۆر و ئابووری ئەو دۆسیێیانە ئیشی پەرلەمانە کە بەدواداچوونیان بۆ بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە خستیانە ئەستۆی عەبادییەوە، پەرلەمانی عێراق سەرەتا دەسەڵاتی چاکسازی دایە عەبادی، بەڵام کە دەستی پێکرد هەموو کوتلە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان پشتیان تێکرد و وەك بڵێیت کە هەر لە ئارادا نییە، هەرچەندە ئەم هەنگاوە لە رووی دەستووری و یاساییەوە لە دەسەڵاتی عەبادیدا نییە ئەگەر پەرلەمان هاوکاری و هەماهەنگیی نەکات تاکو بە شێوەیەکی رێك و پێك و دوور لە هەستیاریی سیاسی بەڕێوە بچێت.

*** پێتوا نییە ئەم هەموو قەیرانانە پاشماوەی بەجێماوی ماوەی حوکمڕانیی نوری مالیکییە کە بۆ دوای خۆی ماوەتەوە؟**

- بەڵێ راستە، ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە حوکمڕانییەکی شکستخواردووی تاوانبارو خراپی ئەو سەرۆك وەزیرانەیە کە بۆ عەبادی و وڵات ماوەتەوە، تا ئێستا چارەنووسی ٥٤٠ ملیار دۆلار نازانرێت کێ بردوویەتی و بۆ کوێ چووە، ئەو پارەیە لە ماوەی هەشت ساڵەی حوکمڕانیی مالیکی دیارنەماوە، خەڵکەکە نازانێت، بەڵام حکومەت و بەرپرسان و دیوانی چاودێریی دارایی ئاگایان لێیە، کە بردراوە بۆ دەرەوەو کۆمپانیاو بەرژەوەندیی تایبەتی پێ بەڕێوە چووە، لەم ماوەیەدا ئەو پارەیە لە فرۆشتنی نەوتەوە دەست عێراق کەوتووە، خودی مالیکی بوو کە داعشی هێنایە عێراق و دەرگای لەبەردەم تیرۆریستان خستە سەرپشت، ئەوە مالیکی بوو لەم چەند ساڵەدا قەیرانی ئابووریی دروستکردو لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ شەڕی تایفەگەریی لە عێراق هەڵگیرساند و کارەساتی کۆمەڵایەتی و مرۆیی بەرپاکرد، ئەوە بوو دواتر کە داعش زۆربەی ناوچەکانی داگیرکرد جگە لە هەرێمی کوردستان و بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەر ئەم ناوچانەدا گرت کە سوپاکەی مالیکی نەیتوانی بەرگریان لێ بکات، هەر لەبەر ئەوە بوو کە گەندەڵی هەموو جومگەکانی ئیداری وڵاتی گرتەوە و عێراق تووشی ئەو هەموو قەیرانە کرد.

*** کاتێ ئاماژەت بۆ ئەوە کرد کە عەبادی ناتوانێ پرۆسەی چاکسازی ئەنجام بدات، پێتوانییە کە رەنگە هۆکارێکی ئەمە رۆڵی خودی مالیکی یان حزبەکەی یان مەرجەعییەت بێت؟**

- خۆی هەموو کوتلە سیاسییەکان هۆکاری ئەوەن، سەبارەت بە مەرجەعیەت من وای دەبینم کە رۆڵی مەرجەعییەت تەنیا ئامۆژگاری و ئاراستەکردنە، بەڵام توانای دروستکردنی بڕیاری نییە، بۆیە کوتلە سیاسی و دامەزراوە سیاسییەکان بەرپرسیارن، بۆ نموونە پەرلەمانی عێراق دەتوانێ بڕیارو یاسا دەربکات و عەبادیش جێبەجێیان بکات، لەبەر ئەوە ئێمە لە عێراق کەسایەتیی سیاسیمان هەیە کە دەست بەسەر حزبەکاندا دەگرن و ئاراستەیان دەکەن، ئەگەر ئەم چاکسازیانە جێبەجێ بکرێن ئەوا بەرژەوەندیی خۆیان و حزبەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە زۆربەیان لە گەندەڵییەوە گلاون و گومان لەخۆیان دەکەن و ئەو کاتە پەردە لە روویان هەڵدەماڵرێت و ریسوا دەبن، ئەوان هەر یەکەیان کە دێت بانگەشە بۆ چاکسازی دەکات، بەڵام لە راستیدا هیچ کامێکیان لەگەڵ چاکسازیدا نین، بۆیە جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە عەبادی ناتوانێ چاکسازیی بکات، من نووسینی رۆژنامەیەکی بیانی سەرنجی راکێشام کاتێ وەسفی عەبادی کردبوو کە (پیاوی پۆستە نەك دەسەڵات) کەواتە بڕیارەکانی هەموویان رووکەشین و ناچنە واری جێبەجێکردنەوە. لە راستیدا خۆی هەر وایە، ئەو پیاوە بە تەنیا هیچی پێناکرێ لەنێو ئەو هەموو گێژاوەی قەیرانەکانی ئەمنی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

*** دەگوترێ دوای رۆیشتنی مالیکی قەیرانی دراییی لە عێراقدا زیاتر پەرەی سەندو عەبادیش دەڵێ بە چەندین ملیار دۆلار دەتوانرێت ژێرخانی ئابووری و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان بنیادبنرێتەوە، بەر لە ماوەیەك لە یەکەم باراندا بەغدا ژێر ئاو کەوت کە ئەمە کەمتەرخەمیی ئەمینداریێتیی پایتەخت و دەزگا خزمەتگوزارییەکانە، خوێندنەوەت بۆ ئەمە چییە؟**

- من ژمارەی تەواوم لەبەر دەستدا نییە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا لە ئیدارەی وڵاتەوە دوورم، بەڵام قسەکردن لەسەر ٩٠ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦ کە چاوەڕوان دەکرێت بودجەی وڵات بێت، جگە لە کورتهێنان و شتی دیکە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١١ کە ئەو کاتە رەوشی عێراق باشتربوو، بەڵام بودجەکەی ٨٣ ملیار دۆلار بوو، خۆ ئەو کاتە ئەو هەموو قەیرانە بەو شێوەیە سەری هەڵنەدابوو، بەڵام بۆچی نەتوانرا ئەو خزمەتگوزاریانە ئەنجام بدرێن؟ دیارە مالیکی سامانی ئەو چەند ساڵەی هەمووی بە شتی دیکە خەرج کردووە، بۆ نموونە (شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکان) کە مووچەیان پێ دەدرا، ئەمە چ سوودێکی هەبوو کە بەهەزاران سەرۆك عەشیرەت مەزەندە دەکرێت، سەیری ئەمە بکە دەبینیت کە لە نێوان ٨٥ بۆ ١٠٠ هەزار چەکداری حەشدی شەعبی هەن کە مووچە وەردەگرن، عەبادی باسی لە ٥٠ هەزار مووچەخۆری بندیوار

کرد، کەچی لەو لاشەوە پتر لە ٥٠ هەزاری دیکەی لە حەشدی شەعبی بە مووچە دامەزراند، کەواتە عەبادی چارەسەری ئەمەی نەکرد بەڵکو ئاڵۆزتری کرد، بۆیە تەنیا بڕینی مووچەی بندیوار چارەسەری ڕەوشەکە ناکات، ئەو چەکدارانە چەکیان پێویستە، هەروەها خۆراك و ئاوو خەرجیی دیکە، ئەوە بێنە بەرچاوی خۆت بودجەی میسر لە ساڵی ٢٠١٥ تەنیا ٣٧ ملیار دۆلار بووە، کە دانیشتوانی چوار ئەوەندەی عێراقە، بەڵام ٣٧ ملیار دۆلار بەشی دەکات، بۆ نموونە عێراق باڵیۆزخانەی خۆی لە سینیگال دەکاتەوە کە هیچ سوودێکی نییە و ئەو هەموو خەرجییەی بۆ تەرخان دەکرێت، من ماوەیەك لەمەو پێش لە هەولێر سەردانی قونسڵخانەی ڕۆمانیام کرد تەنیا قونسڵ و جێگرەکەی لێ بوو، کە هەر ئەو جێگرە چای پێشکەش بە میوانان دەکات، بەڵام ئەوەی عێراق لە سینیگاڵ بزانە چەند کەسی لێیە، دیارە تەنیا کوڕی بەرپرس و ناسیاوو خزمەکانیان لەو باڵیۆزخانانە دادەنرێن، ئەو باڵیۆزخانانە بە دەیان فەرمانبەرو ئۆتۆمبێل و خەرجی دیکەیان بۆ دابینکراوە، بۆیە ناتوانین دەرك بەوە بکەین کە چەند پارە پێویستە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆ و ژێرابەکان لە بەغدا و بەسرە و شارەکانی دیکە، لەبەر ئەو هەموو گەندەڵییەی کە بەتەواوی گشت جومگەکانی گرتۆتەوە.

*** دۆسێیەکانی گەندەڵی لەسەردەمی مالیکییەوە زۆر شوێنی گرتەوە، هەندێکیان ئاشکراکران و هەندێکی دیکەش داخراون، بۆ نموونە تۆمەتبارکردنی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار بە گەندەڵی و هەڵاتنی بۆ تورکیا، دواتر هەندێك ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڵدانەوەی ئەم دۆسێیانەی گەندەڵی لەبەر تایفەگەریی نێوان سوننەو شیعەیە، ئایا ئەم پرسە لە ئێستادا بەکوێ گەیشتووە؟**

- لە ڕاستیدا هەڵدانەوەی دۆسێی گەندەڵی لەبەر ئەوە ئەنجام نادرێ، چونکە دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان لە عێراق زۆر لاوازە و کەمتەرخەمە لە بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانی خۆی، من کە سەرۆکی دەستپاکیی عێراق بووم، کاتێ یەکێکمان دەدایە دادگا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ و یەکسەر بە بڕیارێك ڕزگاری دەبوو، چونکە دادگا بە سیاسییکراوە کەس ناتوانێ قسە لەگەڵ بەرپرسی گەورەدا بکات بەڵام، فەرمانبەری بچووك هەموو بڕیارو یاسایەکی لەسەر جێبەجێ دەکەن.

*** ئایا ڕێژەی ئەو بەرپرسە گەورانەی لە گەندەڵییەوە گلاون زۆرە؟**

- لە ڕاستیدا بابەتەکە بە شێوەیەکە کە ڕەنگە هەندێك بە تەواوی تێی نەگات، من دەپرسم بۆچی لەسەر وەزارەتی کارەبا هەمیشە مشتومڕ هەیە کە کێ ببێتە وەزیرو چ لایەنێك وەری بگرێت؟ وەڵامەکەی ئاسانە، چونکە بودجەکەی زۆرە، ئەوەی دەبێتە وەزیری کارەبا بۆ ئەوە کارناکات کە ڕەوشی کارەبا چاك بکات، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی و حزبەکەیەتی، ئەگەر نا دادگا دەسەڵاتی هەیە، بەڵام من پێموایە ئەم دادگایە لە ئێستادا ناتوانێت بەرەوڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان ببێتەوە، مەگەر بە دووشت نەبێت، یەکەمیان چاکسازی کردن لە دەسەڵاتی دادوەری و دووەمیشیان سەپاندنی ڕیشەکێشکردنی تەواو لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات، دەبێ حکومەت بزانێت چی دەکات و چۆن پارە خەرج دەکات، بۆنموونە لە ئەمریکا ئەگەر بچیتە هەر ویلایەتێك یەك دۆلار خەرج بکرێت، لەسەر ماڵپەڕی ئەلکترۆنی دەزانرێ چۆن و بە چی خەرجکرا، لای ئێمە کاتێك بەرپرسێك دەچێتە ژنێف لە ژوورێك دەخەوێت شەوی بە ٥ هەزار دۆلارە لەبەر ئەوەی دەیەوێت ژوورەکە لەسەر دەریا بێت، بۆیە ئەگەر هەر گەندەڵییەك لەلایەن هەر بەرپرسێکەوە ئەنجام بدرێت، ئەگەر لەسەر پێگەو ماڵپەڕ بڵاوبکرێتەوە ئەوا جارێکی دیکە دووبارەی ناکاتەوە، لەبەر ئەوە شەفافییەت و دادگا دوو بنەمان بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی، ئێمە هەردووکیمان نییە.

*** دیارە لە وەڵامەکانتدا زۆر جەخت دەکەیتەوە لەسەر مەسەلەی چاکسازیی لە دەسەڵاتی دادوەریدا، هۆکارەکەی چییە؟**

- بۆیە من جەخت لە دوو خاڵ دەکەمەوە، (شەفافییەت و دادوەری). بۆ نموونە بینیمان چۆن خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی بەغداو پارێزگاکان ترسیان خستە نێو دڵی بەرپرس و حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە، سەرەتا کە باس لە هەڵدانەوەی دۆسێی پێشوو و ئێستای گەندەڵی کرا، هەموویان ترسیان لێ نیشت، بەڵام دوایی کە زانیان تەنیا قسەیە و هیچ ڕێکارێکی ئیداری و دادوەری بەدوادا نایەت، ئەوانیش ترسەکانیان ڕەوییەوە، بۆیە شەفافییەت و خستنەڕووی ڕاستییەکان بەرچاوی میللەت ڕۆشن دەکاتەوەو ئەو کاتە بەرپرسی ئێمەش ناچن شەوی بە پێنج هەزار دۆلار لە هۆتێل بخەون، بەڵام ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن گرنگە، چونکە ئەو گەندەڵکارانە ئەوەندەی لە میدیا دەترسن، ئەوەندە لە دادگا و تەنانەت لە مردن و عیزرائیلیش ناترسن! چونکە میدیا دەتوانێت ئاشکرایان بکات و لە بەردەم جەماوەردا ڕیسوایان بکات.

**هەڵدانەوەی دۆسێی گەندەڵی لەبەر ئەوە ئەنجام نادرێ، چونکە دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان لە عێراق زۆر لاوازە و کەمتەرخەمە لە بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانی خۆی**

**خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی بەغداو پارێزگاکان ترسیان خستە نێو دڵی بەرپرس و حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە، سەرەتا کە باس لە هەڵدانەوەی دۆسێی پێشوو و ئێستای گەندەڵی کرا، هەموویان ترسیان لێ نیشت، بەڵام دوایی کە زانیان هیچ ڕێکارێکی ئیداری و دادوەری بەدوادا نایەت، ئەوانیش ترسەکانیان ڕەوییەوە**

**ئەو گەندەڵکارانە ئەوەندەی لە میدیا دەترسن، ئەوەندە لە دادگا و تەنانەت لە مردن و عیزرائیلیش ناترسن! چونکە میدیا دەتوانێت ئاشکرایان بکات و لە بەردەم جەماوەردا ڕیسوایان بکات**

**دانیاڵ شایرۆت**

ئوستادی دیراساتی رووسیا و ئۆراسیا بۆ گوڵان:

# رووسیا لە ئەورووپا هاوکاریی پارتە پۆپۆلیستەکان دەکات بۆ ئەوەی یەکێتیی ئەورووپا لەبەریەک هەڵوەشێنێت

**پرۆفیسۆر دانیال شایرۆت ئوستادی دیراساتی رووسیا و ئۆراسیا-یە لە زانکۆی واشنتۆن لە ئەمریکا و تایبەتمەندە لە کاریگەریی سیاسەتی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا. دیارە رووسیا کە ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی تێکەڵی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، کاریگەری تەواویشی لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، بەتایبەتی کە ئێستا بەشی زۆری پسپۆڕان پێیانوایە رووسیا بۆ مانەوەی رژێمی ئەسەد دەستێوەردانی کردووە، نەك لێدانی تیرۆریستانی داعش. بۆ قسەکردن لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ئەو پرسە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر دانیال شایرۆت ئەنجام دا و ئەمەش دەقەکەیەتی.**



*** هەموو جیهان چاوەڕێی ئەوە بوون ئەمریکا بتوانێت سنوورێك بۆ رووسیا لە ئۆکرانیا دابنێت و نەبێتە هەڕەشە بۆ ئاسایشی ئەورووپا، بەڵام بەم دواییە رووسیا هاتە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە بیانووی لێدانی داعش، ئێستا کار بۆ مانەوەی رژێمەکەی ئەسەد دەکات. ئایا چۆن سەیری ئەم دەستێوەردانەی رووسیا دەکەن؟**

- ئەمریکا و ناتۆش هەردووکیان بەگشتی ئاگاداری ئەو راستییەن کە جارێکی دیکە رووسیا هەڕەشەیە، بەڵام زیاتر لە بەشەکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا، بەتایبەتی وڵاتانی بالتیك، هەروەها لەبەر ئەوەی هەوڵدەدات یارمەتی دارایی بدات بە پارتە چەپ و راستە پۆپۆلیستەکان لە یەکێتیی ئەورووپادا بۆ ئەوەی لەبەریەکی هەڵوەشێنێت. تێوەگلانی

ڕووسیا لە شەڕی سووریادا بەشێکە لە هەوڵەکانی بۆ گەڕانەوەی بۆ پێگەکەی وەك زلهێزێك. بەداخەوە ئەمریکا ئەمە وەك مەترسییەك ڕاڤەدەکات، بەڵام وا نییە. ڕووسیا هێزێکە گلۆر دەبێتەوە و ئابوورییەکی لاوازی هەیە و دانیشتووانی کەم دەبێتەوە و سوپایەکی گەورەی هەیە کە تێچوونی زۆرە. با وازی لێ بێنین خەڵکان و پارەی زیاتری لە شەڕێکی تری بێ هیوادا تیابچێت کە دووبارە دەسکەوتی درێژخایەنی تێدا دەست ناکەوێت.

*** بەڵام ئەم دەستێوەردانەی ڕووسیا خەریکە جۆرێك لە پۆلێنکردن و جەمسەربەندیی مەزهەبی دروست دەکاتەوە. ئایا ئەمەش نابیتە هۆکارێك بۆ لاوازبوونی پێگەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- وادەردەکەوێت ڕووسیا لایەنگیری دەکات لە شەڕە تائیفییەکەی نێوان سوننە و شیعەکان. ئەمەش زۆر زیرەکانە نییە، لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی موسڵمانی ڕووسیا سوننەن کە لەجیهانی ئیسلامیشدا زۆرترینن. ئەوەی پێوەندی بە ئەمریکاوە بێت، ڕووسیا دوژمنێتی، جا چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێوەبگلێت، یان نا. لەمەش زیاتر کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا دژی کۆمەڵێك لایەنی زۆرە، وەك جیهادییە سوننەکان و ئیخوان موسلمین و ئێرانی شیعە و سووریای عەلەوی، هەروەها حوسییەکان. هاوپەیمانە سوننەکانیشی لە ناویاندا سعودیە و تورکیا و میسر و زۆر لە دانیشتووانەکانیان چارەی ئەمریکایان ناوێت و تەنیا بۆ بەرژەوەندی قبوولیانە، ئەمەش هیچ پێوەندی بە ڕووسیاوە نییە. جا چ ڕووسیا لە دەرەوە، یان لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، هەرچییەکی پێبکرێت دەیکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەمریکا ببێتەوە و هەوڵدەدات ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا لاواز بکات.

*** دیسان ئەگەر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە بکەین، ئاشکرایە ڕووسیا هەمیشە وەك بڕبڕەی پشتی ئێران لە ناوچەکەدا دەبیندرێت، بۆیە دەستێوەردانی ڕووسیا لە سووریا دەبێتە زیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل. ئایا کاردانەوەی ئیسرائیل چۆن دەبێت لەو هاوکێشە نوێیەدا کە ڕووسیا و ئێران ڕۆڵی سەرەکی تیادا دەگێڕن؟**

- ئیسرائیل هەر حکومەتێك لە سووریادا دەسەڵات بگرێتە دەست، یان هەر لایەنێك بەشێك لە سووریا بگرێت، وەك دوژمن دەیبینێت. حزبوڵڵا هاوپەیمانی ئێرانە و دوژمنە. بەرهەڵستکارە سوننەکان لە سووریا دژی ئێران و حزبوڵڵان، بەڵام لە هەمانکاتدا دوژمنی ئیسرائیلن. بۆیە گرنگ نییە ڕووسیا چی دەکات، بەتایبەتی لە بەر ئەوەی ڕووسیا بەرژەوەندییەکی ڕوونی نییە لە زیانگەیاندن بە ئیسرائیل کە لە ڕاستیدا پێوەدنییەکی باشیان هەیە. ڕاستیەکە ئەوەیە ئێران زۆر بێمەترسیترە لەوەی کە حکومەتی ئیسرائیلی بەشێوەیەکی هیستریی بانگەشەی دەکات.

*** تا چەند کورد لە هاوکێشەی نوێی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بە بانگەشەی سەربەخۆیی پێگەیەکی بەهێزیان دەبێت؟**

- بەداخەوە، تا ئێستا بێجگە لە ئیسرائیل هیچ لایەنیك بە شێوەیەکی فەرمی بانگەشەی بۆ ئەوە نەکردووە کە پشتگیری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکات، لە ئێستادا ئەمریکا بە ئاشکرا پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ناکات، بۆیە دەبێت دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بێت، ئەوەی بۆ ئێستای کورد گرنگە ئەوەیە دەبێت کورد بە یەکگرتوویی بمێننەوە و هەوڵبدەن ئیستیفزازی تورکیا نەکەن و لەگەڵ ئەمری واقیعدا ڕازی بن، نەك سەربەخۆییەکی یاسایی. لەم باردۆخەدا دەبێت کورد ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت، کە دەوڵەتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش مامەڵە دەکەن، نەك دۆستایەتی، لە ئێستادا ئەم ئەمری واقیعەی کوردستان ئەمریکا وەك حاڵەتێکی گونجاو سەیری دەکات، وەك دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆی کوردستانی عێراق و ئەوەی لە سووریادا خەریکە سەرهەڵدەدات، بۆ ئەمەش دەبێت زۆر هەوڵبدەن کە بە ڕای گشتی ئەمریکی و ئەورووپی بگەن و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دیموکرات بن بۆ ئەوەی هاوسۆزی زیاتر بەدەست بێنن لە نێو ڕۆژئاواییەکاندا. ئەمەش ئاسان نییە، بەڵام دەتوانێت هەندێك دەستەبەری پاراستن بکات لە دژی مەترسی جێهێشتن لەلایەن ئەمریکاوە.

*** شارەزایان و توێژەران گفتوگۆ لەسەر ئەگەرە حەتمییەکانی گۆڕان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەن. تا چ ڕادەیەك دەرفەت هەیە کە سنوورەکان بگۆڕێن و نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکێشرێت؟**

- بێگومان سنوورە کۆنەکانی سووریا و عێراق بە کەڵك نایەن. بە بۆچوونی من شتێکی مەعقوولە لەگەڵ ئەو ڕاستییە بگونجێین کە هیچ یەکێك لەو دەوڵەتانە چیتر ناتوانن کارەکانیان بکەن. بەڵام گەر سەیری بارودۆخەکانی تری جیهان بکەین، وەك لە سۆماڵ کە بۆماوەی زیاتر لە بیست ساڵە دەوڵەت نییە و ئەم واقیعەش قبوولیی نێودەوڵەتی نییە، یان سودان کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا کاتێك قبوولی بەشبوونەکەی کرد کە بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ شەڕی کوشندە ڕووی دا و ملیۆنان کوژران، یان کۆنگۆ کە هەرگیز نەبووتە دەوڵەتێکی ڕێکوپێك و باش، ئەوا دەتوانین پێشبینی بکەین کە ئیعترافکردن بە بێسوودی گەڕانەوەی سووریا و عێراق بە یەکەوە دووبارە ڕای زلهێزەکان ناگۆڕێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر لە وانەی باسمان کردن. ئەمریکا، ڕووسیا، چین و زۆر لە هێزەکانی ئەورووپاش مەسەلەی کێشانەوەی سنوورەکانیان لاپەسەند نییە، هەروەها تورکیاش، بۆیە ئەگەری ڕوودانی ناکرێت بەم زووانە، تەنانەت هەرچەندە لەسەر ئەرزی واقیع هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراق خاپوور بوون.

**ڕووسیا هێزێکە گلۆر دەبێتەوە و ئابوورییەکی لاوازی هەیە و دانیشتووانی کەم دەبێتەوە و سوپایەکی گەورەی هەیە کە تێچوونی زۆرە. با وازی لێ بێنین خەڵکان و پارەی زیاتری لە شەڕێکی تری بێهیوادا تیابچێت کە دووبارە دەسکەوتی درێژخایەنی تێدا دەست ناکەوێت**

**تا ئێستا بێجگە لە ئیسرائیل هیچ لایەنیک بە شێوەیەکی فەرمی بانگەشەی بۆ ئەوە نەکردووە کە پشتگیری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکات**



**مارک کاتز** تایبەتمەند لە سیاسەتی دەرەوەی رووسیا بۆگوڵان :

# هاتنی رووسیا بۆ کێشەی سووریا هێندەی بۆ مانەوەی ئەسەدە، هێندە بۆ لێدانی داعش نییە

**مارك نۆرمان كاتز پرۆفیسۆری حكومەت و سیاسەتە لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن، خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە زانستە سیاسییەكان، پێش ئەوەی دەست بە وتنەوەی وانە بكات لە زانكۆی جۆرج مەیسۆن، توێژەر بووە لە ئامۆژگای برۆكینگز، پێشتریش توێژەر بووە لە سەنتەری مەلیك فەیسەڵ بۆ دیراسات و توێژینەوەی ئیسلامی و سەنتەری توێژینەوەی سلافی لە زانكۆی هۆكایدۆ و چەند سەنتەرێكی دیكە. هەروەها چەندین توێژینەوەی لە بارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا و سیاسەتی دەرەوەی رووسیا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەكان و شەڕی تیرۆر هەیە. لە ئاخافتنێكی لەگەڵ گوڵاندا چەند پرسێكمان لەگەڵ تاوتوێ كرد لە بارەی ئەگەری دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەكانی ناوچەكە دوای پەرەسەندنەكانی ئەم دواییە و چارەنووسی پرسی بە خاوەن دەوڵەت بوونی كورد لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی رووداوەكانەوە، ئەمەش دەقی وەڵامەكانیەتی.**

*** بەم دواییە رووسیا دەستێوەردانی سەربازی لە سووریادا ئەنجامدا، ئایا تا چ رادەیەك ئەم دەستێوەردانە گۆڕانكاری لە هاوكێشەكاندا دروست دەكات و رەوشەكە بە چ ئاڕاستەیەكدا دەبات؟**

- سەرەتا وادەرناكەوێت كە هێرشە ئاسمانییەكانی رووسیا ئاڕاستەی داعش بكرێن، بەڵكو بە زۆری ئاڕاستەی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن دەكرێن. هەرچەندە رووسیا دەڵێت كە داعشی كردووەتە ئامانج، بەڵام لە راستیدا ئامانجی رووسیا زیاتر ئەو لایەنانەن كە هەڕەشەی سەرەكین لەسەر رژێمەكەی ئەسەد، بۆیە پێموایە ئەمە كێشەیەكی جددییە بۆ ئەوانەی كە لە لایەن توركیا و سعودیە و قەتەرەوە یارمەتی دەدرێن و لە دژی ئەوانەیە كە مەترسیی سەرەكین بۆ سەر رژێمەكەی ئەسەد. چەندین راپۆڕت هەن دەریدەخەن كە لەنێوان ئەسەد و داعش تا رادەیەك هاوكاری هەیە. بۆیە پێموایە پاڵنەری سەرەكیی رووسیا بۆ دەستێوەردانەكەی بریتییە لە پاڵپشتیكردنی رژێمی ئەسەد، هەرچەندە كە رایدەگەیەنێت هاتووە بۆ شەڕ لە دژی داعش، بەڵام بە سانایی هاتووە بۆ پاڵپشتی ئەسەد.

*** ئایا دەستێوەردانەكەی رووسیا لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا چەند كاریگەری دەبێت لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی هاوپەیمانێتییەكان لە ناوچەكەدا؟ ئایا ئەوە پرسی ریزبەندیی هاوپەیمانێتیەكان بە چ ئاقارێكدا دەبات؟**

- بە دڵنیاییەوە رووسیا هەمان هاوپەیمانەكانی پێشووی خۆی هەیە وەك ئێران و ئەسەد و حزبوڵڵا، بەڵام ئەوەی كە جیاوازە ئەو رادەیەیە كە حكومەتی بەغدا هاوكاری رووسیا دەكات.

*** دەبینین ئەو ململانێیەی لە ناوچەكەدا هەیە بەرەو هەڵكشانی زیاتر دەچێت و بەرگێكی تائیفەگەری بە بەردا كراوە و ئاشكرایە كە ناكۆكییەكە لە نێوان هەردوو مەزهەبی**

**شیعە و سوننەدا چڕتر بۆتەوە. ئایا ئەم ناکۆکییە نەپەڕیوەتەوە بۆ ململانێی نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا؟**

- پێموایە ئەمە زۆر گرنگە و ڕوونە کە ڕووسیا بە شێوەیەکی سەرەکی هاوپەیمانی شیعەکانە و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بە ڕاددەیەکی سەرەکی هاوپەیمانی سوننەکانە، بەڵام پێموا نییە گرنگترین فاکتەر ڕووسیا و ئەمەریکا بن، بەڵکو گرنگترین فاکتەر ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننەیە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەمەریکا لایەنی سوننە و ڕووسیا لایەنی شیعەی گرتووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕووسیا و ئەمەریکا دەتوانن ئەم دوو گروپە ئاراستە بکەن، لەوانەیە پاڵپشتییان بکەن، یان نەیکەن، بەڵام ئەگەر ئەم دوو گرووپە بڕیاریان دا شەڕ لە گەڵ یەکتردا بکەن، ئەوا پێموانیە ئەم دوو وڵاتە- ڕووسیا و ئەمەریکا- بتوانن ڕێگرییان لێبکەن.

*** سەبارەت بە گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران، ڕووسیا وەك بڕبڕەی پشتی نفووزی ئێران دادەنرێت لە ناوچەکەدا و دەستێوەردانی ڕووسیاش لە سووریا زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل دەگەیەنێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئیسرائیل هەمیشە کاردانەوەی هەبووبێت لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران، ئەوا ئایا لە ئێستادا کاردانەوەی نابێت بۆ ئەو هاوکێشە نوێیە، بەوەی کە ئێران و ڕووسیا ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕن لە کێشەکانی ناوچەکەدا بەتایبەتی لە سووریادا؟**

- پێوەندیی نێوان ڕووسیا و ئیسرائیل زۆر ئاڵۆزە و ئاشکرایە ئیسرائیل حەزی بە ئێران نییە، هەروەها سەبارەت بە سووریا، ئیسرائیل ئەوەی لەبەرچاوە کە ڕژێمی ئەسەد لە ساڵی ١٩٧٣ەوە سنووری نێوان ئیسرائیل و سووریای بە ئارامی هێشتۆتەوە. بەڵام ڕوونە کە ئیسرائیل لە پاڵپشتی ئەسەد بۆ حزبوڵڵا نیگەرانە، بۆیە پێموایە ئیسرائیل دەترسێت کە ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت و سوننە توندڕەوەکان جێی بگرنەوە. پێموایە ئیسرائیل بە تەواوی دوودڵە سەبارەت بەوەی ڕوودەدات و نایەوێت هیچ لایەنێك سەربکەوێت. واتە ئەگەرچی ئەم شەڕە یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوان، بەڵام لە سەرکەوتنی هەر لایەنێکیشیان دەترسن.

*** لە شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی کوردەکان بوونەتە لایەنێکی گرنگ لە شەڕی دژی تیرۆریزم بەتایبەتی لە سەر زەمین کە تەنیا هێزن دەتوانن شەڕ لەگەڵ داعش بکەن، هەروەها وەك هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ناتۆ دادەنرێن. بەڵام کوردەکان دەیانەوێت خەونی چەند ساڵەیان کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە بەدی بهێنن لەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەر نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا هاتووە.تا چەند کوردەکان لە پێگەیەکی بەهێزدان سەبارەت بە سەربەخۆییان لەم هاوکێشە نوێیەی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- پێموایە بە تێپەڕبوونی کات، کوردەکان زیاتر و زیاتر بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەنگاو دەنێن کە لە ئێستادا کەس نایەوێت بە ڕەسمی ئیعتیرافی پێبکات، بەڵام پێموایە حکومەتی زیاتر و زیاتر مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەتایبەتی خەڵك لە ڕۆژئاوا ناتوانن پشت بە سوننەکان ببەستن و زیاتر پێیان باشە لەگەڵ کوردەکاندا کار بکەن، هەرچەندە بە ڕەسمی ئیعتیراف بە سەربەخۆیی کوردستان نەکراوە، بەڵام وەك دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. تەنیا تورکیا ئیستسنایە، هەرچەندە مامەیەڵەیەکی زۆرباش لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام نایەوێت ئاکامی ناسیۆنالیزمی کوردی لە شوێنانی دیکە ببینێت، پێموایە کە مەسەلە دێتە سەر ئەوەی کێ هەیە بەرەنگاری داعش ببێتەوە، لەو بوارەشدا زۆربەی خەڵك کورد بە باشتر دەزانن.

*** تەنیا لایەنێك کە بێلایەنی خۆی پاراستووە لە ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعەکان، کوردەکانن لەبەر ئەوەی کورد کەلتوور و دیموکراسی ڕۆژئاوای لاپەسەندە، تا چ ڕادەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا بایەخ بەم تایبەتمەندییەی کورد دەدەن وەك هاوپەیمان و هاوڕێی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- واقیعەکە ئەوەیە کە بە زۆری ئێوە تەنیا دۆستن. ئێمە لەگەڵ لایەنێك کاردەکەین کە کارمان لەگەڵ بکات، بەڵام بەداخەوە عێراقی و ئێرانی و شیعەکانی عێراق لە ڕووی شەڕکردن لە دژی داعش باش نین، هەروەها ئەوەی جێی داخە پێدەچێت سوننەکانیش پتر بەلای داعشدا بچن. بۆیە بارودۆخەکە زۆر قورسە و پێموایە کوردەکان تەنیا هاوڕێن مابێتنەوە، بە دڵنیاییەوە ڕۆژئاوا نیگەرانییەکی زۆری هەیە و نایەوێت پێوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا تێك بدات، ئاشکراشە کە ئەدرۆغان کەسێکە کارکردن لەگەڵیدا قورسە، بەڵام لەوە باوەڕدا نیم کە ئەردۆغان-یش بژاردەی زۆری لەبەردەستدا بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر کار لەگەڵ کورددا نەکات، ئەوا لە کۆتاییدا لە بەرامبەر داعشدا دەمێنێتەوە، کە لەو باوەڕەدا نیم کە ئەم دەرئەنجامەی بوێت. بۆیە پێموایە کاتی دەوێت بۆ خەڵك تا تێبگات بەرژەوەندیی ڕاستیی خۆیان چییە و پێشموایە هێشتا لەمە تێنەگەیشتوون.

*** شارەزایان و توێژەران پێیانوایە کە گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش کە سەروەریی سنوورەکانی لە نێوان سووریا و عێراقدا نەهێشتووە. تا چ ڕادەیەك دەرفەت هەیە کە سنوورەکان بگۆڕێن و نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکێشرێت لەپاش سەد ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ بۆ ئەوەی کێشەکانی فەلەستین و ئیسرائیل و هەروەها پرسی کورد چارەسەر بکرێن؟**

- پێموایە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە کێشراوەتەوە، ئەگەر خەڵکانێکیش هەبن ئیعتیراف بە سنووری کۆن بکەن و نایانەوێت سنوورە نوێیەکان قبووڵ بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا جارێکی دیکە ئەو سنوورانە کێشراوەنەتەوە.

**هەرچەندە بە فەرمی ئیعتیراف بە سەربەخۆیی کوردستان نەکراوە، بەڵام وەک دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**

**بە تێپەڕبوونی کات، کوردەکان زیاتر و زیاتر بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەنگاو دەنێن کە لە ئێستادا کەس نایەوێت بە ڕەسمی ئیعتیرافی پێبکات**

## کیمبرلی مارتین لە ئامۆژگای هاریمان بۆ گوڵان:

# ڕەنگە ئێستا گونجاوترین ساتەوەخت بێت بۆ گۆڕینی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**کیمبرلی مارتێن، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە لە کۆلێژی بێرنارد لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، بەڕێوەبەری پرۆگرامی پێوەندییەکانی رووسیا و ئەمەریکایە لە ئامۆژگای هاریمان بۆ دیراساتی رووسی، ئیرۆئاسیا و ئەوروپای رۆژهەڵات، هەروەها ئەندامی ئامۆژگای سۆڵتزمانە بۆ دیراساتی جەنگ و ئاشتی. پتر بایەخ بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی رووسیا دەدات لە کارەکانیدا. لە دیدارێکدا بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە ئامانج و ئاکامەکانی دەستێوەردانی رووسیا لە شەڕی ناوخۆیی سووریا و ئەو هاوکێشە و ریزبەندییە نوێیانەی لە ناوچەکەدا هاتوونەتەئاراوە، بەمجۆرە بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** دوای چەند ساڵێك لە ئاڵۆزییەکانی سووریا، رووسیا بە بیانووی لێدانی داعشەوە هاتە ناو کێشەکە. ئایا ئەم دەستێوەردانەی رووسیا بۆ لێدانی داعشە، یان بۆ رزگارکردنی بەشار ئەسەدە لە رووخاندن و تا چەند رووسیا ئەم هاوکێشەی ئاڵۆز کردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەستێوەردانی رووسیا بە رادەیەکی گەورە بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە، وەك دەزانین رووسیا بەڕاستی لەم دەستتێوەردانەیدا زۆرجار دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریست ناکاتە ئامانجی هێرشەکانی، لە جیاتی ئەوە گورز لە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە دەدات کە هەوڵدەدەن رژێمی ئەسەد بڕووخێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بارودۆخەکە دەڕوانێت، ئەوا وەك هاوکارێکی هاوبەش رووسیا نابینێت، بۆیە رووسیا رەوشەکەی ئاڵۆز کردووە، بەڵام ناتوانم بڵێم کە بارودۆخەکە بە ئاڕاستەیەکدا گۆڕاوە کە دەرفەتی باشتر بۆ چارەسەری نێودەوڵەتی بڕەخسێنێت.

*** پێتوایە دەستێوەردانی رووسیا خەتای ویلایەتە کگرتووەکان و رۆژئاوایە لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی پێویست بۆ چارەسەری بارودۆخی نالەباری سووریا کاریان نەکردووە، کە بووە هۆی ئەوەی داعش سەرهەڵبدات و ملیۆنەها پەنابەر روو بکەنە ئەوروپا و ناسەقامگیری بێتەئاراوە؟**

- پێموا نییە کەس بیتوانیایە شتێك بکات بۆ ئەوەی ئەوانە روو نەدەن، باوەڕم وایە هەڵەیە وا بیربکەینەوە کە کاری سەربازی دەتوانێت ئەو کێشانە چارەسەربکات.

*** تا چ رادەیەك ئەم دەستێوەردانە جەمسەربەندی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا لە ناوچەکەدا دروست دەکات؟**

- پێموانییە لە ئێستادا ئێران دوژمنی ویلایەتە کگرتووەکان بێت، لەبەرئەوەی هەر لەم دواییانەدا رێککەوتنی ئەتۆمی کراوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرەکیترین لایەن بووە تیایدا و هاوکاری زۆری لەگەڵ ئێراندا کردووە، لەبەر ئەوە باوەڕم وانیە بکرێت شتەکان بەسەر رەش و سپیدا دابەش بکرێن، کەواتە بارودۆخەکە بەو شێوەیە نییە لایەنەکان بەسەر دۆست و دوژمندا دابەش بکەین، بەڵکو بارودۆخەکە ئاڵۆزە و دەوڵەتانێکی زۆر تێوەگلاون کە هەر یەکەیان بەرژەوەندی جیاواز و ئاڵۆزیان هەیە. هیوادارم رووسیا لەو راستیە تێبگات کە تەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیسلامییە



توندڕەوەکان و بەرهەڵستکارانی لە باکووری قەوقاس ئەوەیە کار لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکات کە حکومەتەکانیان سوننەن، لەبەر ئەوەی بەرهەڵستکارە ئیسلامییەکانی رووسیا سوننەن و شیعە نین، ئەمەش واتە بۆ ئەوەی زانیاری بەدەست بێنێت کە پێویستێتی بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەرانە کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات. رووسیا بە هەڵەدا دەچێت ئەگەر لەپاڵ جیهانی شیعە بەرانبەر جیهانی سوننە بوەستێتەوە، بەڕاستی پێویستی بەوەیە کە لەگەڵ دەوڵەتانی سوننەشدا هاوکاری بکات، لەوانەش سعودیە و تورکیا و ئەردەن و ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیی بەهێزیان لە ناوچەکەدا هەیە و زانیارییان هەیە کە دەکرێت بەسوود بن بۆ رووسیا.

*** ئیسڕائیل لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا ژمارەیەکی قورسە. ئایا دوای هاتنەناوەوەی رووسیا، کاردانەوەی ئیسڕائیل چۆن دەبێت؟**

- وا دەردەکەوێت کە هەردوو سەرۆك پۆتین و ناتانیاهۆ زۆر بە باشی پێکەوە هەڵبکەن و ئەمەشمان لەو رووداوانەی ئەم دواییەدا بەدی کرد کە لە سووریا روویان دا. بۆ نموونە کاتێك ئیسڕائیل لە ٢٠١٣دا هێرشی ئاسمانی ئەنجامدا و سیستەمی هاوردەی چەکی رووسی لە سووریا تێکشکاند، کە پێدەچوو بەرەو سنوور بەڕێ دەکران بۆ ئەوەی بگات بە حزبوڵڵا، هەروەها بەم دواییانەش بینیمان کە رووسیا و ئیسڕائیل تا رادەیەك بە ئاسانی گەیشتن بە رێککەوتنێکی سەربازی بۆ ئەوەی دڵنیا بن ناچنە سەر رێی یەکتر لە سەر ئاسمانی سووریا، بۆیە پێموانییە لە بارودۆخێکدا بین کە رووسیا و ئیسڕائیل ببنە دوژمنی یەك بەم زووانە.

*** وەك دەبینی وڵاتانی سعودیە و تورکیا و قەتەر و پاکستان هاوکاری سوننەکان دەکەن و ئێران و عێراق و حزبوڵڵا و حوسییەکانی یەمەن یارمەتی شیعەکان دەدەن لە ناوچەکەدا. تاچەند رووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم دابەشبوونە دەردەچن، یان پێتوایە دەبنە بەشێك لەم ناکۆکییە؟**

- هیوادارم ویلایەتە یەکگرتووەکان راستەوخۆ لە ناکۆکییەکانەوە نەگلێت، لەبەر ئەوەی پێموایە لە دەرەوەی توانایدایە کە کاریگەری زیاتر بێت. نموونەی ئەوەمان بینیوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە شەڕێکی درێژ تێوەگلاوە، بێئەوەی بتوانێت ئامانجەکانی بەدی بێنێت.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا دەستێوەردانی سەربازی کرد و لە لیبیا تەنیا بە هێرشی ئاسمانی و لە سووریادا هیچیان نەکرد، ئەمەش دەرئەنجام ئەوەی لێکەوتەوە کە بارودۆخی هەر سێ وڵاتەکە وەك یەکن. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك دەرفەت هەیە سنوورەکان بگۆڕدرێن و سنووری نوێ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی جوانە. بەڵام نازانم چ دەرفەتێك هەیە، خەڵك تێدەگات کە سنوورەکان دەستکردن و لەئەنجامی ناکۆکیی نێوان هێزە کۆلۆنیاڵەکان سەدەیەك لەمەو پێش کێشراون و هیچ پێوەندی بەوەوە نییە چۆن خەڵکی ناوچەکە داهاتووی سیاسیی خۆیان دەبینی لە ئەمڕۆدا، بۆیە پێموایە ئەگەر کاتێك هەبێت بۆ ئەوەی بیر لە گۆڕینی سنوورەکان بکەینەوە، ئەوا رەنگە ئێستا ئەو کاتە گونجاوە بێت.

**هیوادارم رووسیا لەو راستیە تێبگات کە تەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیسلامییە توندڕەوەکان و بەرهەڵستکارانی لە باکووری قەوقاس ئەوەیە کار لەگەڵ ئەو وڵاتانە بکات کە حکومەتەکانیان سوننەن**



جاكۆب شاپیرۆ

ئوستادی پەرەپێدانی سیاسەت لە زۆنی تەنگژەكان بۆ گوڵان:

# كورد لە هاوكێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەی بەهێزە، بەڵام دەبێت واقیعییانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەكە بكات

**پرۆفیسۆر جاکۆب شاپیرۆ ئوستادی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی پریستۆن و بەڕێوەبەری دیراساتی ئەزموونکاریی پرۆژەکانی تەنگژەیە و تایبەتمەندە لە پەرەپێدانی سیاسی و ئابووری لەو ناوچانەی تەنگژەی تێدایە. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی وڵاتانی ناوچەکە دەبنەوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** بە ڕای ئێوە دەستێوەردانی ڕووسیا لە سووریا چ مانایەك دەگەیەنێت؟ ئایا ئەمە بۆ هاوکاریی هاوپەیمانانە دژی داعش، یان مەبەستێکی دیکەی لە پشتەوەیە؟**

- دەستێوەردانی ڕووسیا لە کێشەی سووریا دەستێوەردانێکی دوژمنکارانەیە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر گۆڕانکارییەکی ڕژێمەکەی ئەسەد دەبێت بە ناوبژیوانیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ناتۆ لەلایەك و ڕووسیا لەلایەکی ترەوە بێت، ئەمەش واتە دوورخستنەوەی ڕووخانی دەوڵەتی سووریا لە سەر مێزی دانیشتنەکان لە ئێستادا.

*** ئایا ئەمە بەمانای ئەوە دێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بە شێوەی ئەمری واقیع هاوپەیمانی سوننەیە، ڕووسیا دەبێتە هاوپەیمانی شیعەکان؟**

- گومانم هەیە ئەوە ڕاست بێت. وەك ئەوە وایە کە چەند دوژمنێکی هاوبەش هەبێت، بەڵام دڵنیا نیم کە کێ پۆلێن کراوەتەوە. هەر بۆیە پێشبینی ناکەم ئاوای لێ بێت. ئەو هاوپەیمانییانەی هەیە لە دەوری هێڵە تائیفییەکان دروست نەکراون، بەڵام بەو شێوەیە کەوتۆتەوە. پێموایە شوێنی زیاتر بۆ هاوبەشایەتی هەیە، نەك ناکۆکی.

*** وەك دەزانن، هەر گۆڕانکارییەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتەئاراوە، ئیسرائیل ڕۆڵێکی تێدا دەبێت، ئێستا کە ڕووسیا هاتۆتە ناو کێشەکە و بە کردەیی پشتگیری ئەو لایەنانە دەکات کە ئیسرائیل وەك مەترسی سەیریان دەکات، ئایا لەم حاڵەتەدا چۆن سەیری کاردانەوەی ئیسرائیل دەکەیت؟**

- بیرۆکەیەکی باشم بۆ ئەمە نییە. وا دەردەکەوێت بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی درێژ بە باشترین شێوە بە پاراستنی ناوچە سنوورییەکانی باکوورییەوە بەسترابێتەوە، دڵنیا نیم چۆن دەستێوەردانی ڕووسیا کاریگەری دەکاتە سەر ئاسۆکانی ئاسایش لەو ناوچەیەدا.

*** کاراکتەری تازەی نێو هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کوردە، ئایا لەم هاوکێشە تازەیەدا چۆن لە پێگەی کورد دەڕوانیت؟**

- وای دەبینم کورد و لایەنە کوردییەکان پێگەیان لە هاوکێشەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێز بێت، بەڵام کاتێك ئەگەری زیاتر بۆ ڕۆڵی کورد دەبێت، کە کورد لە چوارچێوەی مەرجە واقیعییەکاندا ڕۆڵی خۆی ڕاڤە بکات، هەروەك ئەو واقیعەی ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بوونی هەیە، واتە کورد بەپێی هەلومەرجی واقیعەکە خۆی بخوێنێتەوە و هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت. من پێموایە بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی گەلی کورد بە باشترین شێوە بەستراوەتەوە بە دروستکردنی هەرێمی سەرکەوتوو لە ناو سیستەمی فیدراڵی لە عێراق و سووریادا، جا هەر ڕژێمێك دواجار لە سووریادا سەرهەڵبدات.

**کاتێک ئەگەری زیاتر بۆ ڕۆڵی کورد دەبێت، کە کورد لە چوارچێوەی مەرجە واقیعییەکاندا ڕۆڵی خۆی ڕاڤە بکات، هەروەک ئەو واقیعەی ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق بوونی هەیە، واتە کورد بەپێی هەلومەرجی واقیعەکە خۆی بخوێنێتەوە و هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت**

*** ئەوەی ئێستا بۆتە جێگەی مەترسی ئەو دابەشبوونە مەزهەبییەیە کە لە ناوچەکە ڕوودەدات، بەڵام هەتا ئێستا کورد نەبۆتە بەشێك لەو دابەشبوونە مەزهەبیە، ئایا ئەمە زیاتر پێگەی کورد پتەوتر ناکات؟**

- پێموایە هاوپەیمانییەکە بەردەوام قووڵتر دەبێتەوە، بەڵام ئەمە نابێت ئەگەر پێشبینی وا بکرێت ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەبنەچەتری ڕەفتارەی کورد بۆ ئەوەی بە شێوەیەك هەنگاو هەڵبگرن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یەك نەگرێتەوە، پێموایە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بە باشترین شێوە بەستراوەتەوە بە کارکردن لەناو ئەو بونیادە نێودەوڵەتییانەی کە هەن، نەك بە هەوڵدان بۆ گۆڕینیان. ئەم پرۆسەیەش دەتواندرێت لە داهاتویەکی دووردا چارەسەر بکرێت کاتێك مەسەلەی چۆنیەتی دانانی سنوورەکان هێور دەبێتەوە.

**پێموایە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بە باشترین شێوە بەستراوەتەوە بە کارکردن لەناو ئەو بونیادە نێودەوڵەتییانەی کە هەن، نەک بە هەوڵدان بۆ گۆڕینیان**

*** ئەی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان کە پێشبینی دەکرێت لە جوگرافیای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە ئاراوە، ڕاتان چییە؟**

- پێموایە ئاسۆکان لەوێن، بەڵام پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەر وەك چۆن نموونەکەی کوردستانی عێراق پیشانی دەدات، ئەوەی گرنگە بۆ بووژاندنەوە و گەشەی ئابووری، بەڕێوەبردنە لە ناو سنوورە ناوچەییەکان، نەك ئەو شوێنەی کە هەمووان بڕیاردەدەین سنوورە نێودەوڵەتییەکان پێویستە چۆن بن.



# چەند پێشنیارێک بۆ چاکسازی ئیداری و پێشختنی باری دارایی هەرێمی کوردستان